
KURDISTAN


یەک ساڵ
ڕۆژهەڵات
ورمێ
سنە
کرماشان
لۆرستان
ئیلام
ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center Of Iranian Kurdistan Political Parties
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران
ڕەحمان نەقشی

## ڕاگەیاندراو، بەیاننامە، پەیام، پشتیوانی، بانگەوازی، سپاس و پیزانین ی

## ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان ئێران ........ لاپەڕەی ۷


١- ساڵێک دوای دامەزراندنی "ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان ئێران"............................... سمایل شەرەفی

٢- "ناوەندی هاوکاریی"حیزبەکانی رۆژهەڵات راگەیەنرا...

٣- پەیام: بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران...

٤- بەیاننامە: لە پێشوازیی "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک"دا...

٥- ڕاگەیەندراو: هێرش بۆ سەر دەروێشە گونابادییەکان مەحکوومە...

٦- بەیاننامە: کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...

٧- بانگەوازی: بە بۆنەی نەورۆزەوە (نەورۆز هێمای ژیانەوە)...

٨- پەیام: بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی ژنان...

٩- سپاسنامە: بەڕێوە بردنی مەڕاسیمی چوارشەممەسووری و جەژنی پیرۆزی نەورۆز...

١٠- پەیام: بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی موحەممەد...

١١- پشتیوانی لە خۆپیشاندانەکانی خەڵکی پارێزگەی خوزستان دەکەین!...

١٢- بانگەوازی: ڕێگە مەدەن ڕێژیمی ئێران گیانی بەندییەکی سیاسیی دیکە بستێنێ!...

١٣- پشتیوانی لە مانگرتن و نارەزایەتیدەربڕینی شارە سنوورییەکان دەکەین...

١٤- پەیام: بە بۆنەی ١ی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران...

١٥- بانگەوازیکی بەپەلە: ئەگەری ئێعدامی رامین حوسێن پەناهی هەیە...

١٦- پەیام: بە یەکگرتووییتان شکۆی مانگرتنە پڕ شانازییەکەی بانە بپارێزن...

١٧- راگەیەندراو: بە بۆنەی ئەگەری ئیعدامی لاوێکی کورد خەڵکی بەشەرەفی کوردستان...

١٨- ڕاگەیەندراو: بەبۆنەی ٢٩مین ساڵیادی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن...

١٩- پەیامی هاوخەمیی بە بۆنەی ڕووداوی شاری سنە...

٢٠- راگەیاندراو: سەبارەت بە تۆپباران کردنی سنوورەکانی کوردستان و شەهید بوونی دوو پێشمەرگە...

٢١- راگەیێندراو: لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشە ترۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی...

٢٢- پەیامی پیرۆزبایی بۆ بلیمەت کۆچەر بیرکار، براوەی گەورەترین خەلاتی ماتماتیکی جیهان...




سەرچاوە
Serchawe

٢٣- پەیام: ناوەندی بە بۆنەی فەرمانی جیهادی خومەینی...
٢٤- ڕاگەیاندراو: بەبۆنەی گیان لەدەستدانی کۆمەڵێک ژینگەپارێزو چالاکی مەدەنی لەشاری مەریوان...
٢٥- ڕاگەیەندراو: بە بۆنەی یادی ٣٩ ساڵەی گیانبەختکردنی کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی...
٢٦- راگەیاندراو: بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
٢٧- سپاس و پێزانین بەبۆنەی پێشوازیی پڕشکۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی...
٢٨- نامەی سەرئاوەڵا ی بۆ سەرۆکی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان...
٢٩- پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی، وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ لەلایەن "نادیە موراد" کچە کوردی ئێزدی...
٣٠- راگەیندراو: سەبارەت بە ئەگەری لەسێدارەدانی "هیدایەت عەبدوڵلاپوور"...
٣١- راگەیندراو: سەبارەت بە مانگرتنی گشتی مامۆستایانی قوتابخانەکان...
٣٢- پەیام: بۆ ڕێورەسمی چلەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان...
٣٣- ئامانجەکان، ئەرکەکان و پرەنسیبە گشتییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
٣٤- ئاگاداریەک لەلایەن هەیئەتی سازمانی خەبات لە ناوەندی هاوکاری...
٣٤- ئاگادارییەک لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...

## کۆبوونەوەکان .............. لاپەڕەی .............. ٨٠

- کۆبوونەوەی ٥ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان...
- سێهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- چوارەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- پێنجەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- هەشتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- نۆهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- دەیەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران...
- کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە قەڵای دێموکرات...

## چەند چالاکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ..... لاپەڕەی .... ١٠٣

- یەکەمین سیمیناری لە ژێرناوی "تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان"...
- دووهەمین سیمینارێک بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ...
- بەرێوەچوونی خۆپێشاندانێک لە دانمارک...
- بەرێوە چوونی ئاکسیۆنێک لەولاتی ئالمان...
- بەرێوەچوونی خۆپێشاندانێک لە کۆپێنهاگی ولاتی دانمارک...
- خۆپیشاندانی کوردانی ڤانکۆڤێری کانادا...
- بەرێوە چوونی ئاکسیۆن لەبەر دەم کۆنسولگەری ئامریکا لە شاری فرانکفۆرت...
- خۆنیشاندن بۆ دژایەتی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا...
- ڕاگەیەندراوی ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەک ساڵەی دامەزرانیەوە

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستان و کورد



# ساڵێک دوای دامەزراندنی "ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان ئێران"

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**سمایل شەرەفی**

**ڕاست ساڵێک پێش ئێستا و لە ١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی و لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ٥ حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستاندا لە "قەڵای دێموکرات"، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دامەزرا.**

دامەزراندنی وەها ناوەندێک بۆ یەکمجار بە مەبەستی کۆکردنەوەی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، کارێکی پێویست و هەنگاوێکی بەجێ بوو. لە ماوەی یەکساڵی ڕابردوودا ئەم ناوەندە توانیویەتی کۆمەڵێک کاری باش بکات و، لە رووی هاوهەڵوێستی و لە دەوری یەکبوونەوەی حیزبەکان، پەیامی دڵخۆشکەری بە خەڵک لە نێوخۆی وڵات داوە. هەر لەماوەی یەکساڵی ڕابردوودا چەند هەڵوێست و رەفتاری جەماوەریی گشتی لە لایەن خەڵکی کوردستانەوە لە بۆنەی جۆراوجۆردا نواندراوە کە بێگومان کاریگەریی ڕاستەوخۆی ئەم ناوەندەی پێوە دیار بووە.

سەرەڕای دەرککردن بە پێویستیی دامەزراندنی ئەم ناوەندە و سەرەڕای ئەو کارانەی لە ماوەی ئەم یەکساڵەدا ئەم ناوەندە ئەنجامی داون، هێندێک کەموکووڕیش هەن کە پێویستە ئەندامانی ئەم ناوەندە بە گرینگییەوە سەرنجی بدەنێ کە بەشێکیان دەتوانن ئەم چەن خاڵە بن؛

١- ناوەندی هاوکاری دەبوا لەم یەکساڵەدا توانیبای لانیکەم بەشێک لە حیزب و لایەنەکانی دیکەی رۆژهەڵاتیش لە نێوخۆیدا کۆبکاتەوە کە بەداخەوە نەتەنیا ئەوە نەکراوە بەڵکوو ئەندامانی لە پێنج لایەنەوە بوون بە چوار لایەن.

٢- ناوەندی هاوکاری دەبوا زیاتر و بە شێوەی عەمەلی کاری لە سەر زەفکردنەوەی خاڵە هاوبەشەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان کردبا و لە هێندێک بواری وەک یەکخستنی دیپلۆماسیدا خاوەنی بڕیاری جیدی با.

٣- هەوڵەکانی بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، هەر وەک لە دەسپێکی دروستبوونی ئەم ناوەندەدا بە جیدی قسەی لە سەر کرابوو کە یەکێک لە ئەرکەکانی دەبێ، جدیتر با کە توانیبای ببێتە چەترێکی بەرفراوانتر بۆ کۆکردنەوەی لایەنی زیاتر و بیرکردنەوە لە داهاتووی رۆژهەڵاتی کوردستان و چۆنیەتیی ئیدارەکردنی.

-----

دیسانیش سەرەڕای ئەو تێبینی و کەموکوڕییانەی کە وەک خۆم لە دوور و نزیک لەم ناوەندە هەمە و شک دەبەم، بوونی ئەم ناوەندە بە پێویست دەزانم و پێم وایە دەبێ هەوڵ بدرێ هاوکات لە گەڵ بەرفراوانکردنی، لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکدا بێ و، وڵامدەری ئەو رووداو و پێشهاتانە بێت کە لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستاندا بەڕێوەن.

سەرچاوە: دیوار فەیس بووکی نووسەر - ڕێکەوتی: ٩ی جانێوێری ٢٠١٩

## "ناوەندی هاوکاریی" حیزبەکانی رۆژهەڵات راگەیەنرا



**رۆژی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ بەرامبەر بە ٢٠ی جێنیڤەری ٢٠١٨، پێنج حیزبی رۆژهەڵاتی کوردستان:**

**- کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان.**
**- حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران.**
**- حیزبی دیموکراتی کوردستان.**
**- سازمانی خەباتی کوردستان.**
**- کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان.**

**لە درێژەی کۆبوونەوەی حیزب و لایەنەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبوونەوەو پاش چەند کاتژمێرێک گفتوگۆ، بڕیاریاندا لەسەر پێکهێنانی کومیتەیەکی هاوکاری بەناوی "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران"و ناوەندەکەش لەئەمڕۆوە بەفەرمی دەستی بەکارەکانی کرد.**

**لەو کۆبوونەوەیەدا پاش ئەوەی رێکەوتنی سەرەتایی لەسەر ناوی ناوەندەکە کرا، گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر پرەنسیپەکانی بەشداریی حیزبەکانی لە ناوەندەکەدا کرا کە سەرەکیترین خاڵەکانی بڕوابوون بە روخانی کۆماری ئیسلامیو ئێرانێکی دیموکراتیک، فیدراڵو سیکۆلارە کە تێدا مافە نەتەوایەتییەکان لەوانە مافەکانی گەلی کورد تێیدا رەچاو بکرێت.**

**هەروەها قسە لەسەر کارو ئەرکەکانی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" کرا کە لە چەندین خاڵدا خۆی**

دەبینێتەوە:

١- ئەرکی سازدانی گفتوگۆو دیالۆگو ئامادەکارییە بۆ پێکهێنانی ئیئتیلاف، بەرە یان چەترێکی هاوبەشو درێژخایەن بۆ حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، کە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا قسەو باسی زیاتری لەسەر دەکرێت.

٢- دانانی میکانیزمێک بۆ کۆبوونەوەی بەردەوامی لایەنەکانو پەیوەندیی سیستماتیکی نێوان ئەندامانی "ناوەند"ەکە.

٣- بەشداری حیزبو لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەو ناوەندەدا کراو قسەی زیاتر بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو دانرا.

٤- هەڵوێست وەرگرتن لەسەر رووداوو پێشهاتەکانو بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی هاوبەشو قسەو لێدوان بۆ میدیاکانە.

هەر لە کۆبوونەوەیەدا ئەجێندای کۆبوونەوەی داهاتوو دیاریکرا و باس لەوە کرا پێویستە هاوکاری زیاتر ببێت لە نێوان حیزبەکانی کوردستانی رۆژهەڵات بۆ ئەوەی بە شێوەی هاوئاهەنگ رووبەڕووی ئەگەرەکان ببنەوە لە داهاتوودا.

٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ بەرامبەر بە ٢٠ی جێنیڤەری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٢ی ڕێبەندان ساڵڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران

لەکاتێکدا لە ساڵوەگەری ٣٩ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێران بۆ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و هاتنە سەرکاری ڕێژیمێکی ئازاد و دێمۆکراتیک نزیک دەبینەوە کە خەبات بۆ ڕزگاری و ئازادی قۆناغێکی نوێی بڕیوە. خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە جەماوەرییەکانی ٧ی بەفرانبار و ڕۆژانی دواتری کاریگەریی گەورەیان لە ئاستی کۆمەڵگە و دەسەڵاتی دیکتاتۆری داناوە و سیمایەکی تازەی خەباتکارانەیان بە بزووتنەوەی حەقخوازانەی گەلانی ئێران بۆ دەستەبەرکردنی ئازادی و هەڵپێچانی سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە ئێران بەخشیوە.

ئاخێزی بەرین و بەربڵاوی شار و ناوچە جیاجیاکانی ئێران ئەگەرچی لە ناڕەزایەتی بە دۆخی نالەباری ژیان و مەعیشەتی خەڵکەوە بوو، بێگومان بەرهەمی سیاسەتی چەوت و گەندەڵیی ئابووریی دارماو و ڕانتی و قۆرغکراوی سپای پاسداران و دامودەزگە ئەمنیەتییەکانی سەر بە بەیتی خامنەیین کە هەر زۆر زوو ئاراستەیەکی سیاسیی بەخۆوە گرت و بەشداریی جەسوورانە و مانادارى لاوان، ژنان، کرێکاران، خوێندکاران و باقی چین و توێژەکانی دیکەی کۆمەڵگە هیوایەکی تازەیان بە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران بەخشیوە. نێوەرۆکی ئەو خۆپیشاندانانە و پانتاییە جۆغرافیاییەکەی لە چاو خۆپیشاندانەکانی پێشووتری ئێران دەریان خست کە ئێران و خەباتی سیاسی و مەدەنی پێی ناوەتە قۆناغێکی نوێوە. سەرەکیترین بەرهەم و تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغە:

دامالینی مەشروعییەت لە سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە هەر دوو باڵی ئیسڵاحخواز و بناژۆخواز و هەروەها کۆتاییهێنان بە چەقبەستووی سیاسی و دارمانی هەیمەنەی ڕێژیم و لە بەرامبەریشدا بەرزبوونەوەی ورەی خەباتکارانەی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، سەلماندی قەڵای دیکتاتورییەت لە بەرانبەر هێز و ئێرادەی جەماوەردا، چەند لاواز و زەبوونە.

ئاشکرایە ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی نگریسی لە هیچ ئامراز و شێوازێک بۆ سەرکوت و داپڵۆسین، کوشتن و بڕین و زیندان و ئێعدام دریغی نەکردوە، بەڵام نەیتوانیوە هەستی ئازادیخوازی لە ئێران بکوژێ. بۆیە پاش تۆمارکردنی مێژوویەکی ڕەش و کەڵکوەرگرتن لەهەموو دامودەزگە سەرکوتگەرەکانیەوە، بەهەموو پرۆپاگەندەی میدیایی و ئێرشاد و سیستمە پەروەردەکەیەوە نەیتوانی ئاراستەی ویستی خەڵک و ئامانجەکانی شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ کە بریتی بوون لە

نەهێشتنی هەڵاواردنی ڕەگەزی و چینایەتی، بەهرەمەندی کەمایەتییە ئێتنیکی و نەتەوەییەکان لە مافە ڕەواکانیان، و هەروەها دەستەبەکردنی مافی ژنان، ئازادیی تاک و بە گشتی بونیاتنانی ئێرانێکی ئازاد و دێمۆکرات وسکۆلار، بگۆڕێ.

لە ساڵیادی ۳۹ ساڵەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێراندا بە چاوخشاندێکی کورت بە بارودوخی سیاسی و ئابووریی ئێرانی ژێردەسەلاتی کۆماری ئیسلامی بەڕوونی دەردەکەوێ کە چۆن بەڕێوەبەرانی ئەو ڕێژیمە ئاوات و ئامانجەکانی شۆڕشی جەماوەرییان بە لارێدا برد و بە دواکەوتووترین یاسای سەردەم حاشایان لە ماف و ئازادییەکان کرد و وڵاتیان نوقمی گەندەڵی، دزی و تاڵان و بڕ و وێرانی کردوە. هەڵاوسانی ڕوو لە زیاد بوون و بەتاڵتربوونەوەی سندووقی پاشەکەوت، وەرشکستەیی بانکەکان، نوشستیی ئابووری و بێکاری و... ئابووریی ئێران و تەنانەت ڕێژیم و دەسەڵاتیشی بە بن بەست گەیاندوە و تەنها ئاسوی گەش و هیوا بەخش بۆ کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و چارەسەرکردنی ئەو کێشانە گۆڕانی سیستەمی سیاسیە، کەئەمڕۆ بەپانتایی ئێران بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی (ژنان، خوێندکاران، لاوان، ژینگەپارێزی، کرێکاران و...) تێیدا لە گەشەسەندنی بەرچاودان. کەشی ترس و تۆقاندنی داسەپاوی دەیان ساڵەی ڕێژیم شەقی گەورەی تێکەوتووە و خەڵک ترسیان ڕژاوە. لە ئاستی دەرەکی و ناوچەییشدا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ کۆمەڵێک کێشەی گەورەی چارهەڵنەگر بەرەوڕووە. پشتیوانیی ئاشکرای لەتیرۆریزم، ئاژاوەگێڕی و شەڕەنگێزیی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکە، بۆ دنیا ئاشکرایە و درێژەدانی ئەم سیاسەتە چیدیکە قبوول ناکرێن.

بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان بە تایبەتمەندییە پێشکەوتنخوازانەکانی کە هەر لەسەرەتاوە پێشەنگی خەبات بۆ ڕووخانی ڕژیمی تۆتالیتێر و دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی بووە، بێ گۆمان لە داهاتووشدا ئەرکی گەورەی لەو بوارە لە ئەستۆ دەبێ.

بە تێگەیشتنی دروست لە هەلومەرجی ئێستا و ئەرکمان لە بەردەم ئەم گۆڕانە گەورە کۆمەڵایەتی و سیاسییە لە ئێران، لەم بڕوایە داین کە یەکیەتی، یەکریزی و هاوهەڵوێستیی هەموو ئازادیخوازان و ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی بۆ سەرخستنی ئەرک و ڕاسپاردە مێژووییەکانیان و پشتیوانی لە بزووتنەوە جەماوەرییەکان پێویستییەکی چارەنووسساز و حاشاهەڵنەگرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای بەرزنرخاندنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ۱۳۵۷ بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دێمۆکرات و سیکۆلار و دادپەروەر، پشتیوانی لە خەباتی خەڵک بۆ دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانیان و سەرەنجام گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی لەئێران دەکاو خۆی بە پاڵپشتی هەر بزووتنەوەیەکی دێموکراسیخوازانە دەزانێ بۆ لاوازکردن و هەڵپێچانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و لە سەر پێویستیی هاوکاری و هاوپشتی و هاوخەباتیی هەموو خەباتکاران و ئازادیخوازانی ئێران پێداگری دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

سەرکەوێ بزووتنەوی رزگاریخوازانەی گەڵی کورد.

بڕووخێ دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی کۆماری ئیسلامی لە ئیران.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٩ی رێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٨ی فێوریەی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە پێشوازیی "ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک"دا

**خەڵکی مافخوازی کوردستان!**
**ڕۆڵە وشیارەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی نیشتمان!**
**هۆگران! پارێزەران و بەرگریکارانی زمانی کوردی لە وڵاتی ئێران!**

وەک دەزانن ٢١ی فێوریەی هەموو ساڵێک (ئەمساڵ ٢ی ڕەشەمە) لە ئاستی جیهانیدا وەک ڕۆژی زمانی دایک ناسراوە و لەنێو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا بە شێوازی جۆراوجۆر یادی دەکرێتەوە.

مرۆڤ بوونەوەرێکی شوناسخوازە و زمان لە نواندن و سەلماندنی ئەو شوناسەدا پێگەیەکی تایبەتی هەیە. زمان پڕڕەنگترین نوێنگەی شوناسی مرۆڤە. مرۆڤ بە ڕێگەی زمان، ژیان و شوناسی خۆی و دەوروبەر مانا دەکاتەوە.

زمانی دایک، نەک هەر زمانی ئاخاوتن، بەڵکوو زمانی عاتیفە، زمانی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە. هەر ئەم ڕاستییانەش وایکردوە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ، گرنگی بە مافەکانی پێوەندیدار بە زمان بە تایبەتی پاراستن و پەرەپێدانی زمانی دایک بدەن. بەشێک لەو مافانە لە پەسندکراوە نیودەوڵەتییەکانی وەک ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، ڕێککەوتننامەی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنڤانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لەسیستمی پەروەردە و فێرکاریدا، کۆنڤانسیۆنی مافەکانی منداڵان، کۆنڤانسیۆنی نێونەتەوەیی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نژادی، بەیاننامەی مافی کەمینە مەزهەبی، نەتەوەیی، ئێتنیکی و زمانییەکان و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافە زمانییەکاندا، ڕەنگیان داوەتەوە و پێیان لەسەر داگیراوە.

ئێران لەڕووی پێکهاتەی زمانی، نەتەوەیی، ئایینی و کولتوورییەوە، وڵاتێکی فرەچەشن و فرە نەتەوەیە. بەڵام دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران لە جیاتی دانانان بە بوونی ئەو نەتەوانە و بەڕەسمی ناسینی مافەکانیان و یەک لەوان قبووڵکردنی خوێندن بەزمانی خۆیان، ئینکار و سەرکوت و لە پەراوێز خستنی ئەو زمانانەیان کردوە بە سیاسەتی خۆیان. بەفەرمی نەناسینی مافی خوێندن بەزمانی دایک بۆ ئەم نەتەوانە، لەڕووی دەروونی، پەروەردە، کولتووری و زمانییەوە بووە بەسەرچاوەی گرفتی گەورە و زیانی قەرەبوونەکراو. لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەم مافەی بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە. سیستمە شوینیستیەکان، شوناسی خۆیان تێکەڵکێشی زمانی

باڵادەست کردووە وەک ئامرازێک بۆ سەرکوت و لەپەراوێزخستنی زمانی نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە کاریان هێناوە. دەسەڵاتداران لە پەیوەندی لەگەڵ مافی زمانی و مافەکانی دیکەی پێکهاتەکانی ئێران، کۆمەڵێک پاساو و هۆکار دێننەوە کە لە بنەڕەتدا بەلارێدا بردنی واقعی کێشەکەیە؛ بۆ نموونە بەکارهێنانی چەمکی "کەمینە"و "وردە فەرهەنگەکان". بە تەواوی ئاشکرایە کە کۆی کەمینەکان(نەتەوە ژێردەستەکان)، زۆرینەی دانیشتووانی ئەم وڵاتە پێکدێنن، لەکاتێکدا لە سەرەتاییترین مافەکانیان بێبەشن. ئەم چەمکانە لەسەر بنەمای هەڵاواردن و بەفەرمی نەناسینی جیاوازییەکان و نکۆڵیکردن لە مافە سروشتی و سیاسییەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و زمانی و ئایینیەکانی ئەم وڵاتە بنیات نراوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە چوارچێوەی سەرکوتێکی سیستماتیکەوە کە لایەنێکی یاسایی پێدراوە.

لەڕوانگەی دەسەڵاتدارانەوە، زمانی دایکیش هەڕەشەیە بۆ سەر "بەرژەوەندیی نەتەوەیی"، "یەکپارچەیی خاک" و لە هەمان کاتدا، بیانوویەکە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆییخوازی. هەر بۆیە پێیان وایە کە ئەم چەمکە فەرمییانە دەبێت کۆڵەکە سەرەکییەکانی"شوناسی ڕەسەنی" ئێرانی بن.

لایەنگرانی سیاسەتی تەک زمانی، بریتین لەو کەسایەتی، ڕەوت و لایەنانە کە تەنها خاڵی هاوبەشیان، ڕەنگە هەمان زەروورەتی پاراستنی پێگەی پاوانخوازانەی زمانی نەتەوەی باڵادەست بێ. ئەمە لە هەمان کاتدا بووەتە هۆی بە کەمگرتنی زانست و ئەدەب و کولتووری نەتەوەکانی دیکە و بێ بایەخ کردن و تواندنەوەیان. گرتنەبەری ئەم سیاسەتە، لەڕاستیدا بنەمای فکری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدارانی ئێران و ڕەوتە بێدەسەڵات و هاوبیرەکانیان بووە بە درێژایی مێژوو تا دەگاتە ئێستا.

ئەم جۆرە ڕوانین و سیاسەتە، بەکردەوە گورزێکی مەترسیداری لە پێکهاتەی فرەچەشن و ڕەنگاڵەیی ئێران داوە و مەترسیی لەنێوچوون و لەپەراوێزخستنی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی بەدواوە بوو. بەڵام، بێتوانایی و لاوازیی پێکهاتەیی سیستمی سیاسی لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی یەکسانسازی و ئاسێمیلاسیۆنی فەرهەنگی و زمانی لە لایەک و، وشیاریی نەتەوە بندەستەکان و بەرگریکردنیان لە زمانی خۆیان، هۆکاری سەرنەکەوتنی بووە.

ئەم ئیدیعایە کە بەفەرمی ناسینی زمانەکانی غەیرە فارسی، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ویست و ئۆگری بە جیابوونەوەی نەتەوەکانی غەیرە فارس، زۆرتر لە ژێر کاریگەریی "تئوری توطئە" و ماهییەتی پاوانخوازانەی دەسەڵات و دەسەڵاتداراندا بووە. ئاشکرایە کە سەپاندنی زمانێکی تایبەت دەکەوێتە چوارچێوەی زمان کوشتن و سەرکوتێکی سیستماتیک بە تەواوی ماناوە. لە کاتێکدا لەم سەردەمەدا بە دەیان وڵاتی جیهان زیاتر لە یەک زمانی فەرمییان هەیە، سیستمی پەروەردە و فێرکارییان چەند زمانەیە و زۆربەشیان خاوەنی سیستمێکی سیاسیی سەقامگیر و دیموکراتیکن.



سەرچاوە
Serchawe

ئێمەی نەتەوەی کوردیش، وەک نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانیەت، لە ڕابردوو و تەنانەت لە ئێستاش کە زمان و کولتوورمان لەلایەن کولتوورە زاڵ و باڵادەستەوکانەوە مەترسیی سڕینەوە و لەنێوچوونی لەسەرە، بە ئەرکێکی نیشتمانی هەر تاکێکی کوردی دەزانین پرسی زمانی دایکی و پاراستنی بە هەند وەربگرێ و هەوڵی پاراستن وگەشەپێدانی بدا.

## بانگەوازی ئێمە:

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک لە نەتەوەی کورد و نەتەوەکانی دیکەی ئێران، بەڕێزو پێزانینەوە ئاوڕ لەهەوڵ و خەباتی دڵسۆزانەی ڕووناکبیران، مامۆستایان، نووسەران، توێژەران و وێژەوانانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و نیوخۆی ئێران دەداتەوە کە سەرەڕای گوشار و هەرەشە و کارشکێنیی دام و دەزگا حکوومەتییەکان، لە پاراستنی زمانەکەیان و خزمەتکردن و بووژاندنەوەی غافڵ نین.

لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا بانگەوازی ئێمە بۆ تێکڕای ڕۆڵەکانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەیە: ڕۆژی زمانی دایک بکەن بە دەرفەتێک بۆ دەنگ هەڵبڕین دژی سەرکوتی زمانی و پێشێلکردنی مافی نەتەوەیی کورد و پێکهاتە جیاوازەکانی دیکەی ئێران. بەڕێوەبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نزیکەی ٤٠ ساڵە تەنانەت لە سەر ڕێی جێبەجێبوونی ئەو لانیکەمە لە مافی زمانیی پێکهاتەکانی ئێرانیش کە لەقانوونی ئەساسیدا هاتووە، بوون بە کۆسپ و ڕێگر و کردوویانە بە هەوێنی بانگەشەی مۆرەکانی خۆیان لە بە ناو هەڵبژاردنەکاندا و، بەم جۆرە گاڵتە بە شعوور و ویستی ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و زمانییانە دەکەن.

ئێمە داواکارین لە ڕۆژانی داهاتوودا و بە تایبەتی لە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، بە ئامانجی مەحکوومکردنی ستەم و سەرکوتی زمانی و نەتەوەیی لە ئێران و، بەرزڕاگرتنی زمان و شوناسی نەتەوەیی خۆتان ببن بە یەکپارچە چالاکی. چاوەڕوانیی ئێمە ئەوەیە لە زانکۆکان، قوتابخانەکان، ئیدارەکان، بنکەو ناوەندە کولتوورییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، لەو ڕاگەیەنانەی دەنگتان پێیان دەگا، بەو پەڕی ڕاشکاوی و بوێرییەوە نارەزایەتی و بێزاریی خۆتان لە سیاسەتی زمانی و نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی نیشان بدەنەوە. داوامان لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، مامۆستایان، قوتابیان، خوێندکاران و چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی ئەوەیە کە بەهەر شێوەیەک بۆیان دەگونجێ، لە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکدا، یەکگرتوانە و بە کردەوە دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەرز بکەنەوە.

**بە هیوای هەر چی پڕ شکۆتر بەڕێوە چوونی ڕۆژی زمانی دایک لە کوردستان.**



سەرچاوە
Serchawe

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

۲۸ی ڕێبەندانی ۱۳۹٦ی هەتاوی = ۱۷ی فێورییەی ۲۰۱۸ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستان: هێرش بۆ سەر دەروێشە گونابادییەکان مەحکوومە

ئێوارەی رۆژی دووشەممە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی (١٩ی فێوریەی ٢٠١٨ی زایینی) هێزە ئینتزامی و بەسیج و لیباس شەخسییەکانی حکومەتی ئێران هێرشیان کردە سەر کۆبوونەوەی دەروێشە گونابادییەکان لە شەقامی پاسداران لە تاران لە گەڕەکی گوڵستانی حەوتەم.

بە پێی دوایین هەواڵەکان لە ئەنجامی ئەو هێرش و پەلامارانەدا، چەند کەس کوژراون و بریندار بوون، بەڵام ئاماری وردی کوژراو بریندارەکان هێشتا ناڕوونە. بە قسەی وتەبێژی هێزی ئینتزامی تاران ٥ کەس لە بەسیج و لیباس شەخسی و هێزە ئینتزامییەکان کوژراون و باس لە دەستگیر کردنی زیاتر لە ٣٠٠ کەس لەو دەروێشانە لە لایەن دام و دەزگا ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە دەکرێ.

کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی دەروێشە گونابادییەکان لە نارەزایەتی دەربڕین بە کۆنترۆڵکردنی ماڵی دوکتور "عەلی تابەندە" سەرۆکی تەریقەتی نیعمەتوڵڵاهی ناسراو بە "دەروێشە گونابادییەکان" بە بیانووی دروست کردنی ئیست و بازڕەسی (خاڵی پشکنین) و هەروەها نارەزایەتی بە دەستگیر کردنی "نیعمەتوڵڵا ریاحی" یەکێک لە دەروێشانەکانی ئەم تەریقەتە لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکان لە گەڕەکی گوڵستانی حەوتەم لە باکووری تاران دەستی پێکرد. لە ماوەی ساڵانی دوای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی و بەتایبەتی تر لەم چەند ساڵەی دواییدا توندو تیژی بەرانبەر ئەم گرووپە ئایینییە لە ئێران هاتوەتە ئاراوە و بە هەزاران کەسیان لێ گیراوەو راپێچی زیندانەکان کراون و سزای قورسی زیندان و دورخستنەوە و ئیعدامیان بەسەردا سەپێندراوە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکووم کردنی گرتن، سەرکوت و داپڵۆسین، کوشتن و بڕین و هەڵسووکەوتی نامرۆڤانەی دەسەڵاتی ئێران لەگەڵ ڕێڕەوانی تەریقەتی نیعمەتوڵڵای و باقی باوەڕمەندانی ئایین و ئاینزاکانی تر، داوا لە کۆڕ و کۆمەڵ و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ لە جیهان، هەموو ئازادیخوازانی جیهانی و ئێرانی دەکات، دژی سەرکوت و داپڵۆسینی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە دەروێشە گونابادییەکان و باقی باوەڕمەندانی جیاواز لە ئایینی ڕەسمی ئێران، دەستگیری و کوشتنیان بوەستنەوە و بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەکرێت بەرامبەر بەم کردەوانەی دەسەڵات لە ئێران بێ دەنگ نەبن.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**١ی ڕەشەممەی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٢٠ی فێورییەی ٢٠١٨ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe

## بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی دژ بە هێزەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان مەحکووم دەکەین

وەک لە ڕاگەیەندراوی خەبەریی سکرتاریای حیزبی دیموکراتی کوردستاندا هاتووە، شەوی سێشەمە لە سەر چوارشەمە ٦ لەسەر ٧ی مارسی ٢٠١٨، (١٥ لە سەر ١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦) قادر قادری، کادری حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کردەوەیەکی تێرۆریستیدا شەهید بووە و تەرمەکەی لە دەوروبەری ماشێنەکەی لە نزیک گوندی "هەرتەلێ" لە کاتێکدا ئاسەواری زیاتر لە بیست فیشەکی پێوە بووە، دۆزراوەتەوە.

هەر چەند ڕۆژ پێش بوو لە نێو شاری هەولێر دوو ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بوونە قوربانیی کردەوەیەکی تێرۆریستی کە یەک لەوان بەناوی سەباح ڕەحمانی دوای هەڵگرتنی برینی قورس بە داخەوە شەهید بوو.

پێشتریش لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە چەند هەوڵی دیکەی تێرۆریستی دژ بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دراون کە بەشێکیان وەک هەوڵە تێرۆریستییەکان بۆ سەر سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران پووچەڵ کرانەوە و تەقینەوەکەی شەوی یەلدا لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە بەداخەوە شەهید بوونی حەوت تێکۆشەری کوردی لێ کەوتەوە.

ئێمە وەک حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆماری ئیسلامی لە پشت هەموو ئەو تاوان و کردەوە تێرۆریستییە دەبینین، چونکی جیا لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هیچ لایەنێکی دی بە نەیار و دوژمنی خۆمان دانانێین. بە تایبەت کە دەزگای تێرۆری کۆماری ئیسلامی پێشینە و ڕابردوویەکی پڕدیاری لە تێرۆری کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمدا هەیە، هەر لە تێرۆرەکانی دەیەی ٩٠ی زایینی دژ بە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە سەدان تێکۆشەری کوردیان لێ ستاندین، هەم لە تێرۆری کەسایەتییە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵات، بە تایبەت تێکۆشەرانی کورد کە دواتر لە پەروەندەی تێرۆری مێکونووسدا دەزگای قەزایی ئاڵمان لە بڕیارە مێژووییەکەی خۆیدا ڕایگەیاند کە کۆماری ئیسلامیی ئێران و کاربەدەستانی هەرە سەرووی ئەو ڕێژیمە لە پشتی ئەو تێرۆر و تاوان و جیناتانەن کە ڕێژیم لە دەرەوەی وڵات کردوونی.

ئێمە حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران چ بە تاک و چ بە کۆ (کۆبوونەوەی هاوبەشی حیزبە کوردستانییەکانی هەر چوار بەشی کوردستان بۆ مەحکوومکردنی کردەوەی تیرۆریستیی شەوی یەلدا) پێشتر و هەر ئەو کات ڕامانگەیاند کە

نیگەرانین لەوەی تاوانی تیرۆریستیی شەوی ١ی بەفرانبار و پیلانە پووچەڵبۆوەکانی پێشتر، سەرەتایەک بێ بۆ ئەوەی جارێکی دیکە هەرێمی کوردستان ببێتەوە بە مەیدانی پیلان و هەڕەشە و کردەوەی تیرۆریستیی لە دژی لایەنە سیاسییە خەباتکارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ئێستا بە داخەوە دەردەکەوێ کە نیگەرانییەکانمان لە جێی خۆیدا بووە.

ئێمە جارێکی دیکەش وێڕای مەحکوومکردنەوەی کردەوە تێرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە دژی تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نوێترینیان تێرۆری سەباح ڕەحمانی و قادر قادرییە؛ بە ئەرکی حکوومەتی هەرێم و سەرجەم دەزگا پێوەندیدارەکانیشی دەزانین ڕێگر بن لە جێبەجێبوونی هەرەشە و پیلانە تێرۆریستییەکان لە دژی لایەنە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە هەرێمی کوردستان، گیرساونەوە. هەروەها بە ئیمان بە ڕەوابوونی خەباتی کورد لە ئێران بۆ دەستەبەری مافە مەدەنی و نەتەوایەتییەکانی، پێ لەسەر ئەوە دادەگرینەوە کە تێرۆر و هەڕەشە و تۆقاندن و سەرکوت هەنگاومان پێ شل ناکەن و لە خەبات و تێکۆشان ساردمان ناکەنەوە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٦ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٧ی مارسی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی نەورۆزەوە

نەورۆز هێمای ژیانەوە و پێکەوەبوون (بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی نەورۆزەوە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستانی ئێران)

لە کاتێکدا بەرەو پیری نەورۆز و سەری ساڵی نوێ دەچین کە کوردستانی ئێران لە ژێر زەبر و زەنگ و سیاسەتی سێدارە و سەرکوتی سیستماتیکی ڕێژیمی ئێران، ساڵێکی پڕ لە حەماسەتی ئەزموون کرد.

بەرچاوترین ڕووداوی سیاسیی ئەم ساڵ، خۆپیشاندان و نارەزایەتیی سەرتاسەری ئێران بوو کە بەشێک لە شارەکانی کوردستانیشی گرتەوە. ئەوەی لە ئێران رووی دا، گوزارشتێک بوو لە ڕاپەڕینێکی ڕاستەقینەی جەماوەری بە مانای وشە. خۆپیشاندانەکان ڕیشەی لەو نارەزاییانەدا بوو کە لە دژی هەژاری و بێدەرەتانی و کارەساتی ژینگەیی هاتە کایەوە.

پێکهاتەی سەرەکیی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەرییە لە خەڵکی مافخوراو و هەژاری ناوچە پەراوێزخراوەکان پێک هات و لەم ڕووەشەوە دەکرێ بڵێین کە کۆماری ئیسلامی لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژییەوە، تووشی هەرەسهێنان بووە.

بەرچاوترین تایبەتمەندیی ڕاپەرینی ئەم جارە، کردنە ئامانجی ڕێبەریی و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو لە تەواوییەتی خۆیدا. هەر چەند سەرانی ڕێژیمی ئێران هەوڵیان دا سەرەداوی ئەم خۆپیشاندانانە گرێ بدەن بە دەستی دەرەکییەوە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە حکومەت بە تەواوی لە ئاست ویست و داواکاریەکانی خەڵک دەستەوەستانە و توانای چارەسەرکردنیانی نیە.

لایەنی دیاری ئەم خۆپیشاندانە، بەشداریی خەڵکی شۆڕشگێری کرماشان بوو لە خۆپیشاندانی سەراسەریی ئێران، بە جۆرێک کە قورسایی و سەنگی تایبەتیی هەبوو. ئەم بەشە لە نیشتمان بە دروشمی شۆڕشگێڕانە و هەڵوێستی نیشتمانییان، بەرەورووی هێزی داپڵۆسێنەر و سەرکوتگەری کۆماری ئیسلامی بوونەوە. لە ڕاستیدا پارێزگای کرماشان ئەم جارە فاکتەرێکی کاریگەر و ئیلهامبەخشی نارەزایەتی و بزووتنەوەی ئێعترازیی کوردستان و ئێران بوو.

بوومەلەرزەکەی کرماشان، لە دەرکەوتنی بوومەلەرزەی سیاسیی ئەم جارە بێ کاریگەر نەبوو. ئەم ڕووداوە وەبیری گەلانی

ئێرانی هێنایەوە کە پانتایی و قووڵایی گەندەڵی و دزی و ناکارامەیی کۆماری ئیسلامی تا چ ڕادەیەکە. پەیامێکی دیکەی ئەم بوومەلەرزیە ئەوە بوو، کە گەلانی ژێر ستەمی ئێران بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامی هاوچارەنووسن.

هەر بەو پێیە، بینیمان کە خەڵکی کوردستانی ئێران دوای ڕوودانی بوومەلەرزەکەی کرماشان، بە چ هەستێکی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەرییەوە بە هانای هاونیشتمانیانی لێقەوماوی خۆیان لە پارێزگای کرماشانەوە چوون. وەڕێخستنی کەمپەین و بەڕێکردنی کاروانی یارمەتی بەشێک لەم هاوسۆزییەوە بوو کە تەنانەت هاوسۆزی و یارمەتیی کوردانی دەرەوەی وڵاتیشی بۆ لێقەوماوان گرتەوە. ئەم هەست و هاوسۆزییەوە بەدەر لە لایەنی ئەخلاقی و مرۆیی، وێنەیەکی دەگمەنی لە هاوخەباتی و یەکڕیزی خەڵکی کوردستانی ئێران خستەڕوو، بە جۆرێک کە کارەساتی سروشتی و حەماسەی نەتەوەیی ئاوێتەی یەکتر بوون و ئەمەش وەک سەرمایەیەکی مەعنەوی و پڕبەهای ڕەوتی ڕزگاریی نەتەوەییە.

لەم ساڵدا، سیاسەتی زەبروزەنگ و سەرکوتی سیستماتیک وەک سیاسەتی هەمیشەیی و بەشێکی جیانەکراوە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەردەوام بوو. لە سێدارەدانی ئازادیخوازان، زینداکردن و بێ سەروشوێنکردنی جیابیران، چالاکانی مەدەنی و تێکۆشەرانی سیاسی، کوشتن و بریندارکردنی خەڵکی کاسبکار لە ناوچە سنوورییەکان بەشێک لەم سەرکوتە سیستماتیکە بوو.

خاڵێکی دیکەی جێی سەرنج، هاتنەسەرشەقامی بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی شار و ناوچەکانی کوردستانی ئێران بوو بۆ دەربڕینی پشتیوانی لە بەڕێوەچوونی ڕێفراندۆمی باشووری کوردستان بۆ پرسی سەربەخۆیی، هەروەها دەربڕینی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە کوشتنی کاسبکاران کە لەگەڵ هێزی سەرکوت و توندوتیژی بەرورووبان بووەوە. لە ئەنجامی ئەم سەرکوتەدا ژمارەیەکی بەرچاو لە ڕۆڵەکانی نیشتمان دەسبەسەر و زیندانی کراون. لایەنی دیاری ئەم خۆپیشاندانانە حوزووری بەرچاوی کچان و ژنانی ئازادیخوازی کوردستان بوو کە مخابن ژمارەیەکیان دەستگیر و ڕەوانەی سیاچاڵەکانی ڕێژیم کران.

ئەمساڵ کە ڕابرد، دەستپێکەکەی نەورۆزی جامانەکان بوو. دوای ئەو هەمووە حەماسەتە کە ئاماژەیان پێکرا، جێی خۆیەتی نەورۆزێک کە دادێ، بە هەمان شکۆوە و بە هەمان حەماسەوە بە جامانە و هەوری و لەبەرکردنی جلوبەرگی کوردی و هەڵگرتنی گوڵی سوور بڕازێندرێتەوە و لە گەل ژیانەوەی سروشت، ژیانەوەی نەورۆزی جامەنەکان بۆ نیشتمان بکرێ بە دیاری. هەر بۆیە داواکارین یەکدەنگ و یەک هەڵوێست، بەرەو پیری نەورۆز و سەری ساڵی نوێ بچین.

بێگومان هاوخەباتی و یەکڕیزیی نەتەوەکەمان ڕەمزی سەرکەوتنمانە. لەم ڕوانگەشەوە داوا لە سەرجەم خەڵکی کۆڵنەدەر و

نیشتمانپەروەی کوردستانی ئێران دەکەین بە هەمان ئیرادە و ڕوحی هاوخەباتییەوە لە خەباتی نەتەوەیی - دێموکراتیکی خۆیان بەردەوام بن و ڕیزەکانی خۆیان بەهێزتر و پتەوتر بکەن و سەری ساڵی نوێ پیرۆز بکەن.

لە کۆتاییدا پیرۆزبایی سەری ساڵی نوێی لە سەرجەم هاونیشتمانان و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی دەکەین و هیوادارین ساڵی داهاتوو، ساڵی هاوخەباتی و دەستکەوتی زیاتر بێ بۆ نەتەوەکەمان.

**سەرکەوێ ئیرادەی نەتەوەیی و هاوخەباتیمان.**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٨ی مارسی ٢٠١٨ی زایینی**

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ٨ی مارس، ڕۆژی جیهانیی

٨ی مارسی هەموو ساڵێک وەبیرهێنەری مێژوویەک لە تێکۆشانی بێ وچانی ژنان لە سەرانسەری جیهاندا بۆ دابینبوونی مافەکانیان و گەیشتن بە یەکسانیی راستەقینەی نێوان مرۆڤەکانە.

ژنانی کۆمەڵگای ئێران و ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش بەتایبەتی لەم ساڵانەی دواییدا خەبات و تێکۆشانێکی ماندوویی نەناسانەیان بۆ پاشەکشەکردن بە سیستمی کۆماری ئیسلامی و یاساکانی کە لەسەر بناغەی چەندین جۆر هەڵاواردن و یەک لەوانەش ستەم و هەڵاواردنی ڕەگەزی دژ بە ژنان بنیات نراوە، بەڕێوە بردووە. ئەو سیستمە سیاسییەی کە ئێستا وەکوو وەیشوومەیەک باڵی بەسەر وڵاتەکەماندا کێشاوە، هەم میراتگری کۆمەڵێک داب و نەریتی پیاوسالارانەیە کە خۆبەخۆ دژ بە ویستی ڕەوا و ئەمرۆیی ژنانی یەکسانیخواز کار دەکات و هەم بۆ خۆی بەرهەمهێنەری کولتوور و عەقڵیەتێکی ئیدئۆلۆژیکە کە ژن لەو کولتوورەدا خاوەنی هیچ مافێک و هەڵگری هیچ بایەخێکی مرۆیی نیە و تەنیا وەکوو ئامراز و کاڵا و کۆیلەیەک بۆ خزمەتکردن بە پیاوان و دەزگای بەرهەمهێنانی حەشیمەتێکی گوێڕایەڵ و پەروەردەکردنی سەرباز بۆ بەردەوامی و مانەوەی سیستم چاوی لێ دەکرێت.

لە دیارییەکانی ئەو سیستمە بۆ ژنان دەتوانین ئاماژە بۆ هەڵاواردن لە بواری میرات، یاسای فرەژنی و یاساکانی دیکەی تایبەت بە پێگەی ژن لە بنەماڵە و ژیانی هاوبەشدا، قەساس و حەد و تەعزیر و خوێنبایی، ڕەواییدان بە قەتڵی نامووسی، دەستدرێژیی سێکسی لە زیندانەکاندا، بەردبارانکردن، گەشتی ئیرشاد، حیجابی زۆرەملی و بەربەست دانان بۆ بەشداریی چالاکانە و ئازادی ژنان لە بوارەکانی ژیانی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیدا بکەین کە لە دووتوێی هەواڵەکانی پێوەندیدار بە پێشێلکردنی مافەکانی ژنان و کارەساتەکانی پێوەندیدار بە ژیانی ژنان وەکوو تووشبوون بە مادە سڕکەرەکان، خۆکوژی و خەمۆکیدا خۆی دەنوێنێت و بەشێکی زۆر کەم لەو ڕاستییانە لە ڕاپۆرتی ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤی نێوخۆیی و نێودەوڵەتیدا ڕەنگ دەداتەوە.

لە وەها کۆمەڵگا و سیستمێکدا ژنان و پیاوانی یەکسانیخواز ئەرکێکی زۆر قورسیان بۆ هەڵگرتنی بەربەستەکان لە ئەستۆیە و لەگەڵ هەڕەشە و گوشاری سیستمی سیاسی و توێژی کۆنەپارێز و دواکەوتووی کۆمەڵگا بەرەوڕوو دەبنەوە کە چاوی بە دیتنی پێناسەیەکی نوێ و مرۆڤسالارانە بۆ پێگەی ژن و پێکهێنانی هاوسەنگییەکی ڕاستەقینە لە نێوان ژن و پیاودا هەڵنایەت.

لەگەڵ ئەوەشدا ژنانی خەباتکاری ئێران و کوردستان بوێرانە بۆ داکۆکی لە مافەکانی خۆیان ڕاوەستاون و تێچووی قورسی ئەو خەباتە هەرگیز نەبۆتە هۆی ئەوەی کە ژنان لە داوا ڕەواکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە.

لەم ساڵانەی دواییدا خەباتی ژنان بۆ لابردنی کۆسپەکانی سەر ڕێگای وەدیهێنانی مافەکانیان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بۆتە بەشێکی دانەبڕاو و پێشەنگی خەباتی هەموو چین و توێژە ماف پێشێلکراوەکان بۆ بە چۆکداهێنان و ڕووخاندنی سیستمی سەرەڕۆ و دژەمرۆیی کۆماری ئیسلامی.

لە خۆپیشاندانە تابۆشکێنەکانی زستانی ئەم ساڵیشدا ژنان بە بەشداریی خۆیان لە ڕێکخستن و بەهێزکردنی ڕاپەڕینە جەماوەرییەکانی خەڵکدا توانیان ڕۆڵێکی ئازایانە بگێڕن و ببنە هێما و پێشەنگی بەشێک لە نارەزایەتییەکان. نموونەی هەرەدیاری ئەو هەوڵانەی ژنان، ڕووداوی لابردنی حیجابی زۆرەملی وەکوو یەکێک لە هێماکانی دەسەڵاتی ژنکوژی کۆماری ئیسلامییە کە لە هەنگاوی بوێرانەی کچێک لە شەقامی ئینقلابی تارانەوە دەستی پێکرد و سەرەڕای ئەوەی کە ڕێژیم هەوڵی داوە بە هەڕەشە و سەرکوت و گرتن و لێدان، پێش بە پەرەسەندنی ئەو جۆرە نارەزایەتییانە بگرێت، لە ماوەیەکی کورتدا چالاکیی "کچانی شەقامی ئینقلاب" بوو بە نەریتێکی گشتی بۆ دەربڕینی نارەزایەتیی ژنان دژ بە کۆماری ئیسلامی و یاساکانی.

ئێمە وەکوو ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وێڕای پیرۆزبایی 8ی مارس لە هەموو ژنانی جیهان بەتایبەتی ژنانی یەکسانیخوازی وڵاتەکەمان، پشتیوانیی خۆمان لە هەموو داوا ڕەواکانی ژنان بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەختەوەر و ژیانێکی مرۆیی کە لە ڕاستیدا داواکاری و ویستی هەموومانە، دەردەبڕین، لە هەر دەرفەتێکدا و لە هەر تریبوونێکەوە کە لە بەردەستماندا بێت، دەنگمان دەخەینە پاڵ دەنگی هاواری مافخوازانەی ژنانی بەندکراوی وڵاتەکەمان و خەبات بۆ دابینبوونی ماف و داخوازییەکانیان بە ئەرکی لەپێشینەی خۆمان دەزانین.

سڵاو لە ژنانی مافخواز و خەباتگێڕی وڵاتەکەمان
سەرکەوتوو بێت خەباتی یەکسانیخوازانەی ژنان

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٧ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٨ی مارسی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## سپاس نامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران

**هاونیشتمانە بەڕێزەکان، خەڵکی خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانەوە، بە دڵ سپاسی هەموو لایەک دەکەین کە لە ئاستێکی بەرزی نەتەوایەتیدا بە دەم بانگەوازی ئێمەوە هاتن و ئەمساڵیش بەشکۆوە، مەڕاسیمی چوارشەممەسووری و جەژنی پیرۆزی نەورۆزتان، بەڕێوە برد. سەرەڕای ئەوەی ڕێژیم هەوڵی دا ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز بە دەوڵەتی بکرێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبوو.

ئێمە وەکوو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای جەژنە پیرۆزە بەبۆنەی دەستپێکردنی ساڵی نوێی کوردی، ئەوە وەبیر دێنینەوە کە یەکدەنگی و یەکریزی لایەنە سیاسییەکان و پاڵپشتیکردنی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە گشتی دەتوانێ وەک باسکێکی بەهێزی نەتەوەیی بە گژ ڕێژیمی داگیرکەری ماف و ئازادییەکانماندا بچێتەوە و هاوکات لە هەموو ئەگەرێکی سەخت و دژواردا وەکوو ئیرادەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی، هەموو کات بۆ پرسی نەتەوە و پاراستنی بەرگری لە چارەنووسی نەتەوەی کورد، لە مەیدان ئامادە بێ.

هەر وەک دەزانین سەرەڕای نەهامەتییەکانی نەتەوەکەمان لە باشوور و ڕۆژئاوای نیشتمانمان و کارەساتی دڵتەزێنی بوومەلەرزەی کرماشان و کوشتار و ئێعدامی ڕۆژانەی لاوان و کاسبکارانی کورد، لە لایەن رژێمی دژە مرۆڤایەتی کۆماری ئیسلامی، بەرەو پیری نەورۆز و ساڵی نوێی کوردی چووین و جەژنی نەورۆزیش لە ئاستێکی سەراسەری و نەتەوەیی لە هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە جلوبەرگی کوردی و جامانە و هەوری و گوڵی سوور، کە داوای ئێمە بوو بەڕێوە چوو. نەورۆز وێرای ڕەهەندی کولتووری و بۆنەیەکی شادی، هێما و سیمبولی خۆراگری و ڕۆژی بەگژداچوونەوەی زاڵم و ستەمکارە و خەڵکی وشیاری کوردستانی ئێران زۆر بە جوانی ئەو پەیامەیان بە گوێی دەسەڵاتی ملهوری ئێراندا هەلێنایەوە.

حکوومەتی ئێران وەک سیاسەتی هەمیشەیی ویستی بە ئامرازی سەرکووت و ترساندن و تۆقاندن، بەرەورووی خەڵک ببێتەوە، بەڵام خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە چەندین شوێن، بۆ نموونە شارەدێی نێ لە مەریوان بەرەورووویان بوونەوە و بە هەستێکی شۆڕشگێڕانە و نەتەوەیی جەژنی نەورۆزیان کردەوە.

ئێمە، جارێکی پیرۆزبایی لە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین و پەیمان لە گەڵ یەک دەبەستین کە لە هەموو دەرفەتێک بۆ یەکدەنگی بۆ بەدەستهێنانی ئازادی، بۆ خاک و خەڵکی کوردستان کەڵک وەرگرین.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

۳ی خاکەلێوەی ۱۳۹۷ی هەتاوی = ۲۳ی مارسی ۲۰۱۸ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی ١٠ی خاکەلێوە

**خەباتی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی دیاریکردنی چارەنوسی خۆی هەروا بەردەوامە!**

**خەڵکی خەباتگێڕیَ کوردستان!**

١٠ی خاکەلێوە، ڕۆژی لە سێدارەدانی پێشەوا قازی موحەممەد، سەرۆک کۆماری کوردستان وسەدری قازی و حەمە حوسێن خانی سەیفی قازی یە. ٧١ساڵ لەمەوبەر، لە ڕۆژی ١٠ی خاکەلێوەی ساڵی ١٣٢٦ی هەتاویدا، پێشەوا قازی موحەممەد، یەکەم سەرکۆماری دەوڵەتی جمهوری کوردستان، لە چوارچرای شاری مەهاباد، ڕاست لەو جیگایەی پێشەوا قازی، جمهوری کوردستانی لێ ڕاگەیاندبوو، بە فەرمانی موحەممەد ڕەزاشای پەهلەوی، لەسێدارە دران و گیانی پاکیان بەختی ئازادی و ڕزگاری گەل و نیشتیمانەکەیان کرد. چەند ڕۆژ دواتریش ژمارەیەکی دیکە لە ئەفسەرانی سوپای میللی کوردستان و کاربەدەستانی دیکەی حکومەتی کۆماری کوردستان لە ناوچەکانی سەقز و بۆکان لەداردران.

بەوجۆرە ڕێژیمی حەمەرەزاشا، دوای ئەوەی کە لەئاکامی گەلەکۆمەکیەکی نێونەتەوەیی دا، توانیبووی کۆماری کوردستان لەنێوببا، بەمەبەستی سەرکوتکردنی جوڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان، شەپۆلێکی بەرینی ئیعدام و کوشتن و گرتن و ڕاونان و زەبروزەنگی لە کوردستاندا دەست پێکرد. کاربەدەستانی دەوڵەتی تاران پێیان وابوو بەو کارە دەتوانن بیری ئازدیخوازی لەنێو خەڵکی کوردستاندا بۆ هەمیشە لە نێوبەرن. بەڵام هەروەک پێشەوا لەکاتی لە سێدارەدانیدا ڕوو بە داگیرکەران ڕایگەیاند:"بەکوشتنی من بیری کوردایەتی و ئازادیخوازی لە کوردستاندا نەک هەر لە بەین ناچێ، بەڵکو لە داهاتوودا بەهێزتریش دەبێ" ڕووداوەکانی دواتر ڕەوایی ئەو ووتە حەکیمانەی پێشەوایان سەلماند کە گەلی کورد نەک هەر دەستی لە خەبات و بەرخۆدان و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان هەڵنەگرت، بەڵکو ئامانجەکانی کۆماری کوردستان بوون بە ئیلهام بەخشی خەبات بۆ ئازادی و ڕزگاری نەتەوەی کورد لە سەرتاسەی ناوچەکەدا. تەنانەت ئەو هەموو سەرکوت و زەبروزەنگەش کە کۆماری ئیسلامی وەک میراتگری بەحەقی ڕێژیمی شا، لەماوەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیدا بە دژی گەلی کورد بەکاری هێناوە، بە خەباتی یەکگرتوانەی سیاسی و مەدەنی خەڵکی کوردستان وڵامی تووندی پی دراوەتەوە. ئەوەتا ئەمرۆ لە هەر چوار پارچەی کوردستان خەبات بۆ ڕزگاریی بە شێوازی جۆراوجۆر درێژەی هەیە.

هەر بۆیە ڕۆژی ١٠ی خاکە لێوە لە مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازانەی خەڵکی کوردستاندا، ئەگەر لەلایەک وەک ڕۆژێکی تاڵ و

ناخۆش دەناسرێ، لە لایەکی دیکەشەوە بە ڕۆژی پەیمان نوێکردنەوەو نیشاندانی یەکگرتوویی بۆ وەدیهێنانی ئامانجەکانی بزووتنەوەی میللی دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان دادەنرێ.

ئێستا پاش تێپەرینی حەوت دەیە بەسەر لە سێدارەدانی پێشەوا و هەڤاڵەکانیدا، دەبینین بزووتنەوەی کورد بۆتە فاکتەرێکی بە هێزی خەبات و تێکۆشان بۆ ئازادی و دێموکراسی لەئێران و ناوچەکەدا. بیری نەتەوایەتی و ئازادیخوازانە لە سەرتاسەری کوردستاندا بە باشترین و بەرزترین شێوە خۆی نیشانددا. ئەورۆ کۆمەڵگای کوردستان گۆڕاوە و بۆتە کۆمەلگایەکی فرە چەشن و پێشکەوتوو و پلوڕاڵ و فرەحیزب. بەڵام هەموو حیزب و ڕێکخراوە نیشتیمانی و دێموکراتیک و ئازادیخوازەکانی کوردستان سەرەڕای جیاوازی سیاسیی نێوانیان ڕێز لە کۆماری کوردستان و ئامانجەکانی دەگرن. ئەوە نیشاندەری ئەوەیە کە پێشەوا و ئامانجەکانی کۆماری کوردستان، نەک هەر موڵکی حیزبێکی دیاری کروانین، بەڵک هێمای هاوبەشی کولتوری سیاسیی و ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستان و حیزبە خەباتگێرەکانی سەرگۆڕەپانی خەباتن لە کوردستان
.

پێشەوا قازی چ لە کاتی ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستاندا و چ لەوەسیەتنامەکەیدا وەک ڕێبەرێکی میللی و دڵسۆزو شارەزا پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە خەباتکارانی گەلی کورد پێویستە لە بەرامبەر دوژمنانی کوردستاندا پتە و یەکگرتوو و هاودەنگ بن و لە نێوخۆشیاندا و لە بەرامبەر یەکتردا لەسەریانە نەرم و دووربین وسینگ فراوان و بە تەحەممول بن.

هەر بۆیە ئێمە ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی لە چوارچێوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێراندا لە دەوری یەک کۆبوینەتەوە، ئەمساڵ لەساڵرۆژی ١٠ی خاکە لێوەدا، سەرەڕای هەموو جیاوازیە حیزبی و سیاسیەکانمان، بۆ جارێکی دیکەش، لە پێناو بەرەوپێش بردنی ئامانجەکانی خەلکی کوردستاندا، پێکەوە پێ لەسەر هاوکاری و هاودەنگی و هاوخەباتی لە گەڵ یەکتر دادەگرینەوە. پەیمان لەگەڵ گیانی پێشەوا و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاری خەڵکی کوردستان نوێ دەکەینەوە کە ئاڵای خەباتی ئەوان تا سەرکەوتن بەرز و شەکاوە ڕادەگرین.

لەم دەرفەتە کەڵک وەردەگرین و داوا لە خەلکی کوردستان دەکەین هەرچی زیاتر لەدەوری ئامانجەکانی بزووتنەوەی کوردستان کۆببنەوەو خۆیان ڕێکبخەن و ریزەکانی تێکۆشان و سەنگەرەکانی بەربەرەکانی بەهیزتر بکەن. ئەو ڕووحیە خەباتگێرانەیەی ئێوە لە بۆنە جۆراوجۆرەکانی ئەو سالدا، وەک ڕوداوی بوومەلەرزەکەی کرماشان وپشتیوانی لە کۆڵبەران و یادکردنەوەی نەورۆز دا لەخۆتان نیشاندا، بۆ ئێمەش لە حیزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی خۆتاندا بۆتە هەوێنی یەکگرتوویی و هاوخەباتی زیاتر و مایەی دەرس لێوەرگرتن. ئێمە بە هیواو ئومێدێکی زۆرو ورەیەکی بەرزی خەباتگێرانەوە بەرەو ساڵێکی دیکە لە خەبات و بەربەرەکانی دەڕۆین. لێرەشەوە بەو پەری بەرپرسایەتیەوە ڕادەگەیەنین کە گەلی کورد لە

کوردستانی ئێران و حیزب و ڕێکخراوە خەباتگێڕەکانی ئامادەیی و توانا و زەرفیەتی ئەوە لە خۆیاندا دەبینن کە لە ڕەوتی ئاڵوگۆڕەکانی ئێران و ناوچەدا، وەک پارامیترێکی گەورەو کاریگەر و دێموکرات دەوری خۆیان بگێرن و ئەزموونی سیاسی کۆماری کوردستان و بزووتنەوەی نوێی ئەو چوار دەیەی ڕابردووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرەو پێشەوە بەرن.

**سڵاو لە گیانی پاکی پێشەوا قازی و هەموو شەهیدانی ڕێگای ئازادی و ڕزگاریی!**
**سلاو لە ئامانجەکانی کۆماری کوردستان !**
**سڵاو لە خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان !**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٨ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٩ی مارسی ٢٠١٨ی زایینی**

---

## پشتیوانی لە خۆپێشاندانەکانی خەڵکی پارێزگەی خوزستان دەکەین!

زیاتر لە حەوتوویەکە شارەکانی پارێزگەی خوزستانی ئێران بوون بە مەیدانی خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی عەرەبی ئەو پارێزگەیە. سەرەڕای هاتنە مەیدانی هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیم و بەربوونیان لە گیانی خەڵکی ناڕازی و، وێڕای بەردەوامیی لەشکرکێشی و ڕەوانەکرانی هیز لە پارێزگەکانی دیکەوە بۆ سەرکوتی خۆپێشاندەران، دانیشتوانی سووکایەتی پێکراوی پارێزگەی خوزستان، لەسەر درێژەدان بە خۆپێشاندان بەردەوامن.

ئەگەرچی هەتا ئێستا دەوروبەری ١٦٠ کەس لە خۆپێشاندەران قۆڵبەست و ڕەوانەی گرتووخانەکان کراون و، کەشوهەوای سەرکوتکەرانە لە ئەهواز و ئابادان و شارەکانی دیکەی ئەم پارێزگەیە ڕوولە زیادبوونە، خەڵکەکە کۆڵیان نەداوە و لەسەر مەحکوومکردنی سووکایەتیی تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتی بە شوناسی نەتەوەیی خۆیان و بەربەرەکانیی هێزە سەرکوتکەرەکان بەردەوامن.

خۆپێشاندان و ناڕەزایەتیدەربڕینەکانی ئەمجارەی شارەکانی پارێزگەی خوزستان دوای ئەوە دەستی پێکرد کە تەلەڤیزیۆنی دەوڵەتیی ئێران لە بەرنامەیەکی نەورۆزیی خۆیدا، شوناسی نەتەوەیی خەڵکی ئەو ناوچەیەی کە لە گەلی عەرەب پێک هاتوە، پشتگوێ خست. ئەوە یەکەم جار نیە نەتەوە بندەستەکانی ئێران بە شێوەی خۆپێشاندان و هاتنە سەرشەقام بەرامبەر سووکایەتیی راگەیەنە دەوڵەتییەکانی ئێران هەمبەر شوناسی نەتەوەیی خۆیان، دژکردەوە پێشان دەدەن. ئامادەیی نەتەوە بندەستەکانی ئیران بۆ دژکردەوە نیشاندان بە شێوەی خۆپێشاندان لە چەندین شار و مەحکوومکردنی سیاسەت و کردەوەی دامودەزگا دەوڵەتییەکان، هۆیەکی زۆر ڕوونی هەیە. ئەم تووڕەیی و بێزارییە، بەرهەمی دەیان ساڵ ئینکارکرانی شوناسی نەتەوە جۆراوجۆرەکانی ئێران و خۆبواردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدانانان و بەرەسمی ناسینی مافە نەتەوەییەکانیانە. دامودەزگا دەولەتی و حکوومەتییەکان هەر بەوەندەشەوە نەوێستاون و لە ڕووی ئابووری و ئاوەدانییشەوە هەوڵیان داوە شارو ناوچەکانی ئەو نەتەوە بندەستانە پشتگوێ بخەن و کەمترین ئاوڕیان لێ بدەنەوە. سەرەڕای ئەو دۆخەش، شانبەشانی گرتنەبەری سیاسەتی هەڵاواردن و پشتگوێخستن، پەنایان بردووەتە بەر زاڵکردنی کەشوهەوای ئەمنیەتی و خزاندنی هێزی سەرکوتکەر لەو ناوچانە و، هەر چەشنە ناڕەزایەتی دەربڕینێک بە سەرکوت و گرتن و ئێعدام وەڵام دەدەنەوە.

خەڵکی ئازادیخواز و خەباتگێڕی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە نزیکەی ٤٠ ساڵە بەهەموو وجوودیانەوە ئاکام و شوێنەوارەکانی

سیاسەتی شۆڤێنیستی و سەرکوتکەرانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بەرامبەر خۆیان دیتوە و چێشتوە، زۆر باش لە کێشە و گرفت و بێبەشیەکانی خوشک و برایانی خۆیان لە خوزستان تێ دەگەن. ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی سووکایەتیی راگەیەنە حکوومەتییەکان بە شوناسی نەتەوەیی پێکهاتەکانی ئێران، پشتیوانیی خۆی لە خۆپێشاندان و نارەزایەتیدەربڕینەکانی خەڵکی شارەکانی پارێزگەی خوزستان و ویستە ڕەواکانی ئەوان رادەگەیەنێ. ئێمە لە کاتێکدا خەڵکی کوردستان و بەشەکانی دیکەی ئێران بۆ پشتیوانی لە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی خوزستان بانگەواز دەکەین، لە ناوەندەکان و کۆڕو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان داوا دەکەین گوشار بخەنە سەر کۆماری ئیسلامیی ئیران و، سەرکوتی ئەو نارەزایەتییانە و گرتن و بێسەروشوێنکردنی چالاکانی عەرەب لە لایەن دامەزراوە سەرکوتکەرەکانی ئەو ڕێژیمە بە توندی مەحکووم بکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٦ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٥ی ئاوریلی ٢٠١٨ی زایینی

## بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

### ڕێگە مەدەن ڕێژیمی ئێران گیانی بەندییەکی سیاسیی دیکە بستێنێ!

حەوتووی رابردوو، "دیوانی بەرزی وڵات" حوکمی زاڵمانە و نارەوای ئێعدام  لە بارەی بەندی سیاسیی کورد رامین حوسێن پەناهیی پەسەند کردەوە.

حوکمی ئێعدامی رامین حوسین پەناهی یەکەم جار ڕۆژی پێنجشەممە ٢٥ ژانویەی ٢٠١٨ی زایینی، لە لایەن بە ناو "دادگای شۆرش" لە شاری سنە، بە سەر ئەو بەندییە سیاسییە کوردەدا سەپێندرا. ئەوحوکمە لە کاتێکدا بە سەر ڕامیندا سەپێندرا کە ناوبراو تەواوی قۆناغەکانی لێکۆڵینەوە و پێکهاتنی پەروەندەکەی بە برینداری و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجەدا تێپەڕ کردبوو. ئەو بەناو دادگایەش کە بۆ موحاکەمە کردنی ئەو پێک هاتبوو، تەنیا یەک  جار کۆ بۆوە! هەر ئەو کات دەرکردنی حوکمی زاڵمانەی ئێعدام بۆ رامین حوسێن پەناهی بووە هۆی سەرسوڕمانی وەکیلەکەی، حوسێن ئەحمەدی نیازو سەرجەم ناوەندەکان و چالاکانی بەرگری لە دادپەروەری و مافی مرۆڤ لە کوردستان و ئێراندا.

پەسندکرانەوەی حوکمی ئێعدامی ئەو بەندییە سیاسییە کوردە لە لایەن "دیوانی بەرزی وڵات" نیشاندەری ئەو راستییەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دوای پەرەگرتنی نارەزایەتییە سەرانسەرییەکان لە ئێران و بە تایبەتی بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانەکان، بۆ چاوترساندنی خەڵکی وەزاڵەهاتوو، هەر وا کە لە کوشتنی خۆپێشاندەرەکان لە ژێر ئەشکەنجە دا دەستی نەپاراستوە، دەیەوێ لە ئیعدامی بەندییە سیاسییەکانیش دەست نەپارێزێ.

ئێمە لە هەموو ناوەند و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی جیهان داواکارین بە دەنگ هاواری بنەماڵەی رامین حوسێن پەناهی و بانگەوازی چالاکانی مافی مرۆڤ و هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بێن. داوای بەپەلەیان لێ دەکەین بە مەحکووم کردنی پەسندکردنەوەی حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی و گوشارهێنان بۆ سەر ڕێژیمی ئێران لەو پیوەندییەدا، پێش بە مەترسیی ئێعدامی ئەو لاوە کوردە تێکۆشەرە بگرن. هەر لەو کاتەدا داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە سەرنج و بایەخێکی تایبەتی بە چارەنووسی ئەو گیراوانە بدەن کە بە دوای خۆپێشاندان و نارەزایەتییەکانی چەند مانگی رابردووله لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان، خوزستان، تاران و شار و ناوچەکانی دیکەی ئێران گیراون و لە گەڵ مەترسیی مردن لە ژێر ئەشکەنجە و چارەنووسێکی نادیار بەرەورِوون.

هەر لەم دەرفەتەش کەڵک وەردەگرین بۆ ڕاگەیاندنی سپاس و پێزانینی خۆمان هەمبەر هەموو ڕێکخراوە مەدەنییەکان، پارێزەرە بوێرەکان، چالاکانی بەرگری لە مافی مرۆڤ و میدیاکارانی ئازادیخوازلە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات کە لە پێوەندی لە گەڵ چارەنووسی رامین حوسێن پەناهی و گیراوانی سیاسی و مەدەنیی دیکە لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا، بێ ماندووبوون چالاکی دەکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٤ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٣ی ئاوریلی ٢٠١٨ی زایینی

## پشتیوانی لە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینی شارە سنوورییەکان دەکەین

ماوەی چەند ڕۆژە مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی شارە سنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دژی داخرانی سنوورەکان، درێژەی هەیە. ئەم ناڕەزایەتیدەربڕینە مەدەنییە لە شێوەی کۆبوونەوە لە بەر دەرکی فەرمانداریی شارەکانی جوانڕۆ و بانە و مەریوان و سەقز، هەر وەها لە شێوەی ڕاخستنی سفرەی بەتاڵ و کۆبوونەوە لە دەوری ئەو سفرەیە خۆی نواندوە. ئەم حەرەکەتە مەدەنییانە شارەکانی سەردەشت و پیرانشاریشی گرتووەتەوە و چاوەڕوان دەکرێ بۆ شارەکانی دیکەش پەل بهاوێ و هەر وا درێژەی هەبێ.

ئاشکرایە کە ژیانی ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتووانی زەحمەتکێشی شار و ناوچە سنوورییەکان لە ڕێگای کۆڵبەرییەوە دابین دەبێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ژێر ناوی بەربەرەکانی لە گەڵ هاتنی کەلوپەلی قاچاغدا، ساڵ بە ساڵ توند و تیژی و تاوان و سەختگیریی دژی کۆڵبەران زیاتر کردوە. سەرەڕای کوشتن و برینداركردنی سەدان کۆڵبەر و دەستبەسەرداگرتنی بارەکانیان و لە نێوبردنی وڵاغی بارییان، بەردەوام هەوڵی پەکخستن و نەهێشتنی ئەم تەنیا سەرچاوەی ژیان و داهاتی دەیان هەزار بنەماڵەی هەژار و دەسکورتی ئەو ناوچانەی داوە. بە تازەییش وێڕای داخستنەوەی سەر لە نوێی سنوورە کۆڵبەرییەکان، یاسا گومرگییەکانی لە زیانی هاوردەکاران و فرۆشەران گۆڕیوە و بەم جۆرە جارێکی دیکە ژیان و بەڕێچوونی ئەو خەڵکەی خستووەتەوە مەترسی. ڕاستییەک کە ئەوەندەی دیکە تووڕەیی و بێزاریی خەڵکی ئەو ناوچانەی لێ کەوتووەتەوە ئەوەیە کە کاربەدەستان، هیچ پرۆژە و بەرنامەیەکی ئابوورییان بۆ ژیان و بەڕێچوونی ئەو خەڵکە نیە کە کۆڵبەری و هێنان و فرۆشتنی کەلوپەل لە سنوورەکانیان لێ قەدەغە کردوون.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینی خەڵکی شارە سنوورییەکان، بە حەرەکەتێکی مەدەنیی هەڵگری داوا و داخوازی ڕەوا و ئینسانی دەزانێ و بە تەواوی پشتیوانیی لێ دەکا.

نیشاندانی سفرەی بەتاڵ و دەنگهەڵبڕین دژی ئەو هەمووە تاوان و قەدەغە و قۆرغە کە ڕێژیمی دەسەڵاتداری ئێران بۆ پەکخستنی سەرچاوەی ژیانی زەحمەتکێشترین بەشەکانی خەڵک بەڕێوەیان دەبا، سەرەتاییترین مافی ئەو خەڵکەیە. ئێمە لە کاتێکدا سڵاو بۆ خۆڕاگری و ئیرادەی کۆڵنەدەرانەی مانگرتوان دەنێرین، داوا لە خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین دەنگی خۆیان تێکەڵ بەدەنگی مانگرتووانی شارەکانی جوانڕۆ، بانە، سەقز، مەریوان، سەردەشت و پیرانشار بکەن. پاشەکشەی کاربەدەستان و ملدانیان بۆ داخوازە ڕەواکانی مانگرتوان و ناڕازییان، لە گرەوەی درێژەی ئەو حەرەکەتە و پشتیوانیی خەڵکی شارەکانی دیکە لە مانگرتنی شارە سنوورییەکان دایە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢٩ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٨ی ئاوریلی ٢٠١٨ی زایینی**

---

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ١ی مەی ڕۆژی جیهانیی کرێکاران

**کرێکارانی کوردستان!**

**چین و توێژە زەحمەتکێشەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان!**

بە بۆنەی ١ی مانگی مەی(١١ی گوڵان)، ڕۆژی هاوپێوەندیی جیهانیی کرێکاران، گەرمترین پیرۆزباییتان پێشکەش دەکەین. لەم بۆنەیەدا سەرکەوتنتان لە خەبات بۆ بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانتان و گۆڕینی هەلومەرجی پڕ لە ستەم و چەوسانەوەی سەرچاوەگرتوو لە دەسەڵاتداریێتی و سیاسەت و قانوونەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ئاوات دەخوازین.

نزیکەی٤ دەیەیە، کرێکاران و چین و توێژە زەحمەتکێش و کەم داهاتەکان لە وڵاتی ئێران بە گشتی و لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی، لەسێبەری دەسەلاتداریێتیی ڕێژیمی ئێستا دا، لە گەڵ پێشێلکرانی سەرەتاییترین مافەکانیان بەرەوڕوون. کرێکاران، لە کۆمەڵگەی ئێمەش وەک زۆربەی وڵاتانی جیهان، ئەگەر چی زۆرترین پشکیان لە هەڵسووڕاندنی چەرخی ئاوەدانی و بەرهەمهێناندا هەیە، بەڵام کەمترین داهات و دەسکەوتیان لە بەرهەمی ڕە نج و ماندوویەتیی خۆیان پێ دەبڕێ. ئەو حەقدەستەش کە بۆیان دیاری کراوە، سەرەڕای ئەوەی وەڵامدەری زۆربەی پێداویستییەکانی ژیانی خۆیان و بنەماڵەکانیان نیە، بە نارێکوپێکی پێیان دەدرێ. ئەمەش لە کاتێک دایە کە قانوونەکانی وڵات و دەسەڵات و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی ڕێژیم، لە لایەکەوە ڕێگرن لە پێکهاتن و تێکۆشانی یەکیەتی و ڕێکخراوە کرێکارییەکان و بەڕێوەچوونی مانگرتن و چالاکییە جۆراوجۆرەکانی دیکە، لەو لاشەوە پشتیوانی خاوەنکار و سەرمەیەدارەکان و هەلومەرجی چەوسێنەرانەی زاڵ بە سەر کارخانە و کارگە و شوێنی کارن. جیا لەمانەش، ئاخوندە دەسەڵاتدار و"ئاغازادە"کانیان، بنکە و بنیاتە حکوومەتییەکان، فەرماندەرانی سوپای پاسداران و گەورەکاربەدەستانی حکوومەتی و دەوڵەتی، لەئاستی سەرانسەری و لەئاستی هەر پارێزگە و شار و ناوچەیەکدا بەشی هەرە گەورە، لە سەرمەیەی وڵات و پرۆژە ئابوورییەکانیان لە پاوانی خۆیان گرتوە و هەر چەشنە نارەزایەتی دەربڕین و خۆڕێکخستنی کرێکاران بۆ گۆڕینی هەلومەرجی داسەپاو، بە توندی سەرکوت دەکەن.

بەو حاڵەش کرێکارانی کوردستان هیچ کات بەرامبەر ئەو بارودۆخە جەهەننەمییە کە دەسەڵاتدارانی وڵات بە سەریاندا سەپاندوون، بیدەنگ و بێهەڵوێست نەبوون. ڕۆژژمێری خەبات و تێکۆشان و بزووتنەوەی حەقخوازی لە کوردستان پڕە لە

نـاڕەزایەتی دەربـڕین، مـانگرتن و بەربەرەکـانیی کرێکـاران. بە خۆشییەوە بـزووتنەوەی کرێکـاری و خەبـاتی ڕوو لە گەشەی چین و توێژە زەحمەتکێشـەکانی کوردسـتانی ئێران، کـۆڵەکەیەکی حاشـالێنەکراو و ڕوویەکـی گەشی بـزووتنەوەی چینـایەتی، مەدەنـی و ئـازادیخوازی لەڕۆژهەڵاتـی کوردسـتانە. ئەو چـالاکی و کۆبـوونەوە گەورانەش کە هەمـوو سـاڵی بەبـۆنەی ١ی مانگی مەی، سەرەڕای دژایەتـی و کەنـد و کۆسپ دانـانی دامودەزگـا حکوومەتییەکـان، لە هێنـدێک لە شـارەکانی کوردسـتانی ئێران پێک دێن، بەهێزی و ڕەوایی ئەم بزووتنەوەیە دەسەلمێنن.

**کرێکارانی کوردستان!**
**یەکیەتی و ڕێکخراوە کرێکاریەکانی ڕۆژهەڵات!**

ئەمساڵ ئێوە لەکاتێکدا بە پێشوازی ڕۆژی جیهانیی کرێکارانەوە دەچن، کە شارەسنوورییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بـوون بە گۆڕەپانی مانگرتن و ناڕەزایەتیدەربڕینی مەدەنیی خەڵکی هەژار و زەحمەتکێشی ئەو شارانە. دانیشـتوانی شـارو ناوچەکـانی بـانە، مەریـوان، سەردەشت، پیرانشـار، شنۆ، پـاوە، جوانرۆ و ژمـارەیەک شـاری دیکە کە بژێـوی بنەماڵەکانیـان لە ڕێگـای کـۆڵبەری و کاسبیی سەرسـنوور دابـین دەبـێ، جـارێکی دیـکە لە گەڵ داخرانـی سـنوورەکان و زنجیـرەیەک یاسـا و بڕیـاری زاڵمـانەی دیکەی دامودەزگاکـانی ڕێـژیم بەرەوڕوو بـوونەتەوە. نـاڕەزایەتی و مـانگرتنی شـارە سنوورییەکان ڕوویەکـی دیکەی خەبـاتی ئێـوەیە لە دژی چەوسـانەوە و ئەو ڕۆژڕەشـی و بێبەشیانە کە ڕێژیمی دەسـەڵاتداری ئێـران بەسـەر خەڵـکی ئێرانـی داسەپاندوە. داواتـان لێ دەکەین ئەمسـاڵ یەکگرتـووانەتر لە هەمیشە و بە شکۆیەکی هەر چی زیـاترەوە، پێشوازی لەڕۆژی خۆتـان ١ی مـانگی مەی بکەن. پەیـامی ناوەنـدی هاوکـاریی حیزبەکـانی کوردسـتانی ئێران بـۆ ئێـوە ئەوەیە وێـڕای مەحکووم کردنی سیاسەتە دژە کرێکارییەکانی کۆماری ئیسلامی و دەربڕینی بێزاریـی خۆتـان لـە هـەر جۆرە هەلاواردنێکی چینـایەتی و پێداگری لەسەر داخوازەکانتان، خۆپێشاندان و کۆبـوونەوە و ڕێپێوانەکـانی ئەمسـاڵی خۆتـان لە ڕۆژی جیهـانیی کرێکـاراندا، بکەن بە سەکۆیەک بۆ پشتیوانی لە مانگرتنی شارە سنوورییەکان و داخوازە ڕەواکانیان.

سەرکەوێ خەباتی کرێکاران بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان،

بـژی هاوپێوەنـدی و هاوپشـتیی کرێکـاران و سـەرجەم چین و تـوێژە حەقخوازەکـانی کوردسـتان لە خەبـات بە دژی ڕێژیمـی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

پیرۆز بێ ١ی مانگی مەی، ڕۆژی هاوپێوەندیی کرێکارانی جیهان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٨ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٩ی ئاوریلی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## بانگەوازیکی بە پەلە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە

### ئەگەری ئێعدامی رامین حوسێن پەناهی هەیە،

### هەڵمەتێکیگشتی و خێرا بۆ رزگارکردنی گیانی ئەو پێویستە!

لە رۆژی سێشەمە ١١ی بانەمەڕەوە، بەندیی سیاسیی کورد رامین حوسێن پەناهی بۆ قەرەنتینە راگوێزراوە. نیشانەکان ئەوە دەگەیەنن کە جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی نیازی ئێعدامی ئەو لاوە کوردەیان لەم ١-٢ رۆژە دا هەیە. بەسەرنجدان بە تەئیدکرانەوەی حوکمی لە سێدارەدانی ڕامین لە لایەن دیوانی بەرزی وڵات و هەروەها بە وەبەرچاوگرتنی ڕق و دوژمنایەتیی لەمێژینەی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر خەڵکی کوردستان و لەمانەش گرنگتر، پێویستیی ئێستای ئەو ڕێژیمە بە چاوترساندنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی شارو ناوچەکانی کوردستان، نیگەرانی لە ئیعدامی رامین حوسێن پەناهی زۆر جیددییە.

لەم دوا ساتانەی ژیانی ئەو لاوە کوردە دا، تەنیا شتێک کە دەتوانێ ئەم ڕێژیمە لە بڕیارِ ئێعدامی ئەو پاشگەز بکاتەوە، بەرز بوونەوەی دەنگی نارەزایەتیی هاوزمانان و هاونیشتمانانی رامین و هەموو مرۆڤە بە ویژدان و بە هەڵوێستەکان لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتە. بەم بۆنەیەوە بانگەوازی کۆمەڵێک کەمپەین و چالاکی لە نێوخۆی رۆژهەلات و لەولاتانی ئورووپایی بڵاو بوونەتەوە. ئێمە وێڕای پشتیوانی لەکۆبوونەوە و ڕێپێوان و هەر حەرەکەتێکی دیکە بۆ بەرگری لە گیانی رامین حوسێن پەناهی و مەحکوومکردنی بڕیارو نیەتی ئێعدامی ئەو بەندییە سیاسییە، لە هاونیشتمانان لە نیوخۆ و دەرەوەی وڵات داواکارین دوایین دەرفەتەکان بۆ دەنگ هەڵبڕین دژی ئەم تاوانە، لە دەست نەدەن. چاوەروانیمان ئەوەیە هەڵمەتێکی خێرا و گشتی بۆ راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتی بۆ لای تاوانێک کە خەریکە روو بدا، وەڕێ بخەن.

لە ناوەندە نێودەوڵەتییەکانی بەرگری لە مافی مرۆڤیش داوا دەکەین هەولەکانی خۆیان بە مەبەستی نەجاتی گیانی رامین حوسێن پەناهی، زیاتر و خێراتر بکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٣ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢ی مای ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران: بە یەکگرتووییتان شکۆی مانگرتنە پڕ شانازییەکەی بانە بپارێزن

کاسبکاران و بازاڕیانی بانە ماوەی زیاترلە سێ حەوتوویە لە مانگرتنی گشتی دان. ئەوان وەک نارەزایەتی بەرامبەر گوشار و بەربەستەکانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لە گەڵ کار و کاسپیی سەرسنووردا مانیان گرتوە و دوکان و بازاڕیان داخستوە. کاربەدەستان و دەزگا حکوومەتی و دەوڵەتییەکان جگە لەوەی ئەو پەڕی بێمەسئولیيەتییان بەرامبەر داوا رەواکانی خەڵکی ئەو شارە نیشان داوە، لە هیچ هەوڵ و تاکتیکێک بۆ کەلێن و تەفرەقە دروستکردن لە ڕیزی یەکگرتوانەی خەڵکی بانەی خۆڕاگر درێغیان نەکردوە. بەڵام خەڵکی مافویست و کۆڵنەدەری بانە، یەکگرتوویی خۆیان پاراستوە و بە بەردەوامبوون لە سەر مانگرتن و پێداگری لە سەرداواکانیان لاپەرەیەکی پڕشنگدار و کەم وێنەیان لە خەباتی مەدەنی و جەماوەری خستووەتە سەر مێژووی خەباتی حەقخوازانەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

مانگرتنەکە لە حاڵێکدا پێی ناوەتە چوارەمین حەوتوو، کە دەسەڵاتدارانی دژی گەلیی کۆماری ئیسلامی هەروا لە سەر گوێنەگرتن لە داخوازەکانی خەڵک سوورن. لە لایەکی دیکە شار و ناوچەکە بە بۆنەی بەردەوامیی مانگرتنەکە لە دۆخیکی نائاسایی دان و ئەم دۆخە لە سەر ژیان و بەڕێچوونی بەشە جۆراوجۆرەکانی خەڵک، کاریگەری بەرچاوی داناوە. بڕیار لە بارەی چارەنووس و داهاتووی ئەو مانگرتنە، لە دەست ڕێکخەران و بەڕیوەبەرانی ئەو حەرەکەتە دایە کە نوێنەر وهەڵقوڵاوی جەماوەری ناڕازیی بانەن. ئێمە هەر وەک لە سەرەتاوە رامانگەیاندوە، داواکانی کاسبکاران و بازاڕیانی بانە و شارە سنوورییەکانی دیکە بە ڕەوا دەزانین و، پشتیوانیمان لە مانگرتن و حەرەکەتی نارەزاییدەربڕینی ئەوان کردوە و دەیکەین. لەمەودواش پشتیوانی لە هەر حەرەکەتێک دەکەین کە پاریزەربی یەکگرتوویی خەڵک و هەر لەو کاتەدا زامن و هەڵگری بەردەوامیی نارەزایی و پێداگری لە سەر داواکان بێ. گرنگ ئەوەیە ئەم مانگرتنە شکۆمەندانەیە لە ئیستا دا، پێویستی بە نمایشێکی بە هێزی یەکگرتوویی خەڵکی بانە و هەر وەها هاوپێوەندیی خەڵکی کوردستان لە گەڵ دانیشتوانی ئەو شارە هەیە. هەر بۆیە لە خەڵکی بانە داواکارین یەکگرتوویی خۆیان بۆ هەنگاوەکانی داهاتوو بپارێزن، و بە راگرتن ونیشاندانی ئەو یەکگرتووییە درێژماوەترین مانگرتن وحەرەکەتی ئیعترازیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بگەیەننە چڵەپۆپە. لە خەڵکی شارو ناوچەکانی دیکەی کوردستانیش داواکارین لە سەر هاودەنگی و پشتگیریی خەڵکی خۆراگری بانە وشارە سنوورییەکان بەردەوام بن.

دڵنیاین خەڵکی بانە و شارە سنوورییەکانی دیکە(مەریوان، پاوە، جوانرۆ، سەردەشت، پیرانشار، شنۆو...) ئەزموون و

دەسکەوتەکانی نارەزایتیدەربڕینەکانی ئەم جەند حەوتووەی دوایی خۆیان دەپارێزن و دەیانکەن بە هەوێنی بەردەوامبوون لە سەر داخوازە رەواکانیان لە داهاتوودا.

سلاو لە یەکگرتوویی و خۆراگریی خەڵکی بانە،
سەرکەوتن بۆ داواکانی جەماوەری ناڕازیی شارەسنوورییەکان،
بۆ پێشەوە بۆ دووبارە کردنەوەی حەماسەی یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

شەوی ١٧ لە سەر ١٨ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٧لە سەر ٨ی مانگی مای ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاری بە بۆنەی ئەگەری ئیعدامی لاوێکی کورد خەڵکی بەشەرەفی کوردستان

**ناوەندە مرۆڤ دۆست و پارێزەری مافەکانی مرۆڤ!**

دەسەلاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ماوەی ٤ دەیەی رابردوو، بەئامانجی کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازانەی نەتەوەکەمان و بەردەوامی حوکمی نارەوای خۆی لە هەموو ئامرازێکی سەرکووت و چەوسانەوە کەڵکی وەرگرتووە و خەراپترین و قێزەونترین جۆری سەرکووت و جینایەتەکانی لەسەر میللەتەکەمان تاقی کردۆتەوە. گەلی کورد لە کوردستانی ئێران لە باری سەرژمێری و رێژەی ئیعدامی سیاسی لە سەرووی ریزبەندییەکاندایە و پۆل پۆل لاوەکانمان بە بیانوو و تۆمەتی ساختە و گاڵتەجار رەوانەی جووخەکانی مەرگ دەکرێن.

لە ئێستاشدا کە قەیرانە جۆراوجۆرەکان دەوران دەوری دیکتاتۆریەتی ئاخوندانیان گەمارۆ داوە و کێشە سیاسیە نێونەتەوەیی و ناوخۆییەکانیان رۆژ لەدووی رۆژ لەپەرەسەندن و گەورەبوونەوە دایە، بێگومان زیاتر لە هەر کاتێکی تر ترسی تەقینەوەی رقی پەنگخواردووی گەلانی ئێرانیان لێ نیشتووە و بەو هۆیەشەوە رێژەی ئیعدام و سەرکووت وەک رێگەکارێک بەمەبەستی چاوترسێن کردنی خەڵکی ئازادیخواز لە لایەن ئەو دەسەلات و سیستەمە ناخەڵکی و دژی ئازادییە زیادی کردووە.

لەدرێژەی تاوانەکانی رژیمی تاران لە راست گەلەکەمان ئەمجارە لاوێکی بێ تاوانی شنۆیی بە ناوی هیدایەت عەبدوڵلا پوور بە تۆمەتی بێ بنەمای هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان کەوتۆتە بەر رقی ئاخوندانی خوێنرێژ. ناوبراو کە پێشتر لە بێدادگاکانی کۆماری ئیسلامی ئێران ٣٠ ساڵ بەندینخانەی بۆ براوبوویەوە، لە دوا پێداچوونەوە بەدەستێوەردانی سپای پاسداران حوکمەکەی گۆڕدراوە بۆ ئیعدام و لەئێستاش دا مەترسی بەرێوەچوونی حوکمەکەی پەرەی سەندووە.

ناوندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێرای مەحکووم کردنی ئەو حوکمە ناعادیلانە، سەرجەم ئازادیخوازان و ناوەندەکانی مافی مرۆڤ لە ئاستی نێونەتەوەیی بانگ دەکات تا دەنگی نارەزایەتی سەبارەت بەو جینایەتە هەڵبڕن و بەفشاری نێونەتەوەیی و هەمەلایەنە پێش بەئیعدامە سیاسیەکان و ئیعدامی هیدایەت و رامینەکانی کوردستان بگرن.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**١٥ی پوشپەری ١٣٩٧ی زایینی = ٦ی جولای ٢٠١٨ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی ٢٩ مین ساڵیادی تیرۆری د.قاسملوو و هاوڕێیانی لە ڤییەن

کۆمەڵگەی کوردستان بەگشتی و کۆمەڵگەی سیاسیی کوردستانی ئێران بە تایبەتی یەکێ لە قوربانییەکانی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە.

تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران لە دژی کوردستان لە ساڵی ١٣٥٨ و لە دادگا چەند چرکەییەکانی سادق خەڵخالییەوە دەستی پێکرد و هەتا ئێستاش گەورەترین مەترسیی سەر چالاکانی سیاسیی کوردستانی ئێران هەمان تێرۆریزمی دەوڵەتییە کە لە مێتۆدە نەگۆڕەکانی دەسەڵاتی تارانە.

لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە لە درێژەی هەمان سیاسەتی تیرۆریسم هەوڵی لە خشتەبردنی کۆمەڵگەی کوردستان دراوە و هاوکات بە سەدان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات و سازمانی خەبات و کۆمەڵە و باقی هێز و لایەنە سیاسییەکان کەوتوونەتە بەر شاڵاوی تیرۆری ئاخوندەکانی ئێران و تیرۆری فیزیکی کران.  هەموو ئەو تاوانە نەبەخشراوانە بە بەرچاوی جیهان کرا و مخابن لە دونیای سات و سەودای ئابووریدا ئەو جینایەتانە دێزەبەدەرخۆنە کران و تاوانباران تا تاران ئیسکۆرت کران.

لە دەرکەوتەکانی گۆڕینی سیاسەتی ئەمریکا لەڕاست ئێران ئاماژەدان بە تێرۆری نەمران دوکتور عەبدوڕەحمان قاسملوو و دوکتور سەعید شەرەفکەندی بەدەستی دەوڵەتی ئێران لەلایەن بەرپرسانی باڵای ئەمریکا بوو کە ئەوەش دەکرێ وەک بەڵگەیەکی تر لەسەر ئەوەی کە نەتەوەی کورد لە کوردستانی ئێران قوربانیی دەستی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە لێی بروانرێ.

قۆناغی ئێستا لەوانەیە باشترین دەرفەت بێ بۆ زیندووکردنەوەی هەموو کەیسەکانی تێرۆری تێکۆشەرانی سیاسی لە کوردستانی ئێران و بە تایبەتی تێرۆری دکتۆر عەبدوڕەحمانی قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانیان و هاوکات پێویستە و زەرووره بۆ بەرەڕووبوونەوە لەگەڵ تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی، هەموو وڵاتانی بەرپرس لە بەرانبەر ئاسایشی جیهانیدا، بەتایبەتی وڵاتانی ئورووپایی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لەلایان ڕێژیمی تاران و تێرۆریزمی دەوڵەتیی ئەو ڕێژیمە بۆ بەرژەوەندیی کورتخایەن نەخەنە پشتگوێ و؛ لەو چوارچێوەشدا بێدەنگی و بێهەلوێستیی تاهەنووکەی دەوڵەتی ئوتریش مەحکووم دەکەین.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، وێڕای مەحکوومکردنی تێرۆریزمی دەوڵەتیی ڕێژیمی ئێران و تێرۆری ڤیيەن، تێرۆریزمی دەوڵەتی لە دژی کوردستانی ئێران وەک دۆسیەیەکی کراوە سەیر دەکا و ئامادەیە لەگەڵ هەر دادگایەکی بێلایەن هاوکاری بکا بۆ ئەوەی دۆسیەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی لە دژی کوردستان لەو دادگایەدا تاوتوێ بکرێ و، چیتر لە بێدەنگی جیهانیدا کەسایەتی و چالاکانی سیاسیی کوردستان لەلایەن ڕێژیمی دیکتاتۆریی ئێران تێرۆر نەکرێن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٠ی پوشپەری ١٣٩٧ی هەتاوی = ١١ی جولای ٢٠١٨ی زایینی

## پەیامی هاوخەمیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کورستانی ئێران بە بۆنەی ڕووداوی شاری سنە

بەداخەوە کاتژمێر ٢ی سەرلەبەیانیی چوارشەممە ٢٠ی پووشپەری ١٣٩٧، لە ڕووداوێکی دڵتەزێنی پێکدادانی بارهەڵگرێکی سووتەمەنی لەگەڵ ئوتووبوسێکی نەفرهەڵگر و، کەوتنەوەی ئاگر، ٢٧ هاووڵاتیی کورد گیانیان لەدەستدا و، ژمارەیەکی بەرچاویش بریندارن.

ئەوە یەکەمجار نییە ڕووداوی هاوشێوەی لەم چەشنە کارەساتبارە لە جادە و ڕێگاوبانەکانی کوردستان روو دەدا و، تا ئێستاش چەندین جار نارەزایەتی بەرین لەو پێوەندییەدا لە لایەن خەڵکەوە پیشان دراوە کە بەداخەوە هیچ پێڕاگەیشنێکی پێنەکراوە و ئەو جۆرە ڕووداوانە هەر وا گیانی خەڵکی بێ تاوان دەستێنێ.

ئەوەی جێگەی داخە بە جێگەی ئەوەی هێزەکانی ڕێژیم خەمی خەڵک کەم کەنەوە و، زیانی زیاتری ئەو ڕووداوە کۆنترۆڵ بکەن، بە ماشینی دژە شۆڕش هاتوونەتە شوێنی ڕووداوەکە و، لەگەڵ خەڵکی زامدار تێکگیراون و، بەو هۆیەوە کۆمەڵێک خەڵک بریندار و دەستبەسەر کراون.

بە پێی زانیارییەکان ئەو بارهەڵگرە باری سووتەمەنی قاچاغی پێ بووە و، یەک لەو هەزاران بارهەڵگرەیە کە لە ژێر سەرپەرشتی سپای پاسدارانەوە هاوردە دەکرێ و دەگوازرێتەوە بۆ وڵاتانی دیکە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەو کەسوکاری قوربانیانی ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە و، هیوای باشبوونەوەی خێرا بۆ بریندارانی، تاوانی سەرەکیی ڕوودانی ئەوجۆرە کارەساتانە دەخاتە پاڵ دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران و، بە دیاریکراویش سپای پاسداران کە بەشی سەرەکیی کەرتی ئابووریی ڕێژیمی لەدەستە و، مافیای قاچاخ لە وڵاتی ئێرانە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٠ی پوشپەری ١٣٩٧ی هەتاوی = ١١ی جولای ٢٠١٨ی زایینی

## ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە تۆپباران کردنی سنوورەکانی کوردستان و شەهید بوونی دوو پێشمەرگە

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەری ١٣٩٧ جارێکی دیکە ڕێژیمی جینایەتکاری ئێران تۆپخانەکانی وەگەڕ خست و، ناوچە سنوورییەکانی حاجی ئۆمەران و بەربزینی هەرێمی کوردستانی تۆپباران کرد.

بەداخەوە لەو هێرشە نامرۆڤانەی دا وێڕای زیان گەیاندن بە سروشتی ئەو ناوچانە دوو پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون.

قەیرانە نێونەتەوەیی و ناوچەییەکان، بازنەی فشارەکانیان لەسەر نیزامی دیکتاتۆری ئێران تەسکتر کردووەتەوە و سیاسەتی کورت کردنەوەی دەستی ترۆریستپەروەر و ئاژاوەگێڕانەی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتان پەیڕەو دەکرێ و، نەک تەنیا لەیەمەن و سوریا ڕژیم تووشی شکستی گەورە هاتووە بەڵکو لەوڵاتی عێراقیش سەرەڕای هەموو سەرمایەدانانەکانی، پێگەی لەرزۆک بووە و، هەر لە ئێستادا دروشمی خۆپیشاندەرانی ناڕازی لە باشووری عێراق، ڕووی لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییە و، داوای چوونەدەرەوەی ئەو ڕێژیمە و نەمانی هەیمەنەی دەکەن.

لە وەها حاڵەتێکدا کە خەڵکی وڵاتی عێراق داوای نەمانی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە دەکەن و ئەو پەیامە دەسەڵاتدارانی تارانی نیگەران کردووە و، هاوکات بە بیانووی بوونی هێزی پێشمەرگەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لەو سنوورە، ڕێژیم ئاخوندی بۆ کەمکردنەوەی فشارەکان لەسەر خۆی و، هاوکات ناردنی پەیامی هەڕەشە ئامێز بۆ هەرێمی کوردستان دەستی داوەتەوە، خولێکی نوێ لە تۆپباران و، بەزاندنی یاسا نێونەتەوەییەکان و پێشێلکردنی سەروەریی سیاسیی وڵاتی عێراق و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای ناردنی پرسە و سەرەخۆشی بۆ خەڵکی کوردستان بە بۆنەی شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی قارەمانی کوردستان، تۆپبارانی کۆماری ئیسلامی بە توندی مەحکووم دەکات و، داوا لە ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان و، خەڵکی بە شەرەفی هەرێمی کوردستان دەکات، لە هەمبەر ئەو یاساشکێنی و سنووربەزاندنانەی ڕێژیمی جینایەتکاری ئێران کە بووەتە هۆی نائەمنی و شێواندنی ژیانی خەڵکی ئەو دەڤەرە بێدەنگ نەبن و، پێش بە درێژە کێشانی ئەو ڕەوشە مەترسیدارە بگرن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٧ی جولای ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیێندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە پێوەندی لەگەڵ هەڕەشە تڕۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی

سیاسەتی تیرۆر و ڕەشەکوژی یەکێک لە پێناسە و سیاسەتە نەگۆڕەکانی سیستەمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە و، بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتداریەتی ئەو مێتۆد و شێوەیەی لە دژی نەیاران و دژبەرانی خۆی بەکار بردووە و لە مێژوودا نموونە زۆر دیار لە بردنە پێشەوەی ئەو سیاسەتە هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە تیرۆری ئەندامانی کۆمەڵە و سازمانی خەبات و حیزبی دیموکرات بکەین کە لە ساڵی ١٩٩١وە تا ئێستا زیاتر لە ٣٥٠ کەسی لە ئەندامانی ئەو حیزبانە لە ڕێگەی تۆڕە تیرۆریستەکانیەوە لە عێراق و هەرێمی کوردستان تیرۆر کردووە. لەنموونەی دیاری تر دەتوانین ئاماژە بە ساڵی ١٩٩٦ بکەین کە بە هێزێکی سەدان کەسی سپای پاسداران بە چەکی قورس سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقی بەزاند و کەمپی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە شوێنی نیشتەجێ بوونی ژن و منداڵە بەر ئاوری تۆپخانە و چەکە قورسەکانی دا و بنەماڵەکانی ئاوارەی شاری هەولێر کرد و زیانێکی زۆری بەو خەڵکی بێ چەک و کەمپەکەیان گەیاند. لە ٣ ساڵی ڕابردوویشدا چەندین تاوانی تیرۆریستی و بۆمب دانانەوە لەسەر بنکەکانی ئەو حیزبانە بەڕێوە چووە کە لە ئاکامدا کۆمەڵێک خەڵکی بێ تاوان کوژراو و بریندار بوون و هەروەها چەندین پێشمەرگەی قارەمانیش شەهید بوونە کە دیارترینیان کردەوەی تررۆیستیەکەی بەردەم بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان بوو کە تێیدا ٧ پێشمەرگە شەهید بوون. تۆپباران و مووشەکبارانی سنووری نێوان کوردستانی ئێران و عێراقیش وەک یەکێک لە ڕێگەکانی زیانگەیاندن بە حیزب و لایەنەکانی کوردستانی ئێران هەمیشە پەیرەو کراوە و لەدواترینیان لە ڕێکەوتی ٢٦ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی(١٧ی جولای ٢٠١٨) دوو پێشمەرگەی حیزبەکانی ئوپۆزیسیونی ئێران شەهید بوون. هەموو ئەو ڕاستیانە ئەو پەیامەمان پێ دەدەن کە پێویستە لەبەرانبەر سیاسەتە شەڕئەنگێز و تێکدەرانەکانی ڕێژیمی ئێران نابێ غافڵ بین و زیاتر لە هەر کاتێکی تر پێوستە بە وریاییەوە مامەلە بکەین لەگەڵ ئەو دۆخە نوێیەی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی تاران تێی کەوتووە.

ئێستاش کە لە نێوخۆی ئێران دەنگی ناڕەزایەتی خەڵک سەبارەت بە سیاسەتە هەڵەکانی کۆماری ئیسلامی بەرز بووەتەوە، ڕێژیم بە مەبەستی چەواشەکردنی بیروڕای گشتی و ڕاکێشانی سەرنجی ئەوان بۆ دەرەوەی وڵات، لە ئامادەکاری و پیلانی بەرفراواندایە بۆ هێرشکردن بۆ سنوورەکانی کوردستان بە مەبەستی زەربەوەشاندن لە هێزەکانی کوردی ئوپۆزیسیونی ڕێژیم و، پێکهێنانی تەقینەوە و ترۆر و تۆقاندنی ژن و منداڵی نێو کەمپەکانی نیشتەجێی ئەوان لە کوردستانی عێراق. بۆ ئەو مەبەستە پرۆپاگەندەیەکی زۆری لە ڕاگەیەنەکانی خۆی دەست پێکردووە بە مەبەستی خۆشکردنی زەمینەی ئەو هێرشە. نموونەکەی ڕاپۆرتێکە لە ناوەندی خەبەری"تسنیم"ی سەر بە سپای پاسداران بڵاوی کردوەتەوە ئێمە ٥ حیزبی ئوپۆزیسیونی



سەرچاوە Serchawe

کوردی ئێران کە لە (ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران) پێکەوە کاری هاوبەش دەکەین، داوامان ئەوەیە، وێڕای ئاگاداربوون لە پیلانی دەستدرێژیە بەردەوامەکانی رێژیمی تاران، هاوکاریمان بکەن بۆ پووچەڵکردنەوەی پیلانی دەستدرێژیکەرانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەر رێگەیەکی گونجاو، پێش ئەوەی ژمارەیەک خەڵکی سویل لە سنووری کوردستان یان لە کەمپەکانی کوردە ئاوارەکانی ئێران هەڵکەوتوو لە هەرێمی کۆردستان ببنە قوربانی هەر بۆیە بۆ ئەو مەبەستەش روو لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆنسولی وەڵاتان لە هەرێمی کوردستان و حکوومەتی هەرێم دەکەین لە هەر جۆرە هاوکاریی و پاڵپشتیەکی مەعنەوی دریغی نەکەن و پشتیوانمان بن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٤ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٦ی جولای ٢٠١٨ی زایینی

## پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی هاوکاریی بۆ بلیمەت کۆچەر بیرکار، براوەی گەورەترین خەڵاتی ماتماتیکی جیهان

پرۆفیسۆر فەریدوون درەخشانی ناسراو بە کۆچەر هاووەڵاتی کوردی کوردستانی ئێران و مامۆستای زانکۆی کەمبریجی وەڵاتی بریتانیا توانی ببێتە براوەی میداڵی (فیلدز) بەناوبانگترین خەڵاتی جیهان لە بەشی بیرکاریدا و بەو دەسکەوتە مەزنە هەروەک هیوای بۆ خواست، بوو بە مایەی خۆشحاڵی و شانازیی هەموو تاکێکی کورد.

چیرۆکی پرۆفیسۆر کۆچەر بیرکار، وێڕای ئەوەی کە دەرخەری هەوڵ و تێکۆشانی بێ وچان بۆ وەدیهێنانی خەونی مەزنی تاکێکی کوردە و پڕ لە شانازیی و سەرفرازییە، هاوکات قووڵایی تراژیدیای میللەتیکی ژێر ستەم و چەوساوەش دەردەخات و بە دەیان کۆچەر بیرکارمان بیر دێنێتەوە کە لە ژێر سایەی دەسەڵات و حوکمی دژی گەلیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕێگەی گەیشتن بە خەون و ئاواتەکانیان لێ بەربەست کراوە و هەر لەشارەکەی کۆچەر و کوردستان بە گشتی دەیان حاڵەتی هاوشێوە هەبووە کە بەشیان خەریک بوون بە ژیانی چەرمەسەری و نەهامەتی بووە.

ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ئەو دەسکەوتە پڕ لە شانازییە پیرۆزبایی لە پرۆفیسۆر فەریدوون درەخشانی و سەرجەم کۆمەلانی خەڵکی کوردستان دەکات و ئومێد دەکەین ئەو دەسکەوتە، سەرەتایێک بۆ سەرکەوتنی گەورەتر و درەوشانەوەی زیاتری بەرێزیان بێ و هاوکات بە رووخانی دیکتاتۆریەتی ئێران شاهیدی ئازادی و رەخسانی دەرفەتی شیاو بۆ گەشانەوەی هەموو لاوانی وەڵات لە بوارە جۆراوجۆرەکان بین.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٢ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٣ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی فەرمانی جیهادی خومەینی

**لە یادی ٣٩ساڵەی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان**
**خەڵکی مافخواز و خۆڕاگریی کوردستان!**
**هاونیشتمانانی خۆشەویست!**

٣٩ساڵ لەوەپێش و لە وەها وەرزێکدا، حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە نوێنەرایەتیی بیرۆکەی بناژۆخوازیی مەزهەبی، کە دەیەویست وەک هاوتا داعشەکانی ئەم ساڵانەی دوایی خۆی پێناسە بکات، لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨دا، بە بیانووگەلێکی بەدوور لە ڕاستی و بێبنەما، دەستی دایە هێرشێکی بەربڵاو و هەمەلایەنە بۆ سەر خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

تەنیا ٩ مانگ دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و لە کاتێکدا کە کوردستان وەک دوورگەی ئەهوەن و سەقامگیر وێنا دەکرا، لە تاران و لە پشت مێحرابی مزگەوتەکان و تریبوونە جۆراوجۆرەکانەوە، دەنگۆ و بۆختان بۆ خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە مافخوازانەکەی هەڵدەبەسترا و بە ئاشکرا بۆ کوشتن و بڕینی خەڵکی کوردستان بانگەوازی جیهاد دەکرا.

خۆمەینی تازە بەدەسەڵاتگەیشوو، کوردەکانی وەک کافر و فاسد پێناسە دەکرد و فتوای جیهادی لە دژیان دەردەکرد و لە لایەکی ترەوە کاربەدەستانی دیکەی ئەم ڕێژیمە بە هاندانی هێزە سەرکوتگەر و دەمارگرژەکان، ڕشتنی خوێنی خەڵکی کوردستانیان بە حەڵاڵ دەزانی و بڕیاری پاکتاوکردن و سڕینەوەی ئەم میللەتەیان دەردەکرد.

لەم ماوەیەدا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کە ژیان و گوزەرانی خەڵک لە کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزە سیاسییەکان کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە گەشانەوە و پێشکەوتن هەنگاوی دەنا، بەپێچەوانەکەی لە تاران و شوێنەکانی دیکەی ئێران، لە ژێر چەپۆکی بیری کۆنەپەرەستانەی کۆمەڵێک ئاخوند و فاشیزمی مەزهەبیدا شێوی ژیان و گوزەرانی خەڵک بەخێرایی بەرەو پاش دەگەڕایەوە، ژنان بەردەباران دەکران و چارشێوی ڕەش بەسەریاندا دەکێشرا، تاقم و گرووپی تۆقێنەر بەناوی حیزبوڵڵا ئازادییەکانیان لە خەڵک زەوت دەکرد، دەنگی ناڕازییان و دژبەران کپ دەکران، مافی کەمایەتییە ئایینییەکان پێشێل دەکران و ماڵ و سامانیان تالان و ئاگر تێبەر دەدرا، جیابیران دەمکوت دەکران، پێنووسە ئازا و سەربەخۆکان دەشکێندران و ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەکان یەک لەدوای یەک دادەخران.



سەرچاوە
Serchawe

لەو کاتە کورتماوەیە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش، خەڵکی کوردستان سەردەمێکی نوێی لە ئازادژیان و پێکەوە ژیانیانی دێموکراتیکانەی تەجرووبە دەکرد. شۆرای گوند و شارەکان و ئەنجوومەنە سینفییەکان دامەزرا بوون و خەڵک ئازادانەدا خۆیان بەڕێوە دەبرد. لایەنە سیاسی و فکرییەکان ئازادانە بیرۆکەی خۆیان بانگەشە دەکرد و کرانەویەکی سیاسیی واقعی سەری هەڵدابوو. ڕێز لە بیروڕا جیاوازەکان و باوەڕە جۆراوجۆرە ئایینییەکان دەگیردرا و ژنان وەکوو نیوەی هێز و وزەی کۆمەڵگا لە گۆڕەپانی ئاڵوگۆڕەکاندا لە گەشەسەندا بوون. بڵاوکراوە و چاپەمەنییەکان ئازادانە بیروبۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگایان بڵاو دەکردەوەو ڕێکخراوو یەکیەتییە جۆراوجۆرەکانی تایبەت بە چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەرەو پەرەسەندن دەچوو؛ لە پەرەسەندندا بوون.

زۆری نەخایاند کە بۆ کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆنەپەرەستی بەدەسەڵاتگەیشتوو ڕوون بوویەوە، تاقە ڕێگای داسەپاندنی دەسەڵات بەسەر وڵاتدا، دژایەتیکردنی کورد و کوردستان و لەنێوبردنی ئەو ئەزموونە ساوا و لە هەمان کاتدا سەرکەوتوویەی کوردستان بوو. لای ئەوان سەرکوتکردنی کوردستانی ئازاد، گرتنی دوایین سەنگەری ئازادی لە ئێراندا بوو. لە ڕاستیدا هۆکاری سەرەکیی ئەو هێرشە، نەک ئەو ئیدیعا و چەواشەکارییە پووچ و بێمانایانە بوون کە دەکران، بەڵکوو هەبوونی کوردستانێکی ئازاد و دێموکرات و سکۆلار بوو کە بۆ دەسەڵاتی پاوانخوازی ناوەند قەبووڵ نەدەکرا. هەر بەم بۆنەوە، لە ناوەندەوە و ڕاست لە لایەن نوێنەرانی بیرۆکەی ڕەشی مەزهەبییەوە فەرمان دەرکرا، بۆ ئەوەی هەموو هێزە سەرەکوتکەرەکانی ڕێژیم لە هەموو شوێنەکانی ئێرانەوە ڕەوانەی کوردستان بکرێن.

بەڵام جەماوەری خۆڕاگری گەلی کورد و حیزبە سیاسییەکانی، کە چەند مانگ پێشتری بە شێوازی دێموکراتیک و مەدەنیانە بە بەشدارینەکردن لە بەناو ڕێفراندۆمی! خاکەلێوەی ١٣٥٨دا، بەم ڕێژیمەیان وتبوو نا، بڕیاریان دا بۆ پارێزگاری لەو دەسکەوت و بەهایانەی کە دەستیان کەوتبوو، لە چوارچێوەی بەرگریی ڕەوادا بە هەموو تواناوە لە بەرامبەر هێرشی هێز و لەشکری سەرکوتکەرا بوەستنەوە و بۆ جارێکی دیکە [نا]یەکی دیکە بەم نیزامە دژەگەلییە بڵێنەوە. لە ئاکامی ئەم بەرەنگارییە ڕەوایەدا بەرانبەر بە هێرشی ڕێژیم بۆ سەر کوردستان کە لە ئەدەبیاتی سیاسیی کوردستاندا بە "بەرگریی خەڵکی کوردستان لە شەڕی سێ مانگە" دا ناسراوە، ڕێژیم ناچار بە وتووێژ و گوێڕاگرتن لە نوێنەرانی خەڵکی کوردستان کرا.

بەم شێوەیە بوو کە کوردستان بە خۆڕاگرییەکی بێوێنە و فیداکردنی گیانی سەدان و هەزاران ڕۆڵەی تێکۆشەر و خەباتکار، خۆی وەک یەکەم سەنگەری بەرەنگاری لە هەمبەر کۆماری ئیسلامی ئێراندا وێنا کرد و هەتا ئێستایشی لەگەڵ بێت خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە مافخوازەکەی جیدیترین و لێبڕاوترین دژبەرانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانن.



سەرچاوە Serchawe

ئەمساڵ کە ٣٩ ساڵ بەسەر ڕاگەیاندنی فەرمانی جیهادی خومەینی دژ بە خەڵکی کوردستان تێپەڕ دەبێ، لە سەروبەندێکدا ڕێز لە خۆڕاگریی مێژوویی خەڵکەکەمان دەگرین، کە زۆربەی نزیک بە تەواوی شوێنە جیاجیاکانی ئێران بەرانبەر بە سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە هەر کامەیان بوونەتە کوردستانێک و خەڵکی زۆربەی شارەکانی ئێران دژی ئەم دەسەڵاتە هاوهەڵوێستی خەڵکی کوردستانن و داوای ئاڵوگۆڕی قووڵ و بنەڕەتی لە نیزامی سیاسیی ئەم وڵاتەدا دەکەن.

لەدوای نزیک بە ٤٠ ساڵ لە دەسەڵاتداریی ئەم ڕێژیمە بە سەر خەڵکی ئێران و کوردستاندا، هەتا ئێستایش ناو و ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامیی ئێران، خولقێنەر و وەبیرهێنەرەوەی تێرۆر، مەرگ، زیندان، سەرکوت و بەرەو پاشگەڕانەوەیە. بەرهەمەکانی ئەم نیزامە بۆ خەڵک لەم چوار دەیەدا بەشی زۆری بریتین لە: "هەژاری، برسییەتی، گەندەڵی، بێکاری، پەرەسەندنی مەسرەفی مادەهۆشبەرەکان، کەمئاوی، تەڵاق، خۆکوشتن و دەیان دیاردەی دزێوی دیکەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی". سەرهەڵدان و نارەزایەتییەکانی تەنیا یەکساڵی ڕابردوو خەڵکی ئێران بەگشتی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە خەڵک بەتەواوەتی لەم ڕێژیمە بێزراون و خوازیاری لاچوون و کۆتاییهاتنی ئەم نیزامەن.

لەسەر ئەم شێوە دەسەڵاتانە پێشتریش مێژوو بڕیاری خۆی داوە، هیچ دەسەڵاتێکی دیکتاتۆر و دژەگەلیی نەیتوانیوە و ناتوانێ هەتا سەر لە بەرنانبەر ئیرادەی خەڵکەکەی خۆی ڕابوەستێ. کۆماری ئیسلامیش لەو قاعیدەیە بەدەر نییە. سەروەریی بۆ ئەوانە دەمێنێتەوە کە بەرانبەری وەستانەوە و ئیلهامی ئازادی، سەربەستی و کەرامەتی مرۆڤ هانی دان بۆ دوارۆژێکی گەش کە تێیدا دەسەڵاتێکی دێموکراتیک زامنی مافی هەمووومان بێت.

ئێستا کە کۆماری کۆنەپەرەستی تێرۆر و سێدارە ڕووبەڕووی دەیان قەیرانی نێوخۆیی، ناوچەیی و جیهانی بووەتەوە و کۆمەڵانی خەڵک لێبڕاوانەتر لە هەمیشە بەرانبەری ڕاوەستاون، ئێمە هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستمان لە نێو دەستی یەکتر، بە مەبەستی گەیشتن بە کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک، بە ئیرادەیەکی قورسترەوە بەرەو داهاتوویەکی گەشاوە یەککەوتووین و خۆ ڕێک دەخەین تاکوو هەنگاوەکانمان پتەوتر لە هەمیشە بەرەوپێش بهاوێین.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٨ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٩ی ئاگۆستی ٢٠١٨ زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی گیان لە دەست دانی کۆمەڵێک ژینگەپارێز و چالاکی مەدەنی لە شاری مەریوان

بە پێی هەواڵەکان بە دوای ئاگر کەوتنەوە لە دارستانەکانی گوندی سەڵەسی سەر بە ناوچەی مەریوان ٤ کەس لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی و لەوانە چالاکوانی ناوئاشنا کاک »شەریف باجوەر» کە بۆ کوژاندنەوەی ئاگرەکە چووبوونە ئەو ناوچەیە گیانیان لە دەست داوە و ژمارەیەکیش بریندارن.

لە کەس شاراوە نییە کە کاربەدەستانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بەهۆی کەمتەرخەمی و زۆرجاریش بە هەوڵی بە ئەنقەست و بە پیلانی پێشوەخت ژینگە و دارستانەکانی کوردستان لە ناو دەبەن و لە بەرامبەردا چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزی خۆجێی ناوچەکە بە کەمترین ئامراز هەوڵی پاراستنی ژینگەی کوردستانیان داو، کۆماری ئیسلامی و پیلان و ئاکارە دوژمنکارانەکانی کە بەرامبەر بە خەڵک و خاک و سرووشتی کوردستان دەیکەن بە تاوانبار و بەرپرسیاری ئەو کارەساتە دەزانین. کوردستان چوار دەیەیە بۆتە کانگای کارەسات و بەردەوام لە ئاکامی پیلان و سیاسەتی هەڵە و ناکارامەیی کاربەدەستانی نابەرپرس قوربانی دەدات.

دەمێک ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی قۆڵی بۆ بەتاڵان بردنی سەروەت و سامانی کوردستان و وێران کردنی کوردستان و سرووشتەکەی هەڵماڵیوە و بە بیانووی پڕوپووچ و پاساوی بێ بنەما کەوتۆتە گیانی ژینگەی کوردستان و لە بەرامبەریشدا کۆمەڵێک مرۆڤی تێکۆشەر، دەرووست و بێ پاداشت، بە دەستی بەتاڵەوە بوون بە پارێزەرانی ژینگەو نیشتمان و ئەمڕۆش کاک شەریف و هاوڕێکانی گیانیان لە پێناو پاراستنی ژینگەی نیشتمانەکەیان بەختکرد. ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران پرسە و هاو خەمی خۆی بۆ لە دەستدانی ئەو پۆلە شەهیدەی ڕێگای پاراستنی ژینگەی کوردستان پێشکەش بە بنەماڵە بەڕێزەکانیان و خەڵکی مەریوان و بە تایبەتی چالاکانی مەدەنی و بە گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکا.

**سڵاو لە بۆ گیانی پاکی ئەوانەی ژیانی خۆیان لە ڕێگەی نیشتمان بەخت کردوە و هیوای چاکبوونەوە بۆ بریندارانی ئەم ڕووداوە داوا دەکەین...**

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٣ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٥ی ئاگوستی ٢٠١٨ی زایینی

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی یادی ٣٩ ساڵەی گیانبەختکردنی کاک فوئاد مستەفا سوڵتانی

لە مێژووی بزووتنەوە رزگاریخوازەکان کەم نین ئەو بلیمەت و سەرکردانەی کە گیانیان لەپێناو گەیشتن بە ئازادی و ئامانجەکانیان بەخت کردووە. بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ئێرانیش وەک بزوتنەوەیەکی حەقخوازانە لە ماوەی لەسەر کاربوونی کۆماری ئیسلامی لە ٣٩ ساڵی ڕابردوودا خەساری گەورەی داوە و لە هەموو هێزە سیاسیەکاندا رێبەڕانیش بە خوێنی خۆیان مەشغەڵی ئەو شۆڕشەیان گەرم ڕاگرتووە.

یەکێک لەو سەرکردانە کاک فوئاد مستەفا سوڵتانیە کە لە رۆژی ٩ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاوی گیانی لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانی بەخت کرد، کاک فوئاد سیمایەکی ناسراو و هەروها ئەندامی بنەماڵەیەک بوو کە ٤ برای دیکەشی لە بەربەرەکانێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی و سیاسەتە نگریسەکانی لەمەڕ کوردستان، لە زیندانەکانی ئەو رژیمە ئیعدام کران.

گیانبەختکردنی سیما ناسراو و سەرکردەکانی حیزبەکانی کوردستان ئێران لە ماوەی ٤ دەیەی ڕابردوودا نیشانەدری ئەو ڕاستیەیە کە شۆڕش لە کوردستانی ئێران بەرهەمی تێکۆشانی هەمووانە و سەرکردە و پێشمەرگە هەموو کات شانبەشانی یەک و فیداکارانە پێکەوە قوربانیان داوە.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکومکردنی سەرجەم تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێران و کوردستان، رێز دەگرێت لە خەبات و فیداکاری کاک فوئادی مستەفا سوڵتانی و ئیدانەی تێرۆری هەموو سەرکردەو شورشگیران دەکات و بەڵێن دەدات کە بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستان تا گەیشتن بە ئامانجە بەرز و مرۆییەکانی سەرجەم خەباتکارانی کوردستان بەردەوام و شێلگیرانەتر لە هەمیشە درێژەدەری رێگای شەهیدانی نەتەوەی کورد و رێبەرانی دەبێت. دڵنیاین ئاسۆی سەرکەوتن نزیکە و ئەو رۆژە دەبینین کە گەلی کوردیش ئازادانە و لە ئاپۆرای گەورەی جەماوەریدا رێز لە تێکۆشەران و رێبەرانی شەهیدی دەگرێت.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٣١ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

# ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان بۆ مانگرتنی گشتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

**بەیاننامەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران:**

**بە هەڵوێستێکی شیاو و یەکگرتووانە بەرەوڕووی تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەبینەوە!**

ڕۆژی ١٧ی خەرمانی ئەمساڵ(٨ی سیپتامبری ٢٠١٨) ڕژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر گەلی کورد. ڕاست لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەللادەکانی ئەو ڕژیمە،٣ بەندکراوی سیاسیی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مورادی و رامین حسێن پەناهییان لە دار دا، سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیک شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی. لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٣ کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی ڕۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، بریندار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران تاوانی دڕندانەی ئێعدامی ٣ لاوی ئازادیخوازی کورد، شەهیدان رامین حسێن پەناهی، زانیار و لوقمان مورادی، هەروەها هێرشی مووشەکی و کۆمەڵکوژانەی سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر پلینۆمی کومیتەی ناوەندیی حدک بە توندی مەحکووم دەکا. ئێمە وێڕای هاوخەمیی قووڵمان لە گەڵ بنەماڵە و هاوسەنگەرانی شەهیدەکان، چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکانی ئەو هێرشە دڕندانەیە بە ئاوات دەخوازین.

تیرۆر، دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە گەلی کورد و ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی نەتەوەکەمان، بەردەوام و لە زیادبووندا دەبێ و ناوەندی هاوکاریی بە ئەرکی خۆی زانیوە پێش ڕوودانی ئەم کارەساتانە لە ڕێکەوتی ٢٧ی جووڵای بە نووسینی نامەیەکی سەرئاوەڵا هەموو لایەنە پێوەندیدارەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی مافی مرۆڤ ئاگادار بکات.



سەرچاوە
Serchawe

ئەگەر خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هیزە سیاسییەکانیان بە هەڵوێستێکی شیاو وەڵامێکی ددانشکێن بەرەورووی ئەو ڕێژیمە نەبنەوە.

ئێمە لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە سەرنجدان بەو راستییە، داوا لە خەڵکی خۆڕاگر و بە هەڵوێستی کوردستان دەکەین ڕۆژی دووشەممەی داهاتوو، ١٩ی خەرمانان بە مانگرتنی گشتی، بێزاریی خۆیان لە نوێترین تاوانەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران رابگەیەنن. جارێکی دیکە بە نەهاتنەدەر لە ماڵەکانتان، چۆڵکردنی شەقامەکان و داخستنی دوکان و بازاڕ، نمایشێکی پڕ شکۆ لە بێزاربوون و "نا" گوتنی خۆتان بەو رژیمە خوێنرێژ و دژە کوردە، نیشان بدەنەوە. لە هەموو چالاکێکی ئازادیخوازی کورد لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵاتیش، داوا و چاوەڕوانیمان ئەوەیە بە هەموو توانای خۆیانەوە پشتی ئەم بانگەوازە بگرن و هەوڵی سەرخستنی بدەن.

ڕسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆر و سەرکوت و تاوان، کۆماری ئیسلامیی ئێران<br>
سەرکەوێ ئیرادەی شۆڕشگێڕانەی گەلی کورد

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٨ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٩ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## سپاس و پێزانینی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی پێشوازیی پڕ شکۆی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی

بە پێی ئەو هەواڵ و دێکۆمێنتانەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە هەر لە ورمێ و شنۆ، پیرانشار، مەهاباد و بۆکان و سەقزەوە تا دەگاتە بانە، سەوڵاوا، سنە، پاوە، مەریوان و کرماشان و سەرپێلی زەهاو و کەنگاوەر پێمان گەیشتوون و بڵاوبوونەوە، ڕۆژهەڵاتی سەربەرز و شۆڕشگێڕ ئەمڕۆ بەپیر بانگەوازی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران و سەرجەم لایەنە سیاسییەکان و چالاکانی مەدەنیی کوردستانەوە هاتوون و بە مانگرتنی گشتی و داخستنی دوکان و بازاڕ، وێڕای مەحکوومکردنی تاوانەکانی ئێعدامی سێ بەندکراوی سیاسی کوردستان و پەلاماری مووشەکی و پیلانی تیرۆریستی بۆ سەر هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات لە خاکی هەرێمی کوردستان دا، جارێکی دیکە یەکگرتووانە، جینایەتەکانی ٤٠ ساڵ دەسەڵاتدارێتی کۆماری ئیسلامی دژ بە خەڵکی کوردستان و بزووتنەوە حەقخوازانەکەیان مەحکووم و ڕیسوا کردەوە و هاوکات پشتیوانی و پشتگیریی خۆیان بۆ سەرکردایەتیی سیاسیی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دووپات کردوەتەوە.

### کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!

ئەو هەڵوێستە سیاسییە ماناداری ئێوە سەلماندی کە جینایەتە سیستماتیک و پیلان بۆ داڕێژراوەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بە درێژای چل ساڵی ڕابردوو بۆ دابڕاندنی جەماوەری کوردستان لە سەرکردایەتی سیاسیی بزووتنەوە ڕەواکەیان، ناسەرکەوتوو و پووچەڵ بووە. هەڵوێستی جێی شانازیی ئەمڕۆتان جارێکی دیکە دەریخستەوە کە گرتن، ئەشکەنجە، ئێعدام و سێدارە، تیرۆر، تۆپباران و مووشەکباران، چەواشەکاری و زەخت و گوشار و هەڕەشە و سەرکوت، ناتوانن ئیرادەی گەلی کورد بۆ درێژەدانی خەبات و تێکۆشان لە پێناو بەدەستهێنانی مافە ڕەوا و سەرەتاییەکانی خۆیان تێک بشکێنن.

### خەڵکی وشیاری کوردستانی ڕۆژهەڵات!

ئێوە بەو مانگرتنە گشتییە بە بەرچاوی هەموو جیهانەوە، بە دۆست و دوژمنتان سەلماند کە ئێمە هەموومان وەک پەیکەرەیەکی یەکگرتوو و لێک جیانەکراو، سوورین لە سەر ڕێبازی بەرحەقمان بۆ گەیشتن بە ئازادی و، ئەوەندەی دیکە کۆماری ئیسلامی ئێرانتان لە بەرچاوی گەلانی ئێران و ڕای گشتی جیهانی، سووک و ڕیسوا کرد.



سەرچاوە
Serchawe

ئێوە بە پێشوازیی پڕشکۆی خۆتان لە بانگەوازی سەرکردایەتی سیاسی بزووتنەوەی کوردستان، سەلماندتان کە بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەوەیەکی پێگەیشتوو و پێشکەوتووی بەرینە کە لە کات و ساتی خۆیدا لە هەموو پۆتانسییێل و تایبەتمەندییەکانی خەباتی جەماوەری بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی، کەڵک وەردەگرێت.

با کۆماری ئیسلامی و هەموو دەست و پێوەندەکانی بزانن کە کوردستان، سەنگەر لەشکان نەهاتووی خەبات بۆ ئازادییە و، گەلێک کە خاوەنی ئەو ئیرادە پۆڵایینە بێت بۆ ئازادی و مافەکانی، لە هیچ کۆسپ و تەگەرەیەک ناپرینگێتەوە و لە خەبات و تێکۆشان تا گەیشتن بە لوتکەی ئازادی هەدا نادات.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، پێکهاتوو لە پێنج حیزب و لایەنی سیاسی، سپاس و پێزانینی گەرمی خۆی لە ئاست پێشوازیی گەرم و کەم وێنەی ئێوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە بانگەوازی خۆی ڕادەگەیەنێ . بە دەنگەوەهاتن و پشتیوانیی لایەنە سیاسییەکانی دیکە لە بانگەوازی مانگرتنی گشتی و، بەشداریی ژنان و پیاوانی ئازادیخواز، چالاکانی سیاسی و مەدەنی و هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان لەم مانگرتنە گشتییەدا، سەری سەرکردایەتی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هی خۆشتانی لە بەردەم هەموو خەڵکی ئێران و جیهاندا بەرز کردەوە و ئیرادە و بڕیاری گشتیی بۆ خەبات و بەربەرەکانی بەرامبەر ئەم ڕێژیمە دیکتاتۆر و تاوانکارە، پتەوتر کردەوە. ئێوە جارێکی دیکە سەرشۆڕی و زەبوونیتان کردە حاسڵی پیلانگێڕییەکانی ڕژیمی داگیرکەری کۆماری ئیسلامی و لاپەڕەیەکی پڕشنگدار و زێڕینی ترتان لە مێژووی خەباتی نەتەوەکەماندا تۆمار کرد کە دەتوانێ ببێت بە سەردەقی قۆناغێکی نوێ لە خەبات بۆ تۆمار کردنی ڕزگاریی یەکجاریمان.

ئێوە بە مانگرتنی گشتی و یەکگرتووانەی خۆتان، ئەم پەیامەشتان گەیاندە ئێمە هێزە سیاسییەکانی خۆتان کە ئەگەر یەکدەنگ وهاوخەبات و یەکگرتوو بین، ئێوە سەدقات باشتر بە دەنگمانەوە دێن. ئێمەش لەم ڕۆژە پڕشکۆیەدا بەڵێنتان پێ دەدەین کە بەرامبەر پەیامە پیرۆزەکەی ئێوە سەری ڕێز دادەنوێنین وبە شانازی و بە ئەرکی خۆمانی دەزانین ئەم پەیامەتان لێ وەربگرین.'

**سڵاو لە یەکگرتوویی خۆراگری و ئیرادەی خەباتگێڕانەتان،**

**سلاو لە گیانی پاکی نوێترین شەهیدانی گەلەکەمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئێوە ئەمڕۆ بە مانگرتنی پڕ شکۆی خۆتان، گیانی ئەوان و بنەماڵەکانیان و هاوسەنگەرانی ئەوانتان شاد و هێور کردەوە و، ڕێژیمی تاوانخوڵقێنی کۆماری ئیسلامیتان ڕسوا کرد.**



سەرچاوە
Serchawe

پتەوتر بێ یەکگرتوویی و هاوپێوەندیی نێوان هێزە سیاسییەکان و کۆمەڵان خۆراگری خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

۲۱ی خەرمانانی ۱۳۹۷ی هەتاوی = ۱۲ی سێپتامبری ۲۰۱۸ی زایینی

## نامەی سەرئاوەڵا ی" ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران" بۆ سەرۆکی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان؛

### سنوورێک بۆ پێشێلکاری و یاغیگەرییەکانی ڕێژیمی ئێران دابنێن!

**بەڕێز ماریا فێرناندێز، بەرپرسی حەفتاو سێهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!**
**لە گەڵ ڕێز و سڵاو،**

بە زوویی حەفتاو سێهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەست پێدەکات و بە پێی بەرنامەیەک کە دانراوە، بڕیار وایە حەسەن ڕووحانی، سەرکۆماری ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی چوارشەممە ٢٦ی سێپتەمبەر لەم کۆبوونەوەیەدا قسە بکات.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە پێویستی دەزانین لێرەدا کار بکرێت و مێکانیزمێک دیاری بکرێ بۆ ئەوەی بەر بە سەرەڕۆییەکانی ڕێژیمی ئێران و پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە لایەن ئەم دەسەڵاتەوە لە دەرەوەو ناوەوەی ئێران بگیرێت. چاوەڕوانیی ئەوە دەکرێت ئەم کۆبوونەوەیە، ڕووحانی و دەسەڵاتەکەی بەرامبەر بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ناوەوەو یاغیگەرییەکانی لە دەرەوەی وڵات، بە بەرپرس بزانێت.

ڕووحانی وەک سەرۆک کۆماری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران لە حاڵێکدا لەم دانیشتنەدا وتار دەدات کە ئەم ڕێژیمە سەرچاوەی قەیرانی جۆراوجۆر لە نیوخۆی وڵات و هۆکاری پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بوارەکان بە تایبەتی لە هەردوو بواری ژیانی سیاسی و ئابووریی خەڵک و، هەر لەو کاتەش دا هۆکاری بشێوی و نائارامی لە ناوچەکە دایە. ئێعدام وەک سزایەکی یاسایی لە ئێران بەردەوام جێبەجێ دەکرێت و ئێعدامی سیاسی و جیاوازیدانانی نەتەوەیی بەرامبەر نەتەوەکانی کورد،عەرەب، بەلووچ و ئازەری و، هە روە ها کوشتنی جیاوازبیران بە شێوەی سیستماتیک لەم وڵاتە خراپتر لە پێشوو بەڕێوە دەچێت. ئەمەش لە حاڵێک دایە کە ئێران وڵاتێکی فرەنەتەوەیە و پێویستە مافی هەموو نەتەوەکان وەک یەک بپارێزرێت.

لە ساڵی ٢٠١٣ بە دواوەو دوای هەڵبژێرانی ڕووحانی بە سەرۆک کۆمار، شەپۆلی ئێعدامەکان ٥١ ٪ زیادی کردوە. هەروەها

گوشاری گەورە لە سەر چالاکانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ژینگەپارێزی لە ئێران و کوردستان هەیە. هەر لە ئەساس دا ئەم دەسەڵاتە چ بە گوێرەی یاساکانی و هەر وەها بە پێی دارشتە و پێکهاتەکەی، سروشتێکی دژ بە مافی مرۆڤی هەیە. هەروەها سەرنجتان بۆ ئەوە رادەکێشین کە لە ساڵی ٢٠١٧دا بە پێی ئامارەکان، ٨٦ کۆڵبەر لە سنوورەکان بە تەقەی راستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ئێران کوژراون. لە ٦ مانگی یەکەمی سالی ٢٠١٨یشدا ١٠٤ کۆڵبەر لە سنوورەکان بە هۆی تەقەی راستەوخۆی هێزە سەربازییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە گیانیان لە دەست داوە.

هەڵاواردنی نەتەوەیی و ئایینی سیستماتیک کە ئەو رێژیمە بەرێوەی دەبا، تەنانەت خەڵکی بوومەلەرزەلێدراوی پارێزگەی کرماشانیشی گرتووەتەوە و بووە بە هۆی ئەوە دەسەلاتداران و دامو دەزگا حکوومەتیەکان، لە ماوەی یەک ساڵی رابردوو دا، ئەو پەڕی کەمتەرخەمی لە پێڕاگەیشتنی خەڵکی بوومەلەرزەلێدراو دا لە خۆیان نیشان بدەن.

لە ماوەی پێنج ساڵ سەرۆک کۆماریی رووحانیدا خەڵکی ئێران بەرەورووی کێشەی قووڵی کۆمەڵایەتی و ئابووری بوونەتەوە. دەسەڵات لێبڕاوە بەردەوام بێت لە سەر گوشار خستنەسەر شارۆمەندانی ئێران، چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، یاساناسان و پارێزەران، مامۆستایان، کرێکاران، چالاکانی ژینگەپارێزی، رووناکبیران، رۆژنامە نووسان و هەموو ئەوانەی بوێریی ئەوەیان هەیە رەوایی و مەشرووعیەتی ئەم دەسەڵاتە ببەنە ژێر پرسیارەوە. چالاکانی بواری ژنان بەردەوام لە ژێر هێرش و گوشاری ئەم دەسەڵاتەدان و بە شێوەیەکی نایاسایی دەستگیر و زیندانی دەکرێن و لە راستییدا جیاوازیی و هەڵاواردنێکی زۆری جنسییەتی بە پێی یاسا ئێسلامییەکان لە ئێران هەیە.

دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکان لە رێژیمی کۆماری ئیسلامی دا و یەک لەوان دەوڵەتی رۆحانی دەوری بەرچاویان گێراوە لە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و سەرکوتکردنی خەڵک دا و، بە توندی رووبەڕووی هەر چەشنە جووڵە و نارەزایەتیدەربڕینێکی هێمنانەش دەبنەوە.

رۆژی ١٢ی سێپتەمبەری ٢٠١٨ مانگرتنێکی بەرفراوان زۆربەی زۆری شارە کوردییەکانی کوردستانی ئێرانی گرتەوە. ئەم مانگرتنە سەرانسەرییە، نارەزایەتیدەربڕینێکی گشتی بوو بەرامبەر ئیعدامی سێ لاوی کورد و هەروەها مووشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات لە شاری کۆیە لە باشووری کوردستان کە بە هۆیەوە ١٦ کەس گیانیان لە دەست دا و ٤٠ کەس بریندار بوون. دوا بە دوای مانگرتنە گشتییە، ١٢ کەس لە چالاکانی مەدەنی و کەلتووری لە شارەکانی کوردستان دەستگیر کراون و تا ئێستە لە زیندانەکانی رێژیم دان و بێ سەرو شوێنن. ئەمەش لەدرێژەی کردەوەی تیرۆریستی و خراپکارانەی سوپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعاتی ئەو رێژیمە لە هەرێمی کوردستانی عێراق و دەرەوەی ولات بە دژی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانی دایە.

مەبەست لە نووسینی ئەم نامەیە ئەوەیە وەبیر بەڕێزتان و سەرجەم ئەندامانی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان بێنینەوە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەوڵەتی حەسەن ڕووحانی پێشێلکاری سەرەکیی مافی مرۆڤ لە ئیران و هۆکاری نائارامی وناسەقامگیری لە ناوچەکە دان. حەسەن ڕووحانی وەک سەرۆک کۆماری ئێران لە حاڵێکدا دەیهەوێت باس لە مافی مرۆڤ و پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ولاتانی دیکە بکات کە دەسەڵاتەکەی خۆی گەورەترین پێشێلکاری مافی مرۆڤە و خەڵکی ئێران و کوردستان لە زیندانێکی گەورەدان کە لە لایەن ئەم حکوومەتەوە بۆیان دروستکراوە.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ئامادەبوون و بەشداریی حەسەن ڕووحانی لە حەفتاو سێهەمین کۆبوونەوەی کۆڕی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و قسە کردنی بە ناوی خەڵکی ئێرانەوە، بە بێڕێزی بە پێکهاتەکانی خەڵکی ئێران دەزانین و مەحکوومی دەکەین. ئێمە بە تەواوی لە سەر ئەو باوەڕەین کە کۆماری ئیسلامی پێشێلکاری بنەرەتیی مافی مرۆڤ لە ئێران و هۆکاری سەرەکیی ناسەقامگیری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. چاوەڕوانی و داوای ئێمە لە بەڕێزتان و کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەیە پشتیوانی خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان و گەلانی وەزالەهاتووی ئێران بن و سنوورێک بۆ پێشێلکاری و یاغیگەرییەکانی ئەو ڕێژیمە

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی

## پەیامی پیرۆزبایی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی، وەرگرتنی خەڵاتی ئاشتیی نۆبڵ لەلایەن "نادیە موراد" کچە کوردی ئیزدی

کچێکی کوردی ئیزدیی خەڵکی شەنگال و باڵوێزی ئاشتی نەتەوەیەکگرتووەکان "نادیە موراد" بە هاوبەشی لەگەڵ "دێنیس موکویگ" پێکەوە خەڵاتی نۆبڵی ئاشتیی ساڵی ٢٠١٨ی زایینییان بەدەست هێنا.

٢٠١٤ی زایینی، چەکدارانی بیرتەسک و سەدەناوەڕاستیی "دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام" ناسراو بە (داعش) پەلاماری شاری شەنگالیان دا و داگیریان کرد و لەو هێرشە دڕندانەیەدا، شکۆ و هەیبەتی مرۆڤانەی هەزاران مرۆڤی بێتاوان شکێندرا و بۆ جارێکی دیکە نەیارانی کوردستان و کورد هەوڵی داگیرکارییان لە کوردستان دا. نادیە موراد پاش ئەوەی لە چاوی ٥ برا و دایک و باوکی بوونە قوربانی ئەو ستەمە گەورەیە،یەکێک بوو لەو هەزاران کچانەی کە لەلایەن ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە بەدیل گیران و لە شارەکانی ژێر دەستی داعش بۆ مەرامە دژی ئینسانییەکان دەکڕان و دەفرۆشران، نادیە موراد دوای ماوەیەک توانی خۆی لە دەستی ئەم ڕێکخراوە تیرۆریستییە ڕزگار بکات، دوای ڕزگاربوونی توانی ببێتە دەنگی ئەو کچە بێتاوانانەی کە لەژێر دەستی داعشدا تووشی ئەشکەنجە و چەندین کاری قێزەونی دیکە بوونەتەوە. نادیە بە هەوڵ و تێکۆشانی بەردەوام هاواری پڕ بە گەرووی مرۆڤتەوەری و پاراستنی کەرامەتی ئینسانی بوو.

نادیە بەهۆی کارکردنی لەسەر پرۆژەیەک لەژێر ناوی "کۆتاییهێنان بە توندوتیژیی جنسی، وەکوو چەکێکی شەڕ" توانی بە هاوبەشی لەگەڵ دێنیس موکویگ خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی بەدەست بهێنێت.

ڕاستییەکی حاشاهەڵنەگرە، لە ئاست ئازارەکانی کورد و هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، هەر جۆرە خەڵات و پێزانینێک بارتەقای خەمەکانمان نییە، بەڵام بیستنی لەلایەن ئەوانەی ڕەگەزپەرستانە شەو و ڕۆژ دەکەنەوە، تەزوویەک بە لەشیاندا دێت کە بەقەد هەموو ئەو ئازارانەیە.

لە کاتێک دا "نادیە" خەڵاتی ئاشتی وەردەگرێت کە ژنانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان بەتایبەتی، لەژێر هێژمووونی چەسانەوەی توندی بیری وەلایەتی فەقیهی ڕۆژانە ڕووبەری ستەم و بێڕێزی دەبنەوە و ئازایانە بۆ بەدەستهێنانی مافەکانیان لە هەوڵی بەردەوام دان.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، گەرمترین پیرۆزبـایی خۆی پێشکەش بە نـادیە موراد وکوردانی ئیـزەدی و سەرجەم ئەو کەسانە دەکا کە بۆ بەدەستهێنانی ئاشتی و ئازادی لە هیچ چەشنە زەحمەت و تێکۆشانێک درێغی ناکەن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٤ی ڕەزبەری ١٣٩٧ هەتاوی = ٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## راگەیندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە ئەگەری لەسێدارەدانی "هیدایەت عەبدوڵلاپوور"

**هاونیشتمانانی بەڕێز!**
**کۆمەڵانی خۆڕاگری خەڵکی کوردستان!**
**ڕێکخراوەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ!**

لە درێژەی گرتن، ئەشکەنجە و ئێعدامی تێکۆشەرانی ئازادیخوازی کورد ، رۆژی ١٦ی ڕەزبەر، بە تۆمەتی هاوکاری لە گەڵ یەکێک لە هێزەکانی ئۆپۆزسیۆنی کوردی، حوکمی لە سێدارەدرانی "هیدایەت عەبدۆلاپوور" ،زیندانی سیاسی کوردی لە زیندانی ناوەندیی شاری ورمێ، لە لایەن لقی ٤٧ی دیوانی باڵای وڵاتەوە پەسەند کرا. ئەوە لە کاتێکدایە کە دیوانی باڵای وڵات پێشتر حوکمی ئێعدامی "هیدایەت عەبدۆلاپووری" ڕەت کردبووە و بە پارێزەر و بنەماڵەکەی ڕاگەیاندبوو کە ناوبراو بێ تاوانە،بەڵام مخابن لە ژێر گوشاری وەزارەتی ئیتلاعات و دەزگا ئەمنیەتیەکانی ڕێژیمەوە،بۆ جاری دووەم،بڕیاری لە سێدارەدرانی دەرکرا.

هیدایت عەبدولاپوور، لە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردان ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، وێڕای شەش هاوڵاتی دیکە ی شاری شنۆ و دەوروبەر دەستگیر کرا.

دوا بە دوای شەپۆلی کەم وێنەی نارەزایەتیەکان و بێزاری خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە ڕێژیم وهەروەها بەرین بوونەوەی خەباتی گەلی کورد دژ بە سیاسەتی هەڵاواردن و پێشێلکردنی مافەکانیان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ڕەوتی زیندانی کردن و ئێعدامی چالاکان و ئازادیخوازانی رۆژهەڵاتی کوردستانی چڕتر کردۆتەوە. تێکۆشەران و زیندانیانی سیاسیی کورد وێڕای بێ بەش بوون لە مافی بەرگریکردن لە خۆیان، لە ژێر گوشار و ئەشکەنجەی دەزگا ئەمنییەتیەکانی ڕێژیم دا ناچار بە دانپێدانانی زۆرە ملێ دەکرێن و تاوانی ئەمنییەتییان دەخرێتە پاڵ و حوکمی ئێعدامیان بە سەردا دەسەپێنرێ.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران،هاوکات ئەورۆ کە ١٠ی ئۆکتۆبر وەک رۆژی جیهانی بەرەنگاربوونەوەی دژ بە حوکمی سێدارەیە، وێڕای مەحکووم کردنی بڕیاری نارەوای ئێعدامی زیندانیی سیاسی کورد "هیدایەت

عەبدوڵاپوور" و تێکۆشەرانی ئازادیخوازی کورد، داوا لە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دەکەین کە دژ بە سیاسەتی لە سێدارەدانی رۆڵەکانیان و سەرکوتی سیستماتیکی رێژیمی کۆماری ئیسلامی بوەستنەوە و دەنگی ناڕەزایەتی خۆیان هەڵببڕن.

لە هەمانکاتدا داوا لە ڕێکخراوەکانی داکۆکی کاری مافی مرۆڤ و کوڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکان دەکەین کە بەرامبەر بە تاوانەکان و سیاسەتی دژە مرۆیی ئەم ڕێژیمە بێدەنگ نەبن و هەڵوێست بگرن. داواکاریشن بە هەر ڕێگایەکی مومکین کەبۆیان دەکرێ، فشار بخەنە سەر ڕێژیم بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە ئێعدام و سەرکوتی ڕۆڵەکانی گەلی کورد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٧ی ڕەزبەری ١٣٩٧ هەتاوی = ٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## ڕاگەیندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە مانگرتنی گشتی مامۆستایانی قوتابخانەکان

**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان**
**مامۆستایانی سەنگەری پەروەردە**

٢٢ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی مانگرتنی گشتی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێران و کوردستان بە سەرکەوتنەوە بەڕێوەچوو. مامۆستایان ئەو توێژە کاریگەرەی کۆمەڵگان کە زۆرترین خزمەت بە ڕۆلەکانی گەل دەکەن. ئەوان شیاوی ژیانێکی زۆر باشن ولە سەرجەم کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان دا مامۆستایان وەک نموونەو پێشرەوی کۆمەڵگا سەیر دەکرێن، نەک هەر مافیان پێشێل ناکرێ بەڵکوو فرسەتی باشترین ژیانیان بۆ فەراهەم دەکرێ بەڵام لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی نەک پلەی ماموستا ڕێزی لێ ناگیرێ بەڵکوو مافە سەرەتایەکانیشی کە دابین کردنی ژیانێکی سەردەمیانەیە لە لایەن دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییەوە بە هیند ناگیرێ و لە ژیانێکی کوڵەمەرگی دا ڕایاندەگرن و ئەوە لە حاڵێک دایە کە مامۆستایان خزمەتی منداڵانی وڵاتەکەیان دەکەن و بۆ دوارۆژ وئایندەی وڵات ئامادەیان دەکەن، مانگرتنی گشتی مامۆستایان بە نیشانەی نارەزایەتی لە لایەک بە سیاسەتی هەڵە و شەڕخوازانە و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتان و یارمەتی گەیاندنی مالی و لوجیستیکی بە تاقم و گروپە تیرۆریستییەکانی ناوچە، لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە و لە لایەکی دیکەوە لە هەمبەر هەلومەرجی نالەباری ئابووری مامۆستایان و کەمی مووچە، چوونەسەری قیمەتەکان، بێ بەها بوونی پوولی میللی، سەرکوت و خەفەقان و نەبوونی ئازادی بەیان و نەبوونی پلانێک بۆ خوێندن بە زمانی زگماکی، لە سەر ویست و داخوازیی کۆمەڵێک مامۆستای پێشرەو، مانگرتنی گشتی لە ئاستێکی بەربەریندا بەڕێوەچوو. ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای پێشێوانی لە ویست و داخوازییە ڕەواکانی مامۆستایانی قوتابخانەکانی سەنگەری پەروەردە و زانست لە ئێران و کوردستان، داوا لە گەلانی ئێران و بە تایبەت بزوتنەوە کۆمەڵایەتییەکان دەکەین با هەموومان بە یەکگرتوویی ویەک دەنگییەوە پشتێوانی لە داوا ڕەواکانی مامۆستایان بکەن. لە هەمان کاتدا داوا لە خەڵکی تێکۆشەر و خەباتگیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین، بە هەر شێوەیەک بۆیان دەکرێ پشتیوانی لە داوا ڕەواکانی مامۆستایان کوردستان بکەن.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٣ی ڕەزبەری ١٣٩٧ هەتاوی = ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بۆ ڕێورەسمی چلەی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان

**ئامادە بوانی بەڕێز**
**خوشک و برایانی ئازیز**

ئەمڕۆ چل ڕۆژ بەسەر ڕووداوی موشەکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان وحیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەدەوروبەری شاری کۆیە ولەلایەن ڕێژیمی جینایەتکارو دژبەکوردی کۆماری ئیسلامی ئێران تێپەڕ دەبێ، کارەساتێک کەتێیدا ١٤ ئەندامی ڕێبەری و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و ٢ مامۆستای فێرگەی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران ،شەهیدبوون و٤٠کەسی دیکەش بریندار بوون کەلەنێویاندا ژن وتەنانەت منداڵیش بەر چاو دەکەون.

ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە خەم وپەژارەیەکی لە ڕادەبەدەری خستە سەردڵ ودەرونی هەموولایەک وهەمووالایەکیش هەڵوێستی خۆی بەرانبەربەم جینایەتە دەربڕی کەلەنێویان دا هەڵوێستی یەکگرتوانەی حیزب وڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات و هاوسۆزی وهاودەردی و هاوکاری خەڵک و حیزب و لایەنەکانی باشووری کوردستان و نیشتمانپەروەرانی پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەروەها کۆڕو کۆمەڵەکانی داکۆکیکاری مافی مرۆڤ جێی سەرنج و پێزانین بوو، بەتایبەت لەسەربانگەوازی ناوەندی هاوکاری و لایەنەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەلات، خەڵکی کوردستان، ڕۆژی ٢١ی خەرمانان، لەمانگرتنێکی تێکڕایی لەسەرانسە ری کوردستانی ئیران دا، وێڕای مەحکووم کردنی ئەو جینایەتە و لە سێدارەدانی سێ ڕۆڵەی نیشتمانپەروەری گەلەکەمان شەهیدان رامین حوسین پەناهی و لوقمان و زانیار مورادی، هاوسۆزی وبە دەنگەوەهاتنی خۆیان لەگەڵ حیزب وڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات نیشاندا و پەیامیان بەحیزب وڕێکخراوە سیاسییەکان دا کە یەکگرتوویی ئەوان هۆی یەکدەنگی و هاو هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانە و لەهەمان کات دا پەیامیان بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران ئەوەبوو کەبە دەنگی حیزب وڕێکخراوەکانی خۆیانەوەدێن و ویست و داخوازی ئەوان هی هەموو خەڵکی کوردستانە لەلایەکی دیکەوە نیشانی دا کەبزووتنەوەی کوردستان چەندە بەهێزە و لەڕەوتی خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی ئێران دا چەندە پێداگرو شوێنندانەرە.

ئێمە وەک ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێرای یادکردنەوە لەشەهیدانی ١٧ی خەرمانان و مەحکووم کردنی ئەو کردەوە جینایەتکارانەی ڕێژیم، داوا لەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەموو ناوەندەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و

**دادپەروەری و بیروڕای گشتی دەکەین لە هەرڕێکایەکی مومکینەوە بەر بە سەرشێتی و هەوساڕپچڕاوی و سەرەڕۆیی کۆماری ئیسلامی ئێران بگرن و ڕێگا نەدەن ڕۆڵەکانی کورد لەشێوەی جۆراوجۆردا گیانیان لێ بستێندرێ.**

**سڵاو لەگیانی پاکی شەهیدانی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی، یادوناویان بەرزو بەڕێز، ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوار.**

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران.**

**٢٥ی ڕەزبەری ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٨ی زایینی**



سەرچاوە
Serchawe

## دەیەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەرێوەچوو

بە میوانداری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەیەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی رێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی پێکهات.

سەرەتای کۆبوونەوەکە خولەکێک بێدەنگی بۆ رێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و کورد راگەیندرا و پاشان دەستووری کاری کۆبوونەوەکە پەسندکرا.

بەرێز کاک حەمەنەزیف قادری بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاری باسێکی لەسەر کار و چالاکییەکانی ناوەند و هەروەها میکانیزمەکانی کارکردنی ناوەندی هاوکاری پێشکەش کرد و دواتر هەرکام لە حیزبەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە وێرای سپاس لە بەرێوەبردنی کار و چالاکییەکانی ئەم دەورەیە پێشنیاراتی خۆیان بۆ چالاکییەکانی داهاتوو پێشکەش کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا هێلە گشتیەکانی ناوەندی هاوکاری و پرنسیپەکان و ئامانجەکانی ناوەند خرانە بەرباس و بە تێکرای دەنگی بەشدارانی کۆبوونەوەکە پەسند کرا.
بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەی ناوەند باس لەسەر هاوکاری ئەمنییەتی لایەنەکان بوو کە پاش نەزەر و بۆچوونی بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەتیەکانی سەربەحیزبەکانی ناوەند ، بریار و راسپاردەی پێویست لەوە بارەوە بۆ میکانیزمی هاوکارییەکان پەسند کرا.

لە کۆتا باسی دەستووری کاری کۆبوونەوەی ناوەند پرۆژەی پلاتفۆرمی هاوبەشی ناوەندی هاوکاری رووبە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی خرایە بەرباس و پاش ئالوگۆری بیرورا بریاردرا لە داهاتوویەکی نیزیکدا پاش گونجاندنی نەزەری سەرجەم ئەندامان وەک پلاتفۆرمی ناوەندی هاوکاری رووبە رای گشتی و بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بلاو بکرێتەوە.

کۆبوونەوەکە لە فەزایەکی دۆستانەدا کاتژمێر ٤ی ئێوارەی هەمان رۆژ کۆتایی پێهات.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٠ی دیسامبری ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## ئامانجەکان. ئەرکەکان و پرەنسیبە گشتییەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

### پێشەکی:

پێویستیی هاوخەباتی و کاری هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لە مەش زیاتر، پێویستیی پێکهاتنی بەرە یا هاوپەیمانەتییەک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ئێران، لە مێژ ساڵە هەستی پێ دەکرێ و بووە بە ویست و داوای هەنوکەیی خەڵکەکەمان.

لە درێژەی دیدار و دانیشتنە چەند قۆڵیەکانی کۆمەڵێک حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی کوردستانی ئێران لە ساڵانی رابردوودا و ئەزموونی پێکهاتنی کۆمەڵێک هاوهەڵوێستی و هاودەنگی لە نێوانیاندا، کۆبوونەوەی هاوبەشی سەرکردایەتیی ٥ حیزبی کوردستانی ئێران لە ٩ - ١ - ٢٠١٨(١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦)، بڕیاری دامەزراندنی ناوەندێکی هاوکاری بە ئامانجی پەرە پێدانی هاوکاری و کاری هاوبەشی لایەنە سیاسییەکان، پەسند کرد.

هەموولایەنە بەشدارەکانی ئەو کۆبوونەوەیەش لە سەر پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی کە هێزو توانایی حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێران بۆ کاری هاوبەش کۆ بکاتەوە و لە ئاستی گشتی و نێوخۆ و دەرەوەی وڵات، نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بکا، وەک ئامانجی سەرەکیی ئەم ناوەندە، تەئکیدیان کردەوە. "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" لە دووهەم دانیشتنی ئەو ٥ لایەنە سیاسییە دا کە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦پێک هات، دامەزرا و بە ڕەسمی دەست بە کاربوونی خۆی ڕاگەیاند.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە کاتی پێکهاتنیەوە تا ئێستا لە دانیشتنەکانی خۆی دا، زۆر پرس و بابەتی جۆراوجۆری پێوەندیدار بە حیزبە سیاسییەکان و بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هێناوەتە بەر باس و هەڵویست و پەیام و بانگەوازی خۆی لە بارەیانەوە راگەیاندوە. ڕێنوێن و ڕێنیشاندەری ئەم ناوەندە لە هەڵویستگرتن و تێکۆشانی دا، کۆمەڵێک ئامانج و پرەنسیپی سەرەکین کە لە بەرنامەی سیاسی و پەسندکراوەکانی هەر کام لە لایەنەکانی پێکهێنەری ناوەند دا، رەنگیان داوەتەوە. ئامانجەکان و پرەنسیپە هاوبەشەکان کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دوای زنجیرەیەک باس و بیروڕاگۆڕینەوە، لە کۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٢ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی



سەرچاوە
Serchawe

پەسندی کردوون و، بۆ جێبەجێکردن و وەدیهێنانیان تێ دەکۆشێ، ئەمانەن:

## ئامانجەکان، ئەرکەکان و پرەنسیبە گشتییەکان

١- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، نوێنەرایەتیی بزووتنەوەی گەلی کورد بۆ دەستەبەر کردنی مافە سیاسی و نەتەوەییەکانی ئەو گەلە لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات، سێکۆلار و فیدراڵدا دەکات کە مافی نەتەوەکان و کەمایەتییە ئایینیەکان، مافی شارۆمەندی و نێوەرۆکی جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ، دابین بکات.

٢ - ناوەندی هاوکاری میکانیزمی کاری هاوبەش لە نیوان حیزب و لایەنە سیاسیەکانی گۆرەپانی خەبات لە کوردستانی ئێرانە و سەرەکیترین ئەرکی ئەم ناوندە وەگەڕخستنی پرۆسەی پێکهێنانی بەرەیەکی کوردستانی پێکهاتوو لە حیزب و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی ئێرانە.

٣- پێکهێنانی یەکهەڵوێستی و کۆدەنگی لە نێوان حیزبەکانی رۆژهەڵات لە ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ ڕووداو، ئالوگۆڕ و پرسەکانی پێوەندیدار بە ئێران و کوردستانی ئێران، کار و نوێنەرایەتی هاوبەش بۆ کوردستانی ئێران لە بواری نێونەتەوەیی وهەر وەها لە بارەی پرسەگرنگەکانی پێوەندیدار بە نەتەوەی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی ئەم ناوەندەیە.

٤- ئەولەوییەتی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، هەوڵ و تێکۆشانی خەباتکارانەی ئەندامانی ناوەندە بۆ دابینکردنی یەکگرتوویی و کۆدەنگیی نێوان هێزە سیاسیەکانی ئەم بەشەی کوردستان، پشتیوانی لە ئازادی سیاسی بە گشتی و ئازادی ڕێکخراوە سیاسی و پیشەییەکان و هەروەها لێکگرێدانی خەباتی خەڵک و حیزبە سیاسییە خەباتکارەکانی رۆژهەلاتی کوردستان لە پێناوی کۆتاییهێنان بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران و دابینبوونی مافەکانی گەلی کورد.

٥- ناوەندی هاوکاری، پشتیوانی خەباتی ژنانی کوردستان لە پێناو یەکسانی ڕەگەزی لەگەڵ پیاوان لە هەموو بوارەکان و داخوازییەکانیانە و، تێدەکۆشێ لە لایەکەوە بوار بۆ بەشداریی زیاتر وچالاکانەتریان لە خەباتدا بڕەخسێنێ، لە لایەکی تریشەوە پرسی ڕەوای ژنان و داخوازەکانیان بۆ یەکسانی لەگەڵ پیاوان لە بزووتنەوەی نەتەوەیی و حەقخوازانەی کوردستانی ئێران، جێگە و پێگەیەکی دیار و سەردەمیانەی هەبێ.



سەرچاوە
Serchawe

٦- ناوەندی هاوکاری لە گەڵ کەڵکوەرگرتن لە هەموو شکڵ و شێوازەکانی خەبات دایە. ئەم ناوەندە هاندەر و پشتیوانی هاودەنگی و یەکگرتوویی نێوان خەباتکارانی مەدەنی، سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتە و لە سەر ئەم باوەڕەیە کە پێوەندیی نزیک و ڕێز لێگرتنی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان و بزووتنەوەی مەدەنیی نیوخۆ، زامنی بە هێزبوونی بزووتنەوەی نەتەوەیی وئازادیخوازی لە کوردستانی ئێران لە تەواوەتیی خۆی دایە.

٧- لە ئاستی سەرانسەری(ئێران)دا، ناوەندی هاوکاری پشتیوانی لە خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخوازی ئێران دژی ڕێژیمی دیکتاتوری کۆماری ئیسلامیی ئێران و نەمانی ئەو دەسەڵاتە دەکا و، لەم قۆناغەی ئێستای خەباتدا ئامانجە گشتییەکان و سیاسەت و هەڵوێستی بزووتنەوەی گەلی کورد لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، بەرامبەر پارچەکانی دیکەی کوردستان و لە پێوەندی لەگەڵ ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی، کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، یەک دەخات.

٨- گرنگیدان و هاوئاهەنگی لەگەڵ بزووتنەوەی دێمۆکراسیخوازانە لە ئێران و پێکەوە گرێدانی بزووتنەوەی گەلی کورد و نەتەوە بندەستەکانی دیکەی ئێران و ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئیران، بەشێک لە سیاسەتی هەمیشەیی ناوەندی هاوکارییە. بنەمای ئەم ناوەندە بۆ هاوکاری وهاوپەیمانی لە گەڵ هێز و لایەنە سەرانسەرییەکانی ئێران لەپێوەندی لە گەڵ داهاتووی ئێراندا، بە ڕەسمییەت ناسینی مافی دیاریکردنی چارەنووسی نەتەوەکان بە تایبەتی نەتەوەی کوردە، قبووڵکردنی دێمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر جۆرە دیکتاتۆرییەکە.

٩- ناوەندی هاوکاری، بە سازدانی دیدار و چاوپێکەوتن لەگەڵ ناوەندە نێودەوڵەتیەکانی بڕیار، بۆ ڕاکێشانی ڕای گشتی و پشتیوانیی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی لە خەباتی گەلی کورد و داخوازەکانی ئەو گەلە تێدەکۆشێ. گوتاری ئەم ناوەندە لەبواری نێونەتەوەیی و دیپلۆماسیدا داواکارییە بۆ ئێرانێکی ئازاد و لە ئاست کۆمەڵگەی نیودەوڵەتیدا دەروەست(متعهد) کە پشتیوانی لە تیرۆریزم، دەستێوەردان و شەڕخوازی لە ناوچەدا ڕەت بکاتەوە، بوون ومافی نەتەوە جۆراوجۆرەکان و ئایین و کەمایەتییە جیاوازەکان لە نیو ئیراندا بەرەسمی بناسێت.

١٠- بنەمای هەڵوێست و سیاسەتی ناوەندی هاوکاری لە ئاست وڵاتانی پێوەندیدار بە پرسی کورد لە ناوچەدا، بەرژەوەندەی بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە لایەک و، لە لایەکی دیکەوە ئەو پرەنسیبەیە کە زیان و خەسار بە بەرژەوەندەی نەتەوەیی لە بەشەکانی دیکەی کوردستان نەگەیەنێت. ئامانجی ناوەندی هاوکاری، پاراستنی سەربەخۆیی سیاسی بزووتنەوەی کورد لەرۆژهەلاتی کورستانە. ئەم ناوەندە دەستێوەردان و بەدیل سازی لە هەربەشێکی دیکەی کوردستان ڕەد دەکاتەوە.



سەرچاوە
Serchawe

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

۲۲ی سەرماوەزی ۱۳۹۷ی هەتاوی = ۱٤ی دیسامبری ۲۰۱۸ زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## ئاگادارییەک لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

**بۆ بیروڕای گشتی**

**هاونیشتمانییانی بەڕێز، ئۆگرانی تەبایی و یەکگرتوویی**

هەروەک ئاگادارن ساڵی رابردوو دوای هەوڵ و بەدواداچوونی زۆربەی حیزبەکانی کوردستان و بۆ وڵامدانەوە بە ویست و داخوازیی ئێوەی بەڕێز سەبارەت بە هاوکاری و یەکگرتوویی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دامەزرا. دواتر و لە رەوتی پێکەوە کارکردن پێویست بوو کە ئەم ناوەندە بۆ لێک تێگەییشتن و هاودەنگی زیاتر، هێڵە گشتی و پرنسیپەکانی خۆی بە مەبەستی گەییشتن بە ئامانجەکانی روو بە خەڵک و بیروڕای گشتی بخاتە روو. لەو بارەوە کۆمەڵێک بابەت لە چەند خاڵێکدا لە لایەن نوێنەرانی حیزبەکانی ئەندامی ناوەندەوە لە ژێر ناوی هێڵە گشتی یەکان ئامادە کران و دوای باس و گۆڕینەوەی روانگەکانی لایەنەکانی بەشدار لە ناوەند ئامادەی پەسند کردن بوو، بەڵام لە بەر ئەوەی کە سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بە تەنیا لە گەڵ چەند خاڵێکی بنەڕەتیی هێڵە گشتییەکاندا هاودەنگ نەبوو ناوەندی هاوکاری بۆ پاراستنی یەکریزی ناوەند وریز گرتن لە بیرورای سازمانی خەبات و دانی کاتی زیاتر بەوان چەندین مانگ لە بڵاو کردنەوە و راگەیاندنی ئامانج و پرنسیپەکانی ناوەند خۆیان پاراست. بەڵام بەداخەوە ئەو سازمانە لەحاڵێکدا کە ئەندامانی ناوەند چاوەڕێی بەشداری ئەوان لە دەهەمین کۆبوونەوەی ناوەند کە رۆژی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی بسترا و تەرخان کرابوو بۆ ئەوەی بریاری کۆتایی لە سەر بڵاوبوونەوەی هێڵەگشتییەکان بدرێ، بەشدارییان نەکرد لە دوای بەشداری نەکردنی سازمانی خەبات لەو کۆبوونەوەیە، بۆ نیازپاکی زیاتر ناوەند هەئیەتێک پێک هاتوو لە ئەندامانی ناوەند راسپارد سەردانی سازمانی خەبات بکەن بەڵام سەردانی وەفدەکەش کاریگەری نەبوو و سازمانی خەبات هەر سوور بوون لە سەر قسەی خۆیان، کە نابێ چەمکی فیدرالیزم بۆ ئیدارەکردنی سیستمی داهاتووی ئێران ببێتە ئامانجی ناوەندو تەنانەت بۆ ماوەیەکی زۆر لەسەر چەمکی سیکۆلاریزم و چەمکی وتوویژ وەک پرنسیپ لە خەباتی سیاسیی ناوندەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وەلابندرێ. بە داخەوە سازمانی خەبات دوای سەردانی وەفدی ناوەند، لە راگەیاندراوێکدا و پاشان لە پرێسکۆنفرانسێکدا یەک لایەنە چەند قسەیەکیان کرد کە بەم جۆرە لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە راستیەکان دەخرێتە بەرچاوی ئێوەی بەڕێز.

١- سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە راگەیاندراوەکەیاندا باس لە پێشێل کردنی تەوافوق دەکەن و یەک لایەنە ناوەندی هاوکارییان بە هەڵوەشاوە ناوبردوە کە ئەو قسەیە بە تەواوی دوورە لە راستی و ناوەند لە کاری خۆی بەردەوامە.

٢- چوار حیزبەکەی دیکەی ناوەند جگە لە سازمانی خەبات لە سەر فیدراڵیزم بۆ داهاتووی ئێران کۆکن بەڵام سازمانی خەبات لەو بارەوە پێشنیارێکی باشتر لە فیدراڵیزمیان پێ نیە و سوور بوونی ئەوان لەسەر رای رێکخراوی خۆیان لە کاری هاوبەش، بەدوور لە پرنسیپە دیمۆکراتیکەکان دەبیندرێ.

٣- ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە گەڵ ئەوەی کە رووخان و نەمانی کۆماری ئیسلامی بە باشترین بژاردە دەزانێ و لەوە دڵنیایە کە کۆماری ئیسلامی ئێران هیچ کات بە شێوەیەکی جیددی باوەڕی بە وتوویژ بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێران دا نەبووە، بەڵام هاوکات بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانی خەڵکی کوردستان وتوویژ بە پرنسیپێک لە کاری سیاسیدا دەزانێ و هیچکات رەدی ناکاتەوە.

لە کۆتاییدا پێویستە بوترێ کە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان ئێران سەرەڕای بڕیاری یەکلایەنەی سازمانی خەبات بۆ چوونە دەرەوە لە ناوەند، جەخت لە سەر هەرچی بەرینترکردنەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران دەکاتەوە و لەو پێوەندیەدا لە کار و تێکۆشانی خۆی بەردەوام دەبێ.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٢٧ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٨ی دیسامبری ٢٠١٨ زایینی

---

**کومیتەی ناوەندیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران لە بەیاننامەیەکدا کشانەوەی خۆیان لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران راگەیاند. ئەوە دەقی بەیاننامەکە:**

## سازمانی خەبات لە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان کشایەوە

**هاونیشتمانیانی تێکۆشەر!**
**هێزو لایەنە سیاسیە کوردستانیەکان!**

**هەروەک ئاگادارن پاش هەوڵ و تێکۆشانی بێووچان لە پێناو لێک نزیکبوونەوەی هێز و لایەنە سیاسیەکان بە مەبەستی پێکهێنانی هاوئاهەنگی و کاری هاوبەش، کە ئاواتی لە مێژینەی گەلەکەمانە، سەرەنجام ئەو ئاواتە لە شکڵ و چوارچێوەی ناوەندێک بە ناوی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" وەدی هات. ئەو هەنگاوە بوو بە هۆیەک، بۆ لێک نزیک بوونەوە و هاوکاری لە نێوان حیزب و سازمانەکانی کوردستانی ئێران. ناوەندی هاوکاری بە بەشداری پێنج هێزی کوردستانی دامەزرێندرا و چەند ئامانجی بۆ دیاری کراو لە ماوەی ١١ مانگ کاری هاوبەشدا توانرا دەسکەوتی باش و لە قازانجی گەلەکەمان تۆمار بکات. بەڵام بەداخەوە بەهۆی پێبەندنەمانی چەند لایەن بە ئەسڵە گرینگەکانی کاری هاوبەش، دوای ماوەیەک و لە کۆبوونەوەکانی کۆتایی دا، رۆحی تەبایی و هاوکاریی و یەکتر خوێندنەوەی تێدا نەماو، رێکەوتنی گشتی، وەک بنەرەتێکی ئوسولی و پەسەندکراو، پێ شێلکراو هەمەچەشنی پشت گوێ خرا. سەپاندنی سیاسەتی تایبەتی و کۆمەلێک دروشمی دیاریکراوی حیزبی، کە لەگەڵ ناوەرۆکی کاری هاوبەش و دەستەجەمعی ناتەبابوون، بونە هۆی لەباربردنی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران. سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران لە گەڵ دەربرینی نیگەرانی خۆی لە پێشێلکرانی بنەماکانی رێکەوتن و تەوافق و کارو کردەوەی ئەو لایەنانە، بە پشت بەستن بەم چەند**

خاڵەی خوارەوە ڕادەگەیەنێ کە دەرفەتی چالاکی ناوەندی هاوکاری لە سەر بنەما پەسەندکراوەکانی کۆبوونەوەکانی سەرتادا کۆتایی پێ هاتوە.

١- پێشێل کردنی خاڵی پەسەندکراوی پەیرەوەیی نێوخۆیی ناوەند لەپێوەند بە بەرێوەبردنی ناوەند لەسەر بنەمای تەوافقی گشتی.

٢- سەپاندنی دروشم و سیاسەتی تایبەتی بەسەر بەرنامە و هێلی گشتی ناوەند.

٣- گۆرینی ئەرکی ناوەند لە مەرجەعێکی کاتی وەک جێگرەوەی بەرەی کوردستانی.

٤- دروست کردنی ناتەبایی لە سیاسەتی ناوەندا، لەکاتێکدا کە ناوەند ویستی روخانی رژیمە هاوکات باس لە وتووێژ لەگەڵ دەسەڵاتی ئاخوندیش بکرێ.

٥- هێژمۆنگەرایی و نەخوێندنەوەی لایەنەکان وەک هاوبەشێکی خاوەن ئەرک و مافی بەرامبەر.

بە لەبەر چاو گرتنی ئەو خالانە بە کردەوە دەرفەت و مەجالێک بۆ کاری هاوبەش و دەستەجەمعی نابینین و دەبێ رایبگەیێنین کە لە داهاتووشدا ئەو کردەوانە زیانی بۆ بزوتنەوەی ئازادیخوازی خەڵکی کوردستان دەبێ و دەبێتە بەربەستێکی گەورە لەبەردەم یەکیەتی و یەکگووتاری لایەنە سیاسیەکان دا.

کومیتەی ناوەندی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

سەرچاوە: زاگرۆس پۆست - رێکەوتی: ١٧ی دیسامبری ٢٠١٨



سەرچاوە
Serchawe

## کۆبوونەوەکان: ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

### کۆبوونەوەی ٥ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە سکرتاریای حیزبی دێموکراتی کوردستان




٥ حیزب و ڕێکخراوی سیاسیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بۆ باس و بیروڕاگۆڕینەوە لەبارەی خۆپێشاندانەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی شار و ناوچە جۆراوجۆرەکانی ئێران و تاوتوێکردنی ئەرکەکانیان لە ڕاستای پشتیوانی لە ناڕەزایەتدەربڕینی سەرانسەریی گەلانی ئێران دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەمڕۆ سێشەمە، ١٩ی بەفرانبار لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان کۆ بوونەوە.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە بەبەشداریی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکراتی کوردستان بەڕێوەچوو؛ دوای هەڵسەنگاندنی ڕەهەندە جۆراوجۆرەکانی ئەم خۆپێشاندانانە و هەوڵەکانی ڕێژیمی سەرکوتکەری کۆماری ئیسلامی بۆ بەرەوڕووبوونەوەیان، لایەنەکانی بەشداری کۆبوونەوەکە خوێندنەوەی خۆیان لە پەیامەکانی خۆپێشاندانانەکان و ئەرکی خۆیان بەرامبەریان خستە ڕوو:



سەرچاوە Serchawe

**پوختەی پەیام و دەرکەوتەکانی ئەم خۆپێشاندانانە لە ڕوانگەی بەشدارانەوە بریتی بوو لە:**

١- خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ١٣٩٦ی خەڵکی ئێران کە زیاتر لە ٢٥ پارێزگە و ١٠٠ شاری ناوچە جیاوازەکانی ئێرانیان گرتەوە، جگە لەوەی لە ڕووی جۆگرافیاییەوە، ماوەی درێژە کێشانەکەیان و بەشداریی توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵک جیاوازییەکی تەواویان لەگەڵ نارەزایەتیدەربڕینەکانی ساڵانی پێشوو هەبوو، لە ڕووی ئامانجی نارەزایەتییەکانیشەوە، چوونەتە ئاستێکی بەرزتر و لە جیاتی باڵێکی ڕێژیم، کۆماری ئیسلامییان لە تەواوەتیی خۆیدا کردۆتە ئامانج.

٢- لەگەڵ ئەوەی پاڵنەری سەرەکیی خەڵک بۆ هاتنە سەرشەقام، بارودۆخی خراپی ئابووری و کارەساتاوی بوونی ژیان و بەرێچوونی خەڵک بوو، بەڵام بەو هۆیەوە کە ناهومێدی لە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەموو بوارەکاندا کۆمەڵی ئێرانی داگرتوە، خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دیکتاتۆری و گەندەڵی و سەرکوت، دروشمی سیاسیی مردن بۆ دیکتاتۆر و ڕەتکردنەوەی کۆماری ئیسلامی بە هەموو باڵەکانیەوە و سیاسەتەکانی ئەم ڕێژیمە لە ئاستی نێوخۆیی و دەرەوەی ولاتیان هەڵگرتوە و، ڕای دەگەیەنن کە چی دیکە تەحەمولی ئەم سیستەمە تاقیکراوە ناکەن.

٣- سەرەڕای جۆراوجۆریی خەڵکی ئێران و بوونی نەتەوە و ئایین وپێکهاتەی جیاواز لەم وڵاتەدا، گەلانی ئێران لە خەبات دژی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی و تێکۆشان بۆ هێنانە سەرکاری سیستەمێکی ئازاد و دێموکراتیک کە وڵامدەری داوا لەمێژینەکان و دابینکەری ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکانیان بێ، هاودەنگ و پشتیوانی یەکترن و لە ڕێگای گەیشتن بەم ئامانجە سەرەکییەیان ئامادەن بەرەوڕووی دامودەزگا و هێزە سەرکوتکەرەکان ببنەوە و قوربانیی بۆ بدەن.

٤- یەکێک لە لاوازییەکانی ئەم خۆپێشاندانانە بێبەری بوون لە ڕێبەری لە نێوخۆی وڵاتدا و، بێبەشبوون لە پشتیوانیی یەکگرتووانە و هەماهەنگی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران لە دەرەوەی وڵاتە. ئەمەش وای کردوە سەرەڕای هەبوونی زەمینەی لە بار بۆ پشتیوانیی زیاتری خەڵک لە نێوخۆ لە نارەزایەتیدەربڕینەکان و هاوپێوەندیی دنیای دەرەوەی لەگەڵ خەڵکی داواکاری ئازادی و دیموکراسی لە ئێران، بەو جۆرەی پێویستە سوود لە زەرفییەتەکان وەرنەگیرێ.

٥- پێوەندانی ئەم خۆپێشاندانانە بە وڵاتانی دەرەوە لە لایەن ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە هێنانە مەیدانی سەرجەم هێز و دەزگا سەرکوتکەرەکان بۆ سەرکوتی خەڵکی نارازی و لە پاڵ ئەمانەشدا هێنانە سەرشەقامی دەست وپێوەندەکانی ڕێژیم و بەزۆرپەلکێشکردنی قوتابیان و کارمەندان بۆ بەشداری لە ڕێپێوان بە لایەنگری کۆماری ئیسلامی، ئەو پەڕی زەبوونی و ترس و داماویی ئەو ڕێژیمە دەگەیەنێ.

لایەنەکانی بەشدار لە پێوەندی لە گەڵ ئەرکەکانیشیان بەرامبەر بزووتنەوەی نارەزایەتیدەربڕینی خەڵک لە نێوخۆی ئێران، پێیان لە سەر کۆمەڵێک خاڵ داگرت. ئەوان هەر لەو کاتەدا کە بە ڕێز و پێزانینەوە هاتنەمەیدان وقوربانیدانی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانیان لە پێناوی ویست و مافە ڕەواکانیاندا هەڵسەنگاند، لەسەر پێویستیی پشتیوانیی چین و توێژە جیاوازەکانی گەلانی ئێران لەم بزووتنەوەیە و بەردەوامراگرتنی نارەزایەتی دەربڕین بە شێوەی خۆپێشاندان و مانگرتن و هەر شێوەیەکی مومکینی دیکە تەئکیدیان کردەوە. ئەو پێنج حیزب و ڕێکخراوە خۆیان بە ئەرکدار زانی کە کار بکەن بۆ پێکهێنانی هاوکارییەکی جیددیتر لە نیوان هێز و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ ئەوەی بەو جۆرەی لێیان چاوەڕوان دەکرێ لە سەر بەرەوپێشچوونی بزووتنەوەی دژ بە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات، کاریگەریی پێویستیان هەبێ، هەروەها ڕێخۆشکەر بن هەم بۆ لێک گرێدان و هاوکاریی هەرچی زیاتری بزووتنەوەی نارەزایەتی لە ڕۆژهەلاتی کوردستان و سەرانسەری ئێران، هەم بۆ ڕاکێشانی هەرچی زیاتری پشتیوانیی بیروڕای گشتی و کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی دنیا بۆ لای ئەو خەباتە ڕەوایە کە لە ئێران بە دژی ڕێژیمی دیکتاتۆری کۆماری ئیسلامی لە گۆڕێ دایە.

بەشدارانی کۆبوونەوەکە بە سەرنجدان بە نیاز و بەرنامەکانی دەسەڵاتدارانی ئێران بۆ سەرکوتی نارەزایەتییەکان و گرتن و ئازار و ئەشکەنجە و سزادانی چالاکان و ڕێکخەرانی ئەو نارەزایەتییانە، هەوڵ و هاوکاریی هەموو لایەنەی چالاکانی بواری مافی مرۆڤ، میدیاکان و هێزو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و ئێرانیان بە مەبەستی بەرگری لە گیانی گیراوە سیاسییەکان و ئازادیی بەندییە سیاسییەکان بە پێویست زانی.

هەرە حیزب و ڕێکخراوی بەشدار لە کۆبوونەوەی هاوبەشی ئەمڕۆی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، تەئکیدیان لە سەر کۆبوونەوە و دانیشتنی حیزبەکان بۆ ئالوگۆڕی بیروڕا لە بارەی پرسە گرنگەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران کردەوە و بەرعۆدە بوون بە مەبەستی هەرچی بەرهەمداربوونی کۆبوونەوەکان و هاوکاریی چەند لایەنە، بە ڕاوێژ وهاوفکریی لایەنە پێوەندیدارەکان، کار لە سەر میکانیزمێکی گونجاو بۆ هاوکاریی بەرین و کاریگەر لەگەڵ یەکتر بکەن.

١٩ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی = ٩ی ژانویەی ٢٠١٨ی زایینی

## پێکهێنانی "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان"



لە کۆبوونەوەی پێنج لایەنی سیاسی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ڕۆژی شەممە ٣٠ بەفرانبار بەڕێوەچوو بڕیار لەسەر پێکهێنانی "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان" درا.

ڕۆژی ٣٠ بەفرانباری ١٣٩٦، ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٨، پێنج حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستان، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان) لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبوونەوەو پاش چەند کاتژمێرێک گفتوگۆ، بڕیاریاندا لەسەر پێکهێنانی کومیتەیەکی هاوکاری بەناوی "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران"و ناوەندەکەش لە ڕۆژی شەممەوە بە مەبەستی هاوکاری زیاتری نێوان پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەفەرمی دەستی بەکارەکانی کرد.

لەکۆبوونەوەدا پاش ئەوەی ڕێکەوتنی سەرەتایی لەسەر ناوی ناوەندەکە کرا، گفتوگۆیەکی چڕوپڕ لەسەر پرەنسیپەکانی بەشداریی حیزبەکانی لە ناوەندەکەدا کرا کە سەرەکیترین خاڵەکانی بڕوابوون بە ڕوخانی کۆماری ئیسلامیو ئێرانێکی دیموکراتیک، فیدراڵو سیکۆلارە کە تێدا مافە نەتەوایەتییەکان لەوانە مافەکانی گەلی کورد تێیدا ڕەچاو بکرێت.

هەروەها قسە لەسەر کارو ئەرکەکانی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران" کرا کە لە چەندین خاڵدا خۆی دەبینێتەوە: لەوانەو سەرەکیترین ئەرکی سازدانی گفتوگۆو دیالۆگو ئامادەکارییە بۆ پێکهێنانی ئیئتیلاف، بەرە یان چەترێکی هاوبەشو درێژخایەن بۆ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماوەیەکی زەمەنی دیاریکراودا، کە لە کۆبوونەوەکانی داهاتوودا قسەو باسی زیاتری لەسەر دەکرێت.

ئەرکەکانی دیکەی ناوەندەکە بریتی دەبێت لە دانانی میکانیزمێک بۆ کۆبوونەوەی بەردەوامی لایەنەکانو پەیوەندیی سیستماتیکی نێوان ئەندامانی "ناوەند"ەکە. هەروەها قسەوباسێک لەسەر بەشداری حیزبو لایەنە سیاسییەکانی دیکە لەو ناوەندەدا کراو قسەی زیاتر بۆ کۆبوونەوەی داهاتوو دانرا.

یەکێکی دیکە لە کارەکانی "ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران" هەڵوێست وەرگرتن لەسەر رووداوو پێشهاتەکانو بڵاوکردنەوەی راگەیاندنی هاوبەشو قسەو لێدوان بۆ میدیاکانە.

هەر لە کۆبوونەوەکەدا ئەجێندای کۆبوونەوەی داهاتوو دیاریکرا کە خۆی لە چەند خاڵ دەبینێتەوەو لەکۆبوونەوەی داهاتوودا قسەو باسیان لەسەر دەکرێت.

٣٠ی بەفرانباری ١٣٩٦ی هەتاوی = ٢٠ی ژانویەی ٢٠١٨ی زایینی

---

## ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران سێهەم کۆبوونەوەی خۆی پێک هێنا.



ڕۆژی سێشەممە ١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی (٦ی فیوریەی ٢٠١٨ی زایینی) سێهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، لە بنکەی سەرکردایەتیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز کامیل نوورانیفەرد ئەندامی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران وێڕای بەخێر هێنانی ئامادەبووان، دەستووری کاری کۆبوونەوەکەی ڕاگەیاند.

**لە دەستووری کاری ئەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک پرس و بابەتی گرنگ هەبوون کە بریتی بوون لە:**

١- هەڵسەنگاندنی کاردانەوەی پێکهاتنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان لە نێو خەڵکی ڕۆژهەڵات و هێز و لایەنە سیاسییەکان،
٢- درێژەی باس و بیروڕاگۆڕینەوەی کۆبوونەوەی پێشوو لە بارەی ئەرک و ئامانجەکانی ناوەند و پێڕەوی نێوخۆی.
٣- خستنە ڕووی ڕاوبۆچوون لە بارەی فراوانکردنەوەی ناوەند و بانگێشتی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە.
٤- گرنگترین ڕووداو و ئاڵوگۆڕەکانی ئێستای ئێران و ناوچە بە گشتی و ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە تایبەتی و خوێندنەوە و هەڵوێستمان لە بارەیان دوای ڕاگەیاندنی دەستووری کارەکە هەریەکە لە هەیئەتەکانی بەشدار بۆچوون و سەرنجی خۆیان لەسەر هەرکام لە بابەتەکان هێنایە گۆڕێ.

**ئەوەی وەک ئەنجام و پوختەی باسەکانی ئەم دانیشتنە پێویستە بە ئاگاداریی ڕای گشتی بگات، بریتییە لە:**

* ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بە ئاماژە بەو پەیمانەی لە چەند حەوتووی ڕابردوو دا، بە هێزە سیاسییەکانی پێکهێنەری ئەو ناوەندە گەیشتوون و بە سەرنجدان بە لێدوان و دژکردەوەی هۆگرانی بزووتنەوەی نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و راگەیەنەکان دا، ڕێزی لە خۆشحاڵی دەربڕین و پێشوازیی ئەوان لە پێکهاتنی ئەم ناوەندە گرت و ئەمەی بە هاندەرێکی باش زانی بۆ بەردەوام بوون و پەرەپێدانی هاوکاریی نێوان حیزبەکان و گەیاندنی بە ئاستێکی کاراتر.

* کۆبوونەوە وێڕای وەبیرهێنانەوە و تەئکید کردنەوە لەسەر ئەو پرەنسیبە گشتییە سیاسییانەی بناغەی هاوکاریی حیزبەکانی ئەندامی ناوەندیان لە سەر پێک هاتوە، ناوی "ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران"ی بۆ ئەم ناوەندە پەسند کردو ڕیزە خاڵێکیشی بۆ ڕوونکردنەوەی پێڕەوی نێوخۆ و هاوکاریی ئەندامان لە چوارچێوەی ناوەند دا دیاریی کرد.

* لە تەوەری باس لە سەر ڕووداوەکان و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە، لایەنەکانی ئەندامی ناوەند بەپێزانینەوە لە سەر خۆپێشاندانەکان و نارەزایەتیدەربڕینەکانی خەڵکی ئێران لە دژی دیکتاتۆری و بە مەبەستی کۆتایی هێنان بە تەمەنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بە تایبەتی ڕۆڵ و بەشداریی ژنان لەو حەرەکەتانەدا، هەڵوێستەیان کرد. کۆبوونەوە سەرکوتی دڕندانەی خۆپێشاندانی جەماوەریی خەڵک، گرتنی هەزاران هاونیشتمانی وەزالەهاتوو لەبارودۆخی دڵتەزێنی ئابووری و سیاسی و، هەروەها کوشتنی گیراوانی ئەم دواییەی لەژێر ئەشکەنجە لە گرتووخانەکانی ئەو ڕێژیمە کە ژمارەیەک لە لاوانی کوردستانیشیان لە نێو دا هەبوون، بە توندی مەحکووم کردەوە. ناوەندی هاوکاری بە وەبیرهێنانەوەی هەڵویستی خۆی لە بارەی دەرچوونی حوکمی ئێعدام بۆ لاوی کورد رامین حوسێن پەناهی کەڕۆژی ٢٦ی ژانویەی لە توێی بەیاننامەیەک دا ڕای گەیاند،هەوڵدانی هەموولایەنە بە مەبەستی هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدامی ڕامین حوسێن پەناهی و هیدایەت عەبدوڵلاپووری بە ئەرکی بە پەلەی هەموو هێز و لایەن و کەسایەتییەکی ئازادیخواز و مرۆڤدۆست زانی.

هەر لە چوارچێوەی باس لە ڕووداوەکانی ناوچە، ناوەندی هاوکاری پەلاماری دڕندانەی سوپای تورکیە و هاوپەیمانەکانی بۆ سەر خەڵکی عەفرین و ناوچەکانی دیکەی ڕۆژاوای کوردستان لە بەر چاوی کۆمەڵگەی جیهانی، بە جێگای داخ زانی و وێڕای مەحکوومکردنی ئەم دەستدرێژی و تاوانخوڵقێنییانە، هاوخەمی و هاوپێوەندیی خۆی لە گەڵ خەڵکی خۆڕاگری ڕۆژاوای کوردستان بە تایبەتی ناوچە پەلاماردراوەکان، دووپات کردەوە.

لە تەوەرێکی دیکەی ئەم بەشە لە باسەکان دا، هەیئەتەکانی بەشداری ئەم دانیشتنە، بە لە بەرچاوگرتنی بۆنەکانی ٢٢ی ڕێبەندان(ساڵرۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران و دەستبەسەرداگیرانی دەسکەوتەکانی ئەو شۆڕشە لە لایەن خومەینی و



سەرچاوە
Serchawe

هاوبیرەکانی)، ٢١ی فێوریە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک و چەند بۆنەیەکی دیکە، پێویستیی یەکدەنگی و هاوپەیامیی حیزبەکانی ڕۆژهەلات لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بۆنانەیان بە پێویست زانی و ناوەندی هاوکارییان بۆ ئامادەکردنی پەیام و بانگەوازی پێویست لەم پێوەندیانە دا، ڕاسپارد.

ناوەندی پێکهاتوو لە ٥ حیزبی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لەسێهەمین کۆبوونەوەی خۆیدا، وێڕای باسکردن لە پێویستیی فراوانکردنەوەی ناوەند و بانگێشتی هێز و لایەنە سیاسییەکانی دیکە بۆ هاوکاری، گەڕایەوە سەر یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی ئەو ناوەندە کە کارکردن و هەوڵدانە بەئامانجی پێکهاتنی بەرە یا هاوپەیمانەتییەکی گشتگیر و بەردەوام لە نێو هێز و لایەنەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان. هەر پێنج لایەنی بەشدار پێیان لە سەر ئەم خاڵە داگرتەوە کە پێویستە ئاسۆ و ئامانجی ئەم ناوەندە، هەوڵدان بۆ هەر چی زیاتر لێک کۆکردنەوەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەخساندنی بوار بۆ لاپەڕە و قۆناغێکی نوێ لە هاوکاری و هاوخەباتیی نێوانیانە. لەم پێوەندییە دا، ناوەندی هاوکاری خۆی ئەرکدار کرد بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەکانی داهاتووی خۆیدا لە سەر زەمینە و کۆسپەکانی بە پێرەوەچوونی ئەم پرسە گرنگە و وردەکارییەکانی باسی چڕ و پڕ بکا.

لە کۆتایی سێهەم دانیشتنی ناوەندی هاوکاری دا، پرێس کۆنفرانسێک بە خانەخوێی سازمانی خەبات و بە بەشداریی نوێنەرانی حیزبەکانی بەشدارلەم ناوەندە(حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران) بەڕێوە چوو کە تێی دا بەڕێز کامیل نوورانی فەرد، بۆ میدیاکان تیشکی خستە سەر باس و بڕیارەکانی ئەم کۆبوونەوەیە.

١٧ی ڕێبەندانی ١٣٩٦ی هەتاوی = ٦ی فیوریەی ٢٠١٨ ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## چوارەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران،

### ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە مەبەستی جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ئەرک، کۆ بۆوە




ڕۆژی ٤ی مارسی ٢٠١٨( ١٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٦) لە بنکەی ناوەندیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کۆ بۆوە. لەم کۆبوونەوەیە دا کە هەیئەتەکانی هەر پێنج حیزبی ئەندامی ئەو ناوەندە تیی‌دا بەشدار بوون، سەرەتا راپۆرتی کارو تێکۆشانی یەک مانگی ڕابردوو، ئاوڕی لێ درایەوە. کۆبوونەوە، وێرای هەڵسەنگاندنی کارو هەنگاوە هاوبەشەکانی نێوان دوو کۆبوونەوەی ناوەند، کردەوەی تیرۆریستی لە دژی دوو تێکۆشەری کوردی ڕۆژهەڵات لە شارۆچکەی بنەسڵاوە کە شەهیدبوونی سەباح رەحمانیی لێ کەوتەوە، مەحکووم کرد و هاوخەمیی هەموو لایەنەکان لە گەڵ بنەماڵەی ئەو شەهیدە و هاوسەنگەرانی بەرز نرخاند.

یەک لە خاڵەکانی دەستووری کاری ئەم کۆبوونەوەیە، باس لەسەر گەڵاڵەی ئامانجەکان، ئەرکەکان و پێڕەوی نێوخۆی ناوەند بوو کە ئامادە بووان پێشنیار و تێبینیی خۆیان لە بارەیەوە خستە روو بۆ ئەوەی گەڵاڵەکەی پێ دەوڵەمەند بکرێ و دوای گونجاندنیان جارێکی دیکە بخرێتەوە بەر نەزەری لایەنەکانی ئەندامی ناوەند. هەر لەم بەشەی باسەکانی کۆبوونەوەی ناوەند دا، پێویستیی ئامادەکردنی لۆگۆیەکی تایبەت بۆ ئەم ناوەندە و راسپاردەی پیویست لەم پیوەندییە دا وەبیر هێنرایەوە.

کار و چالاکیی پێکەوەی حیزبەکانی ئەندامی ناوەند و پەیام وبانگەوازی هاوبەش لە پێشوازی ٨ی مارس و نەورۆزدا، خاڵێکی دیکەی دەستووری کاری چوارەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری بوو کە لەم دوو بوارەش دا، دوای ئاڵوگۆڕی بیرورا،

٥ لایەنی ئەندامی ناوەند، لە سەر ئەنجامدانی کۆمەڵێک چالاکی و کۆبوونەوەی هاوبەش ڕێک کەوتن. دیارە لە بارەی چۆنیەتیی پێشوازی لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆزیش باسی پێویست کراو بڕیار درا لە داهاتوویەکی نزیک دا پەیام و بانگەواز و ڕاسپاردەی ناوەند بە ئاگاداریی خەڵکی ڕۆژهەلاتی کوردستان بگەیەندرێ.

پێوسیتە بگوترێ هەیئەتی دیاریکراوی حیزب بۆ بەشداری لە کۆبوونەوەکانی ناوەندی هاوکاریدا بە سەرپەرستیی هاوڕێ قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزب لەم کۆبوونەوەیە دا بەشدار بوو.

١٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٦ی = ٤ی مارسی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوەچوونی پێنجەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ٤ی ئاپریلی ٢٠١٨ی زایینی، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بەشداریی پێنج لایەنی ئەندامی ئەو ناوەندە، پێنجەم کۆبوونەوەی خۆی لە بنکەی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کۆیە، بەڕێوە برد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە بە خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد، پاشان بەڕێز محەممەدنەزیف قادری، ئەندامی دەستەی کارگێری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران راپۆرتی یەک مانگی رابردووی ناوەندی هاوکاریی پێشکەشی ئامادەبووان کرد و دواتر دەستووری کاری کۆبوونەوەکە بڕیاری لەسەر درا.

لەو دانیشتنەدا هەرکام لە لایەنەکان وێڕای دەستخۆشییان لە بەڕێوەچوونی بەرنامەکان لە ماوەی رابردوودا، لەبارەی کار و تێکۆشانی یەک مانگی رابردووی ناوەندی هاوکاری، هەڵسەنگاندن و راو سەرنجی خۆیان باس کرد. پاشان باسێک لەسەر لۆگۆی پێشنیاریی تایبەت بە ناوەندی هاوکاری کرا و نەزەری پێویست لەو بارەیەوە درا.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە تایبەت بوو بە چۆنیەتی بەرەوڕووبوونەوەی کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە هەرێمی کوردستان و ڕێوشوێنەکانی پووچەڵکردنەوە و بەرەنگاربوونەوەی پیلانەکانی ئەو ڕێژیمە بە دژی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان و لەم پێوەندییەدا لایەنەکانی ئەندامی ناوەند بۆ جێبەجێکردنی کۆمەڵێک ڕێوشوێن

ئەرکدار کران.

لەم کۆبوونەوەیەدا کۆمەڵێک باس و بابەتی پێوەندیدار بۆ هەرچی پتەوکردنی کارەکانی ناوەندی هاوکاری و هەروەها گوڕوتینندان بە کارەکان و بەردەوامیی گیانی یەکگرتوویی و کۆدەنگی پێیان لەسەر داگیرایەوە.

کۆبوونەوەکە دوای جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەی لە دەستووری کاری خۆی دا دیاریکرابوون لە کەشێکی دۆستانە و هاوڕێیانەدا کۆتایی پێ هات

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٥ی خاکەلێوەی ١٣٩٧ی هەتاوی = بە ٤ی ئاپریلی ٢٠١٨ی زایینی

## شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوە چوو



پێشنیوەڕۆی پێنج شەممە ١٠ی مانگی مای(٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٧) لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕیوە چوو.

پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ هەیئەتەکانی هەر یەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، کۆ بوونەوە. دەستووری کاری ئەم کۆبوونەوەیە کە شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکان بوو کۆمەڵێک پرسی گرتبووە خۆ. کۆبوونەوە، دوای پەسندی دەستووری کار، چووە سەر یەکەم بڕگە لە دەستووری کاری خۆی کە تایبەت بوو بە تێکۆشان و چالاکیی یەک مانگی رابردووی ناوەند. لەم بەشە دا بەرپرسی دەورەیی ناوەند، قادر وریا، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، وێڕای ئاماژە بە هەڵوێستەکان و تێکۆشان و هەنگاوەکانی ئەم دەورەیە، ڕاو سەرنجی لایەنەکانی لە پێوەندی لە گەڵ مانگرتنی ئێعترازیی شارەکانی بانە، مەریوان، پاوە، جوانرۆ و هتد، بە تایبەتی مانگرتنی درێژماوە و خۆڕاگرانەی خەڵکی بانە وەرگرت. تێکڕای بەشداران وێرای پێداگرتنەوە لە سەر هەڵوێستی ناوەند بریتی لە پشتیوانی لە مانگرتنەکان و داخوازە ڕەواکانیان، ئەم حەرەکەتە مەدەنییەیان هەم لە ڕووی ئیرادەی مافخوازانە و پشوودرێژیی خۆڕاگرانەی خەڵک، هەم لە باری ڕەوایی داخوازەکان، هەر وەها لە روانگەی پشتیوانی و هاوپیوەندیی خەڵکی ڕۆژهەڵات لەو مانگرتنە بەرز نرخاند. ناوەندی هاوکاری دووپاتیشی کردەوە کە پشتیوانی ئەم حەرەکەتەیە چ لە شکڵ و شێوەی ئێستای دا، چ لە ڕێگای کەلکوەرگرتن لە شێوازەکانی دیکەی گوشارهێنان بۆ دامو دەزگانی دەسەڵات بە مەبەستی قبووڵکردنی داوا ڕەواکانیان.

لە بڕگەیەکی دیکە لەم کۆبوونەوەیەدا، لایەنەکانی ناوەندی هاوکاری بە ئامانجی پەلهاویشتنی هاوکاریی نێوان حیزبەکان بۆ دەرەوەی وڵات، میکانیزمەکانی هاوکاریی نوێنەرایەتی و کۆمیتەکانی دەرەوەی وڵاتی خۆیان هێنایە بەر باس و پاش راوێژی بە سوود، لەسەر میکانیزمی هاوکارییەکان و بەدواداچوونی هەوڵە هاوبەشەکان، بڕیار و راسپاردەی پێویستیان پەسند کرد.

لە بەشێکی دیکەی شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریدا، قسە لەسەر خالە بەهێزو لاوازەکانی چەند لۆگۆیەک کرا کە وەکوو لۆگۆی ئەم ناوەندە پێشنیار کرابوون. بەشدارانی کۆبوونەوە، وێڕای دەربڕینی سپاس و پێزانینی خۆیان بۆ ئەو هونەرمەند و گرافیستانەی بە ناردنی لۆگۆ پێشنیارییەکان، یا بە بە شداری لە هەڵسەنگاندنیاندا هاوکاریی ناوەندیان کردبوو، ڕێنوێنی و ڕاسپاردەی پێویستیان بۆ بەئاکام گەیاندنی ئەم کارە، دایە بەرپرسی دەورەی داهاتووی ناوەندی هاوکاری. لەم بەشەدا، هەر وەها کۆمەڵە خاڵێک لە بارەی کاروباری میدیایی ناوەند وبە مەبەستی بواررەخساندن بۆ پێوەندیی پشتیوانان و هۆگرانی ناوەند بەم ئۆرگانیزاسیۆنە، پەسند کران.

کۆبوونەوەی ئەمجارە کاتێکی گونجاویشی بۆ باس لە دوو بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە ئامانجەکان و پێڕەوی نێوخۆی ناوەند تەرخان کرد. ناوەندی هاوکاری لە کۆبوونەوەی ئەمڕۆی خۆی دا، دوای دەوڵەمەند کردنی بەڵگە نامەی پێڕەوی نیوخۆ بە پێشنیار و سەرنج و تێبینیی ئامادەبووان، ئەم بەڵگەنامەیەی پەسند کرد. پەسند کردنی بەڵگەنامەی پێوەندیدار بە ئامانجە گشتییەکانیشی بەستەوە بە دیالۆگ و بیروراگۆڕینەوەی زیاتر لە سەر ئامانج و پرەنسیبە هاوبەشەکان و شێوازی فۆرمۆڵەکردنیان.

دوایین بڕگە لە دەستووری کاری شەشەمین کۆبوونەوەی ناوەند، باس لە نێوەرۆکی کۆبەندی سمیناری ئەو ناوەندە لە بارەی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان دا بوو کە ڕۆژی ٣٠ ئاوریلی رابردوو بەڕێوەچوو. لەم بەشەشدا، دوای پۆلێنکردنی خاڵ و ئەرکە هاوبەشەکان بەپێی ئەولەوییەت کە لە سمیناردا تەئکیدیان لە سەر کرابوو، هەر کام لە حیزبەکانی پێکهێنەری ناوەندی هاوکاری، بۆ بەدواداچوون و جێبەجێکردنیان ئەرکدار کران. کۆبوونەوە لە نێو پێداگریی هەموو لایەنەکان لە سەر یەکگرتوویی و هاوخەباتی و، ئامادەیی نواندنیان بۆ بەرەوپێشچوونی زیاتر لە جێبەجیکردنی ئەرک و بەرپرسایەتیی هاوبەش دا، کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا.

٢٠ی بانەمەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٠ی مانگی مای ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو



ڕۆژی دووشەممە ١١ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی، ٢ی جولای ٢٠١٨ی زایینی حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان بەڕێوەچوو.

پێشنیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە هەیئەتەکانی هەریەک لە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئیران، سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان، و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، لە ناوەندی سەرکردایەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان کۆبونەوە چەندین پرسیان تاوتوێ کرد.

سەرەتای کۆبوونەوەکە پاش پەسند کردنی دەستوری کار، یەکەم بڕگە لە دەستوری کاری کۆبوونەوە کە تایبەت بوو بە تێکۆشان و چالاکیی نێوان دوو کۆبوونەوەی ناوەند لەلایەن بەرپرسی دەورەیی ناوەند، عەتا ناسرسەقزی ئەندامی دەستەی کارگێری کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان پێشکەش کرا.

لەبەشێکی دیکە کۆبوونەوەکەدا پەسەندکردنی لۆگۆی پێشنیارکراوی ناوەند قسەی لەسەر کراو پاش چەندین تێبینی لایەنەکان، لۆگۆیەک وەک لۆگۆی فەرمیی ناوەندی هاوکاریی پەسەندکرا.

خاڵێکی دیکەی دەستوری کاری حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی، باسێک بوو لەسەر پێکهێنانی ناوەند یان وتەبێژ


یان نوێنەرایەتییەک لەئاستی باڵا بۆ پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لەلایەن ناوەندەوە ئەرکدار بکرێتو لەئەگەری ڕەزامەندی لایەنەکان پلاتفۆرمێکی بۆ بنوسرێتو میکانیزمی کارەکەی دیاری بکرێت.

باسێکی دیکە قسە بوو لەسەر کۆبوونەوەی کەسی یەکەمی هەر پێنج لایەن کە بەشداربووان پێیان باش بوو ئەو کۆبوونەوەی ئەنجام بدرێتو بڕیاردرا لەداهاتوویەکی نزیکدا کۆبوونەوەی کەسانی یەکەمی هەر پێنج لایەن کۆببنەوە.

باسەکانی حەوتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی پاش چەندین کاتژمێر کۆتایی پێهات.

**١١ی پووشپەڕی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢ی جولای ٢٠١٨ی زایینی**

## هەشتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو



ڕۆژی سێ شەممە ٧ی گەلاوێژی ٢٠١٨ بەرانبەر بە ١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٧ لە بارەگای ناوەندی سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران بە ئامادەبوونی نوێنەرانی سەرجەم لایەنە پێکهێنەرەکانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران پێکهاتوو لە : کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستان، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و سازمانی خەبات ی کوردستانی ئێران هەشتەمین کۆبوونەوەی ناوەند بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە بە وتەیکی بەخێرهاتن و ڕاپۆرتی کار و هەڵسووڕانی ئەو ماوەیەی پێشووی ناوەندی هاوکاریی لە لایەن سەیید کامیل نورانی فەرد بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاریی دەستی پێکرد و لە لایەن نوێنەرانی هێزە سیاسیەکانەوە، کاری ئەو ماوەیەی ناوەند خرایە بەر تێروانین و لە پێداچوونەوە بە کارەکان خەت و بەرنامەی کاری داهاتوو دارێژرا و چەند خالیک بۆ باشتر کردنی کارەکان پەسەند کران. لەبرگەیێکی تری دەستووری کاری کۆبوونەوە بۆنە و پێشهاتە سیاسیەکانی ڕۆژهەڤی ئێران و کوردستان خرایە بەرباس و لەم بەشەدا لایەنەکان بە وردی بابەتی خۆپێشاندانەکانی شارەکانی ئێران و دۆخی قەیرانـاویی ئابووری ئێران و سیاسەتی ئەمریکا لە ئاست ڕژیمی ئێران و کاریگەرییەکانی ئەو دۆخە نوێیە لە سەر بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد لە کوردستانی ئیرانیان هەڵسەنگاند و بە پشت بەستن بە گووتاری رووخان کە گووتاری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانە لەسەر نەمان و ڕۆیشتنی سیستەمی کۆماری ئیسلامی ئێران پێداگریی کرایەوە و هەموو پرۆژە بەرنامە و بەدیل سازییەکانی تر بۆ ئەو گووتارە چ لە دەرەوە و چ لە ناوخو رەد کرانەوە و پشتیوانی لە ویستی گۆڕانی بنەڕەتی و هاوخەباتی لەگەڵ نارازییان و خۆپیشاندەرانی سەرانسەری ئێران بە ئەرکی ناوەندی هاوکاریی زاندرا.

لە درێـژەی ئەو باسە پـرۆژەی کۆدار و پەژاک کە لەمـاوەی پێشوو بلاویـان کـردەوە بە پرۆژەیێکی نـاواقعی و ناتەبـا لەگەڵ ویست و داخـوازیە نەتەوەییەکـانی جـولانەوەی گەلـی کـورد دا، خوێنـدنەوەی بـۆ کـرا. هەر لەو پێوەنـدەدا بە خوێنـدنەوەی دروسـتی دۆخ و هەل ومەرجـی کوردسـتان شـرۆڤەی ئەرک و بەرنـامەی کـاری کوردسـتان و جـولانەوەکەی کـرا و ئامـادەیی و یەکریزی جولانەوەی گەلەکەمان وەبیـر هێنـدرایەوە. لەدرێـژەی ئـالوگۆری بیـرورا و قسە کـردن لە سـەر کارەکـانی داهـاتووی ناوەند رۆژی ٢٨ی گەلاوێژ کە ساڵوەگەری دەرکردنی فەرمانی جیهـادی خومەینی دژی گەلـی کـورد بـوو، وە ک رۆژی خـۆراگری نەتەوەیی و یەکێک لە لاپەرە پر شەرمەزارییەکانی دیکتاتۆریەتی تـاران و پڕ سەروەرییەکانی مێژووی خۆراگری گەلەکەمـان پێـداگری لەسـەر کـرایەوە و هێنـدێک بەرنـامە بـۆ یـادکردنەوەی ئەو بـۆنەیە خـرایە دەسـتووری کـاری داهـاتووی ناوەنـدی هاوکـارییەوە. هەر لەو کۆبـوونەوەیەدا چەنـدین تەوەر و باسـی گرینـگ و جێـی بـایەخی لایەنەکـان قسـەی لەسـەر کـرا و پێداگری لەسەر ئەسلی بە یەکەوە کـارکردن و لێک تیگەیشتن و سـازانی گشـتی کـرایەوە و لە کەشیکی دۆسـتانە کۆتـایی بە هەشتەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هێندرا.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٦ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتـاوی = ٧ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## نۆهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو



نۆهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران رۆژی شەممە ٧ی رەزبەری ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی بەرامبەر بە ٢٩ی مانگی سپتامبری ٢٠١٨ی زایینی بەڕێوەچوو. کۆبوونەوەکە سەرەتا بۆ رێزلێنان لەیادی گیانبازی سەرجەم شەهیدانی ١٧ی خەرمانان بە چەند ساتێک بێ دەنگی دەستی پێکرد، هەروەها بۆ رێزلێنان لەیادی هاوڕێی شەهید سۆهەیلا قادری ئەندامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران چەپکە گوڵێکی رێز و وەفاداری بۆیادی خۆشەویستی دانرا.

دواتر بەڕێز ساڵح شەریفی ئەندامی دەفتەری سیاسی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕ و بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە سەر کارو چالاکی ئەم دەورەیە راپۆرتێکی پێشکەشی بەشدار بووان کرد. پاش راپۆرتەکە دەستوور کاری کۆبوونەوەکە خوێندرایەوە. لە سەر چالاکییەکانی ئەم دەورەیەی ناوەندی هاوکاری هەر کام لە نوێنەرانی حیزبەکان وێڕای سپاس وماندوونەبوونی هەموو لایەنەکان لەم قۆناغە لە سەر هەر کام لە خاڵەکانی کۆبوونەوەکە ئاڵ و گۆڕی بیروڕایان کرد.

بابەتێکی دیکەی کۆبوونەوەکە هەڵسەنگاندنی کردەوە قیزەون و دژە مرۆییەکانی ئەم دواییانەی کۆماری ئیسلامی ئێران بوو بە تایبەت لە سێدارەدانی سێ بەندکراوی سیاسی کورد و هەروەها هێرش بۆ سەر بنکەی سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان و فێرگەی پێشمەرگایەتی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران کە بەداخەوە کۆمەڵێک لە سەرکردایەتی حیزبی دیموکراتی کوردستان و کادر و پێشمەرگەی ئەم دو حیزبە شەهید و بریندار بوون. تەوەرەیەکی دیکەی گرینگی کۆبوونەوەکە باس لەمانگرتنی سەرکەوتووانە و سەرتاسەرییەکەی رۆژی ٢١ی خەرمانانی کوردستانی رۆژهەڵات بوو کە لە لایەن ناوەندەوە وەک رۆژێکی مێژوویی و پڕ دەستکەوت لە خەباتی جەماوەری و سیاسی پێناسە دەکرێت و ئەو بزووتنەوە

جەماوەریە دەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو لە ئاستی هەموو ناوچەکە و میدیاکان و سەلماندنی کە بزووتنەوەی کورد زیندووە و ئامادەی هەر جۆرە شێوازێکە بۆخەباتی جەماوەری و پشتیوانی لە حیزب و لایەنە سیاسیەکان و هەروەها رۆڵە تێکۆشەرەکانی لە زیندانەکان.

لە بەشێکی دیکەی کۆبوونەوەکەدا باسی دەستبەرسەرکردن و گرتنی ئەو کەسانە کرا کە لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە هۆی بەشدارییان لە خەباتێکی مەدەنی و جەماوەری لە رۆژی ٢١ی خەرمانانـدا رەوانەی گرتوخانەکان کراون و لە ژێر لێپرسینەوەی دامودەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دان. ناوەند داواکارە لە رێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، رێکخراوی نەتەوەیەکگرتوەکان و... هتد لە هەمبەر بە هاناچوون و پاراستنی گیانی هاوڵاتیانی دەست بەسەر کراوی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانەوە بێ دەنگ نەبن و بەرامبەر بە چارەنووسیان هەڵوێستیان هەبێ و هەر وەها لە خەڵکی تێکۆشەری کوردستان دەخوازێ پشتیوانی رۆڵەکانیان بن و بەر هەر شێوازێک کە بۆیان دەکرێ بۆ ئازادی و رزگاریبەندکراوەکانی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانانی کوردستان تێبکۆشن.

تەوەرێکی دیکەی کۆبوونەوەکە رێزگرتن لەیادی شەهیدانی ژینگەپارێزی مەریوان بوو کە لە ٣ی مانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧یهەتاوی بە هۆی ئاگرکەوتنەوە لە ژینگەکانی کوردستان لە ناوچەی مەریوان بۆ پاراستنی جوانی و ژینگەی کوردستان گیانی ئازیزیان لە دەست دا، ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەیادی ئەم شەهیدانە پێشنیار دەکات کە رۆژی ٣ی خەرمانانی وەک رۆژی ژینگەپارێزی کوردستان دیاری بکرێت و وەک نەریتێکی شۆڕشگێڕانەو نیشتمانپەروەرانە ئەم رۆژە رێزی لێبگیردرێت.

نۆهەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی بە پەسەند کردنی چەند بریار لە سەر کارو ئەرکەکانی داهاتووی و بەردەوامی و چالاک کردنەوەی هەرچی زیاتری ناوەند کە چەند کاتژمێری خایاند دوای لە کەش و هەوایەکی دۆستانە کۆتایی پێهات.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

٧ی رەزبەری ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٢٩ی سپتامبری ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە Serchawe

## دەیەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەڕێوەچوو



بە میوانداری حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران دەیەمین کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران کاتژمێر ١١ی سەرلەبەیانی ڕێکەوتی ١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی پێکهات.

سەرەتای کۆبوونەوەکە خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کوردستان و کورد ڕاگەیندرا و پاشان دەستووری کاری کۆبوونەوەکە پەسندکرا.

بەڕێز کاک حەمەنەزیف قادری بەرپرسی دەورەیی ناوەندی هاوکاری باسێکی لەسەر کار و چالاکییەکانی ناوەند و هەروەها میکانیزمەکانی کارکردنی ناوەندی هاوکاری پێشکەش کرد و دواتر هەرکام لە حیزبەکانی بەشدار لە کۆبوونەوەکە وێڕای سپاس لە بەڕێوەبردنی کار و چالاکییەکانی ئەم دەورەیە پێشنیاراتی خۆیان بۆ چالاکییەکانی داهاتوو پێشکەش کرد.

لە برگەیەکی دیکەی کاری کۆبوونەوەکەدا هێڵە گشتیەکانی ناوەندی هاوکاری و پرنسیپەکان و ئامانجەکانی ناوەند خرانە بەرباس و بە تێکرای دەنگی بەشدارانی کۆبوونەوەکە پەسند کرا.

بەشێکی دیکەی کاری کۆبوونەوەی ناوەند باس لەسەر هاوکاری ئەمنییەتی لایەنەکان بوو کە پاش نەزەر و بۆچوونی بەرپرسانی دەزگا ئەمنییەتیەکانی سەربەحیزبەکانی ناوەند ، بریار و ڕاسپاردەی پێویست لەوە بارەوە بۆ میکانیزمی هاوکارییەکان پەسند کرا.

لە کۆتا باسی دەستووری کاری کۆبوونەوەی ناوەند پرۆژەی پلاتفۆرمی هاوبەشی ناوەندی هاوکاری رووبە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی خرایە بەرباس و پاش ئالووگۆری بیرورا بریاردرا لە داهاتوویەکی نیزیکدا پاش گونجاندنی نەزەری سەرجەم ئەندامان وەک پلاتفۆرمی ناوەندی هاوکاری رووبە رای گشتی و بەتایبەت ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی بڵاو بکرێتەوە.

کۆبوونەوەکە لە فەزایەکی دۆستانەدا کاتژمێر ٤ی ئێوارەی هەمان رۆژ کۆتایی پێهات.

ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٩ی سەرماوەزی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٠ی دیسامبری ٢٠١٨ زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە قەڵای دێموکرات




ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە قەڵای حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوە.

ڕۆژی چوارشەممە ١٩ی بەفرانبار کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە میواندارەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکیان بەڕێوەبرد.

لەو کۆبوونەوەیە کە لە ساڵرۆژی دامەزرانی ناوەندی هاوکاریدا پێکهاتبوو، چەند بابەتێکی پێوەندیدار بە کار و بەرنامەکانی داهاتووی ناوەند قسە و ئاڵوگۆڕی بیروڕایان لەسەر کرا. هەروەها بڕیار لەسەر چەند بەڵگەنامەیکی ناوەند لە پێوەندی لەگەڵ چۆنیەتیی ڕوانینی ناوەند بۆ هاوکاری لەگەڵ هێزەکانی دیکەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی درا.

هەر لەو کۆبوونەوەیەدا بەشداران هەرکامیان لە گۆشە نیگایەکەوە باسیان لە پێویستی و زەروورەتی هاوکاریی زیاتر هاوبەش و هەوڵدان بۆ بە کردەیی کردنی پرنسیپ و پەسندکراوەکانی ناوەندی هاوکاری کرد.

١٩ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی = ٩ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی



سەرچاوە Serchawe

## چەند چالاکی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران:

---

### یەکەمین سیمیناری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ژێرناوی "تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان" بەڕێوەچوو




ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە درێژەی هەوڵدان بۆ هاوکاریی و کاری زیاتر سیمینارێکی هاوبەشیان لە "ژێرناوی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان" بە مێوانداریەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەرێوەبرد.

رۆژی دووشەممە رێکەوتی ١٠ی بانەمەڕ لە یەکێک لە سالۆنەکانی بنکەی سەرەکیی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سیمینارێک تایبەت بەباسکردن لەسەر تیرۆر و تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی بەبەشداریی نوێنەرانی ٥ حیزبی کوردستانی ئێران و، لە ٤ پانێلی جیاجیادا بەڕێوەچوو.

سەرەتای ئەو سیمینارە بەڕێز قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەبارەت بە مەبەستەکانی ئەو سیمینارە کورتەیەکی پێشکەش کرد.

لە یەکەمین بەشی ئەو سیمینارە  هەرکام لە بەڕێزان محەممەد نەزیف قادری ئەندامی دەستەی کارگێڕی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها ساڵح شەریفی ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، دوو پانێلیان بەڕێوەبرد.

بەڕێز محەممەد نەزیف قادری سەرەتا بە باسکردن لە هەلومەرجی سیاسی و مەدەنیی کوردستان لە ئێستادا و، بە لەبەرچاو گرتنی بزاڤی نەتەوەیی - دێموکراتیکی خەڵکی کوردستان، بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ  گۆڕانکارییەکان یەکدەنگی و یەکگرتوویی حیزبەکانی بە  پێویست زانی.

بەڕێزیان لە بەشی دوویەمی قسەکانیدا  تیرۆری لە سیستەمی کۆماری ئیسلامی بە چەمکێکی هزریی لە قەڵەم دا،  کە بۆ مانەوەو درێژە پێدان بە دەسەڵاتی خۆی هەر لەسەرەتاوە باوەڕمەندانە کەڵکی لێوەرگرتووەو کوشتنی جیابیران و دژبەرانی لە سەرەتای هاتنی سەرکاری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە  تا ئێستا هەر درێژەی هەیە.

دوویەمین کۆڕگێڕی ئەو سیمینارە بەڕێز ساڵح شەریفی ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، بابەتێکی لە ژێرناوی  تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی و خەسارەکانی لە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران بەڕێوەبرد.

بەڕێزیان سەرەتای باسەکەی بە هەوڵە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی بە دژی بزووتنەوەی گەلی کورد و مەشرووعییەت بەخشێن بە تێرۆری موخالیفەکانی خۆی دەسپێکرد و لەوبارەوە  کۆمەڵێک خاڵی پیوەندیداری شی کردەوە.

بەریز ساڵح شەریفی لەو باوەڕەدا بوو کە سەرەڕای مەحکوومبوونی کۆماری ئیسلامی لەلایەن دادگا و ناوەندە نێونەتەوەییەکانەوە ئێستاشی لەگەڵ بێ  کردەوەی تیرۆریستییەکانی ئەو ڕێژیمە بەشێکە لە پیلان و سیاسەتەکانی دەوڵەتی تاران.

لە کۆتایی یەکەم پانیلی سیمیناری تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی پاش قسەکانی هەردوو کوڕگێڕ چەند کەس لە ئامادە بووان پرسیار و تێبینی خۆیانیان باس کرد و دواتر لەلایەن ئەو بەڕێزانەوە وڵامیان درایەوە.

**دوای وەرگرتنی پشوویەک سیمینارەکە لە کاتی دیاری کراوی خۆی درێژەی پێدرا.**



سەرچاوە
Serchawe

لە پانێلێکی دیکەدا هەردوو بەڕێزان کاک قادر وریا ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبوار حسێنی ئەندامی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران دوو بابەتی دیکەیان پێشکەش کرد.

بەڕێز قادر وریا لە سەر بە دۆکیۆمێنت کردن و ئاگادارکردنەوەی بیروڕای گشتیی لە تاوانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی قسەی کرد.

بەڕێزیان لەو بارەوە بە باسکردن لە گرینگی بە بەڵگە و دۆکیۆمێنت کردنی کردەوە تیرۆریستییەکان درێژی بە وتەکانی دا.

بەڕێز قادرۆریا بە وەبیرهێنانەوەی کۆمەڵێک تیرۆری تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە خاکی باشووری کوردستان بە دەستوپێوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پێوەندییەدا وتی: بەداخەوە تاوانە تیرۆریستییەکان جیالەوەی گیانی کۆمەڵێک تێکۆشەر و سەرمایەی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانی ئەستاندوە، لەسەر پێوەندی نێوان دوو بەشی کوردستانیش کاریگەریی داناوەو خەساری گەیاندوە.

بەڕێزیان لە درێژەی قسەکانیدا شێواز و نموونەکانی کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی لە خاکی باشوور و بەدژی تێکۆشەرانی دێموکراتی خستە ڕوو.

کاک قادر وریا لەسەر هۆکاری پەرەسەندنی تیرۆرەکان بە دژی تێکۆشەرانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە هەرێمی کوردستان، ئاماژەی بەچەند خاڵ دا.

لەوپێوەندییەدا بە بڵاوکردنەوەی دادتاو ڕێژی تاوانە تیرۆریستییەکان، هۆی پەرەسەندی کردەوە تیرۆریستییەکانی لە دەیەی ٩٠ی زایینیدا بۆ شەڕی نێوخۆیی و پێوەندی لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانی لە گەڵ دژبەرانی بزووتنەوەی کوردی ڕۆژهەڵات گەڕاندەوە.

لە کۆتاییدا بەڕێز قادر وریا فەرامۆش کردنی تاوانە تیرۆریستییەکان و کەمتەرخەمیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی ئێرانی لەو بارەوە بەخەسار زانی و یەکێک لە ڕێگاکانی لە بیر نەچوونەوەی ئەو تیرۆرانە و بردنەوەی سەری تێچووی دووپات نەبوونەوەیان، بەدۆکیۆمێنت کردنیان و ئاگادار کردنی بیروڕای گشتیی بەخەڵێکی گرینگ لە قەڵەم دا.

دوای قسەکانی بەڕێز قادر وریا، لە درێژەی سیمینارەکە بەڕێز ڕێبوار حسێنی ئەندامی دەفتەری سیاسیی سازمانی خەباتی



سەرچاوە
Serchawe

کوردستانی ئێران باسێکی لە ژێرناوی پێویستی زێندووکردنەوەی کەیسە تیرۆریستییەکانی دەیەی ۹۰ی زایینی بەڕێوەبرد.

بەڕێز رێبوار حسێنی لە وتەکانیدا تیرۆر و شەهید کردنی کادر و تێکۆشەران و ئەندامانی سازمان و حیزبەکانی کوردستانی ئێران ، نیشتەجێی باشووری کوردستانی بە تایبەتی لە ساڵەکانی ۱۹۹۱ی زایینی بە برینیکی قووڵ لە جەستەی تاک تاکی خەڵکی کوردستان زانی و بۆ پێشگرتن و لە قاودانی پیلانە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی چەندین پێشنیاری وەکوو کارکردن بۆ کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کەسانی تیرۆرکراو و ئاشکرا کردنی جینایەتەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامی و گەیاندنی دەنگی مافخوازانە گەلی کورد بەکۆڕ وکۆمەڵە نێونەتەوەییەکان و چەند خاڵێکی دیکەی بۆ کاری هاوبەشی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی خستەڕوو.

لە بڕگەی دیکەی کاری سیمیناری تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستاندا دوای کۆتایی هاتنی دوو پانێلی دیکە بەشێک لە بەشداربووان لە گفتگۆیەکی کراوەدا پرسیار وتێبینی خۆیانیان باس کرد.

۱۰ی بانەمەڕی ۱۳۹۷ی هەتاوی = ۳۰ی ئاوریلی ۲۰۱۸ی زایینی

## بەڕێوەچوونی سیمینارێک بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژ لە ژێرناوی "رۆژی بەرەنگاری نەتەوەیی کورد" لە لایەن ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێرانەوە



دوانیوەڕۆی ڕۆژی شەممە ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٨، ٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ساڵڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ، ڕۆژی دەرکردنی فەرمانی هێرش بۆ سەر کوردستان، سێمینارێکی تایبەتی لە هۆڵی ناوەندی بارەگای کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بەڕێوە برد.

سێمینارەکە بە خولەکێک بە بێ دەنگی وەستان بۆ ڕێز لێنان لە یادی سەرجەم شەهیدانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد دەستی پێکرد. دواتر هاوڕێ سامان ڕیشەساحیب ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی ٢٨ی گەلاوێژەوەی خوێندەوە.

دواتر سێمنیارەکە بە پێشکەشکاریی هاوڕێ فەرزین کەرباسی ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە دەستی پێکرد کە لە پێنج پانێلدا بەڕێوە چوو. **تەوەری پانێلەکانی سێمینارەکە بریتی بوون لە:**

* هۆکارەکان، دەرەنجامەکانی ئەم هێرشە بۆ سەر خەڵک و شۆڕشی کوردستانی ئێران کە لە لایەن بەڕێز محەممەد نەزیف قادری بە نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

* نەبوونی گوتاری هاوبەشی حیزبەکان بۆ دروستکردنی بەرەیەکی هاوبەشی نەتەوەیی بەرامبەر بە ڕژیم کە ئەم پانێلەش

لە لایەن بەڕێز هێمن بایەزیدپوور بە نوێنەرانەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

* بەلەبەر چاوگرتنی هەلومەرجی ئەوکاتە و ئەمڕۆی کوردستانی ئێران ئەگەری دوبارە بوونەوەی ڕووداوی وەها هەیە؟ و ڕێکاری بەرگیری لە دووپات بوونەوەی ئەم جۆر ڕووداوانە چییە؟ کە ئەم پانێلە لە لایەن بەڕێز ئیسماعیل شەڕەفی بە نوێنەرایەتی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

* چۆنییەتی دەرکردنی فەرمانی جیهاد و ڕەهەندەکانی بەردەوامی پێ بەخشینی کە لە لایەن بەڕێز کاک شۆڕش حاجییەوە بە نوێنەرایەتی سازمانی خەباتی کوردستانەوە پێشکەش کرا.

* شێواز و ئامانجی بەرەنگاربوونەوە، هەیئەتی هاوبەشی کورد لەو سەردەمەدا و پرسی دانووستان لە ئەمڕۆدا کە ئەم پانێلەش لە لایەن بەڕێز کاک ساڵح شەریفی بە نوێنەرایەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێرانەوە پێشکەش کرا.

دوای پێشکەش کردنی تەوەر و ناوەرۆکی هەر یەک لە باسەکان لە لایەن پانێلگێڕانەوە کە بەگەرمی لە لایەن بەشداربووانەوە پێشوازییان لێکرا، پشوویەک ڕاگەیەنرا و دواتر و دوابڕگەی سێمینارەکەش تەرخان کرابوو بۆ پرسیار و تێبینی و سرنجی بەشداربووان دەربارەی ناوەرۆکی باسەکان.

لەو بەشە لە سێمینارەکەش بەشدار بووان بە تێبینی و سرنج و پرسیارەکانیان باسەکانیان دەوڵەمەندتر کرد و هەر کام لە پانێلگێڕان پرسیارەکانی پەیوەست بە باسەکانی خۆیان وڵام دایەوە و دواجار سێمینارەکە لە کەش و هەوایەکی گەرم و خۆمانییانە کۆتایی پێهات.

**ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران**

**٢٧ی گەلاوێژی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٨ی ئاگۆستی ٢٠١٨ی زایینی**

## بەڕێوەچوونی خۆپێشاندانێک لە دانمارک بۆ مەحکووم کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران



ڕۆژی شەمە ڕێکەوتی ٩ی سێبتامبری ٢٠١٨ ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دانمارک بە هاوکاری هێز و لایەنە کوردستانیێکانی دیکە خۆپێشاندانێکیان لە ناوەندی شاری کۆپێنهاگ ڕێکخست، دوای هێرشی مووشەکی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و بەڕێوەچوونی حوکمی ناڕەوای لە سێدارەدانی سێ بەندکراوی سیاسی کورد لە ئێران، کوردانی دانیشتووی دانمارک لە گردبوونەوەیەکدا نارەزایەتی و بێزاری خۆیان لەو کردەوە دژە مرۆڤیانەی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی و هاوخەمی خۆیان ئاراستەی بنەماڵەی قوربانیانی ئەو جنایەتانە کرد.

خۆپێشاندانەکە بە سروودی نەتەوەیی ئەی ڕەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاک و خوێن بە ناحق ڕژاوی هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری گەل دەستی پێکرد، لە برگەی یەکەمی خۆپێشاندانەکەدا پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە کوردی و ئینگلیسی و دانمارکی لە لایەن خالیدی ڕەواندووست و حوسێن مەحموودی و یڵماز یڵدزەوە خوێندرایەوە و برگەی دووهەمی خۆپێشاندانەکەش تایبەت بوو بە خوێندنەوەی پەیامی هاوخەمی لایەنەکان و شێعر و پەخشان لە لایەن بەشداربووانەوە.

**ئەو لایەنانەی لە گردبوونەوەکەدا پەیامیان هەبوو بریتین لە:**

**پارتی دێموکراتی کوردستانی سووریە**

**ناوەندی سێکۆلاری کوردستان**
**پارتی سۆسیالیستی کوردستانی باکوور**
**حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری**
**پارتیا ماف و ئازادی باکوور**

**١٨ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ٩ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی**

---



سەرچاوە
Serchawe

## بەرێوە چوونی ئاکسیۆنێک لەوڵاتی ئاڵمان بۆ پەلاماری هەوایی و مووشەکیی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و لە سێدارەدانی بەندییە سیاسییەکان.



سەر لە نیوەرۆی دۆینێ چوارشەممە ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ کاتژمێر ١ی نیوەرۆ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە بەشداری هێزە کوردستانیەکانی نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمان لەبەر کۆنسوولگەری کۆماری ئیسلامی ئێران لە شاری هامبۆرکی ئاڵمان ئاکسیۆنێکی گەورەیان پێک هێنا.

سەرەتای ئاکسیۆنەکە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی ئەی رەقیب و دەقەییەک بێدەنگی بۆ رێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی رێگای ئازادی کوردستان دەستی پێکرد.

بەشدار بوانی ئەم ئاکسیۆنە بە وتنی درووشمەکانی دژ بە سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران رق و بێزاری خۆیان بۆ رژێمی کۆماری ئیسلامی ئێران دەربڕی.

لەم ئاکسیۆنەدا لە لایەن ئەندامانی حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بە زمانەکانی ئاڵمانی، کوردی و فارسی پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان سەبارەت بە مەحکوم کردنی پەلامارە هەوایی و مووشەکیەکەی رۆژی شەممە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ی (١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧) و لە سێداره دانی چوار بەندی سیاسی کورد لە بەندیخانەکانی ئێران، خوێندرایەو.

٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی

## بەڕێوەچوونی خۆپیشاندانێکی بەرین لە کۆپێنهاگی وڵاتی دانمارک بۆ مەحکوم کردنی جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پشتگیری لە خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان



رۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٢ی سێبتامبری ٢٠١٨ هاوکات لەگەڵ مانگرتنی سەراسەری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان بۆ نارەزایەتی دەربڕین و لەقاودانی جنایەتەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و مەحکوم کردنی ئەو کردەوە دژە مرۆڤانەی بەرامبەر گەلی کورد و رۆلە خەباتکارەکانی ئەنجام دەدرێ، لە لایەن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دانمارک و فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردێکان خۆپیشاندانێک رێکخرا و رێژەیەکی بەرچاو لە کوردستانیان تێیدا بەشدار بوون، ئەوە لە کاتێکدایە کە رۆژی شەممە ٩ی سێبتامبر هەر ئەو لایەنانە خۆپیشاندانێکی دیکەیان لە ناوەندی شاری کۆپێنهاگ ئەنجام دابوو و بریار وایە لە رۆژی شەمەی داهاتوودا پرسەیەکی هاوبەش بۆ قووربانیانی کارەساتەکەی قەڵای دێموکرات و لە سێدارەدانی بە ناحەقی چالاکانی سیاسی و مەدەنی کورد بەرێوە ببەن.

سەرەتا خۆپیشاندەران مەودایەکی یەک چارگەیان بە رێپێوان بە وتنەی درووشم دژی کۆماری ئیسلامی و بۆ پشتگیری لە شۆرشە رەواکەیان بەرەو سفارەتی کۆماری ئیسلامی لە دانمارک بڕی کە بە ئاڵای رەنگینی نیشتمان سەفی خۆیان ڕازاندبۆوە.

پاش گەیشتن بۆ بەر دەرگای سەفارەتی ئێران، لە لایەن بەرێوبەرانی خۆپیشاندانەکە بەخێرهاتنی بەشداران کرا و کوورتەیەک لە ئامانجی خۆپیشاندانەکە باس کرا و بە سروودی نەتەوەیی ئەی رەقیب و ساتێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدانی گەلەکەمان گردبوونەوەکەیان رەسمی کرد و لە یەکەم برگەی خۆپیشاندانەکە پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دانمارک و فدراسیۆنی کۆمەڵە کوردێکان بە زمانی کوردی و بە دانمارکی خوێندرایەوە.

خۆپێشاندانەکە بە وتنەوەی درووشم بە زمانی کوردی، دانمارکی، فارسی و ئینگلیسی و خوێندنی سروود و خوێندنەوەی پەیامی چەند لایەنێک بۆ ماوەیەکی زۆر درێژەی بوو تا برگەی کۆتایی کە خوێندنەوەی قەتعنامەی خۆپێشاندەران و حیزب و لایەنە سیاسی و کۆمەلایەتێکان و کەسایەتێ سەربەخۆکانی بەشدار لە خۆپێشاندانەکە بوو و بە زمانی کوردی و بە زمانی ئینگلیسی روو لە کۆڕ و کۆمەڵە مرۆڤ دۆستەکان و دەوڵەتانی خاوەن هەڵوێست خوێندرایەوە.

خۆپێشاندانەکە بە زایەڵەی دەنگی "یەکگرتن - سەرکەوتنەی" بەشداربوان و بە خوێندنەوەی سروودی ئەی شەهیدان کۆتایی پێ هات.

**ئەو لایەنانەی پەیامیان خوێندەوە و برووسکەیان ناردبوو بریتینە لە:**

**یەکیەتی ژنانی دێموکراتی کوردستان**
**حیزبی شیوعی کوردستان**
**رەوەندی کورد لە دانمارک**
**یەکیەتی ژنانی رۆژئاوای کوردستان**
**رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران(کۆمەڵە).**

**٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی**

## خۆپیشاندانی کوردانی ڤانکۆڤێری کانادا بۆ ریسوا کردنی هێرشی موشەکی ڕژیمی ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەی دەفتەری سیاسی ح د ک




ڕۆژی دوو شەممە ڕێکەوتی ١٠ی سیپتامبری ٢٠١٨ی زایینی لە لایەن حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ڕەوەندی کورد لە ڤانکۆڤێری کانادا لە کات ژمێر ١٢ی نیوەڕۆ خۆپێشاندنێک دژ بە هێرشی جنایەتکارانەی موشکی ڕێژیمی ترۆریستی ئێران بۆ سەر دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بنکە و بارەگاکانی حدک و حدکا لە قوڵای باشوری کوردستان کە بە داخەوە بوە هوێی شەهید بوونی ١٣ کەس لە ئەندامانی سەرکردایەتی و کادر و پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەر وەها شەهید بوونی دوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران و لە هەمان ڕۆژ دا لە سێدارە دانی سێ زیندانی سیاسی کورد بە دەستی جنایەتکارنی ڕێژیمی ترۆریستی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و مەحکوم کردنی جنایەتەکانی ڕێژیمی ترۆریستی ئێران دژ بە گەلی کورد، لە ئارت گالەری ناوندی شاری ڤانکۆڤێری کانادا ڕێکخرا.

سەرەتای خۆپێشاندانەکە وێڕای بە خێر هێنانی بەشدار بووانی خۆپێشاندان لە لایەن حەمید بەهرامی بە سروودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و ڕاگرتنی دەقەیەک بێ دەنگی بۆ ڕێز گرتن لە گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێکرد .دواتر پەیامێک لەو پێوەندیە دا کە لە لایەن ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئامادە کرابوو بە زمانی کوردی لەلایەن ئەنوەر کەریمی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکڕتی کوردستان خوێندرایەوە. دواتر پەیامێک بە زمانی ئینگلیسی لە لایەن سمایل ئیبراهیمی بەرپرسی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێران خوێندرایەوە.

و هەروەها گوتنەوەی چەندین دروشم بە زمانی ئینگلیسی دژ بە ڕێژیمی ترۆریستی ئێران بەشێکی دیکەی بەرنامەکە بوو.

دوای بەشداری بەرچاوی کوردستانیان کانادا لەو خۆپیێشاندانە دا کات ژمێر ٢ی دوانیوەڕۆ کۆتایی بە خۆپیێشاندانەکە هات.

١٩ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٠ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی

---



سەرچاوە
Serchawe

## بەڕێوە چوونی ئاکسیۆن لەبەر دەم کۆنسولگەری ئامریکا لە شاری فرانکفۆرت



پێنج شەممە ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ ئەندامان و لایەنگرانی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە کوردستانییەکانی نیشتەجێی وڵاتی ئاڵمان بۆ مەحکوم کردنی هێرشە مووشەکیەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و مەحکوم کردنی لەسێدارە دانی زیندانیانی سیاسی لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە، لە بەر دەم کۆنسولگەری ئامریکا لە شاری فرانکفۆرتی ئاڵمان ئاکسیونێکی گەورەیان پێک هێنا.

سەرەتای ئاکسیۆنەکە بە خوێندنەوەی سروودی نەتەوایەتی ئەر ڕەقیب و وتنی درووشمی ڕق و بێزاری لەمەڕ سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەرحەق بە نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەستی پێکرد.

لەم ئاکسیۆنە دا کاک ژیلوان حەسەن بە نوێنەرایەتی لە ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بە زمانی ئاڵمانی کە بۆ مەحکوم کردنی هێرشە مووشەکییەکەی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سێدارە دانی بەندییە سیاسیەکان نووسرابوو، خوێندەوە

لە بەشێکی تری ئاکسیۆنەکەدا کاک خالید حەسەن پوور ئەندامی ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستان بەخێر هاتنی بەشداربووان کراو لە کورتە وتارێک دا ئاماژەی بە شکەستی سیاسەتە سەرکوتکەرەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران کرد لە بەرانبەر مانگرتنە مێژووییەکەی ٢١ خەرمانانی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان.

لە بەشێکی دیکە ئاکسیۆنەکە بەرپرسی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆمیتەی ئاڵمان کاک سوڵتان گوڵاوی بە زمانی ئاڵمانی وتارێکی بۆ لەقاودانی سیاسەتە دژە مرۆییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەشداربووان خوێندەوە.

## دەقی پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

**هەر وەک ئاگادارن**

رۆژی ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵ (٨ی سپیتامبری ٢٠١٨) رێژیمی جەنایەتکاری کۆماری ئیسلامی لاپەڕەیەکی رەشی دیکەی خستە سەر مێژووی پڕ لە تاوان و دڕندەیی خۆی بەرامبەر بە گەلی کورد.

لە بەرەبەیانی ئەو شەوەدا کە جەللادەکانی ئەو رێژیمە٣ بەنکراوی سیاسی کورد بە ناوەکانی زانیار و لوقمان مرادی و رامین حوسینپەناهییان لە سێدارە دا، لە هەمان کاتیشدا سوپای پاسداران بنکەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیان لە نزیک شاری کۆیە دایە بەر هێرشی مووشەکی.

لە ئاکامی هێرشی مووشەکیی سوپای پاسداران، ١٥ کەس لە ئەندامانی رێبەری و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و، دوو کەس لە پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران شەهید بوون. نزیکەی ٤٠ کەس لە تێکۆشەران و بنەماڵەکانی کوردی رۆژهەڵات بە هۆی ئەو هێرشە مووشەکییە، بریندار بوون کە بە داخەوە بارودۆخی ژمارەیەکیان ناجێگیرە.

لەو پەیوەندییەدا هاوکاری هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان، بە پشتیوانی و هاوخەباتی ئێوە تێکۆشەران و ئازادیخوازان هەڵدەستێت بە بەڕێوەبردنی ئاکسۆنیک لە بەردم کنسوڵ گەری ئەمریکا لە شاری فرانکفورت.

## لە درێژەدا قەتعنامەی هاوبەشی هێزە سیاسیەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان پێشکەش دەکرێت.

## قەتعنامە

ئێمە نوێنەرانی حیزب و رێکخراوەکان و کەسە بێلایەنەکانی بەشدار لە م خۆپیشاندانە دا ویستەکانمان بە شێوەی خوارەوە پەسند دەکەین وداوا لە دامەزراوەکانی جیهانیی بەرگری لە مافی مرۆڤ، دەوڵەتە دێموکرات و پێشکەوتوەکان ،حیزب و

ڕێکخراوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان و دامەزراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین لە پێناوی وەدی هاتنی ئەو خاڵانە دا پشتیوان و یارمەتیدەرمان بن

١- جەنایەت و کردوە تیروریستیەکانی حکومەتی کۆماری ئیسلامی ئێران بە توندی مەحکوم بکەن، سەبارەت بە موشەکبارانی پلینۆمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و بنکەی فێرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان ئێران لە ڕۆژی ٨ - ٩ - ٢٠١٨ دا لە دەوری کۆیە کە شارێکی کوردستانی عێڕاقە و لە ژێر سیادەی سیاسی حکومەتی عێڕاق دایە. وەهەروەها داواکارین لێکۆڵینەوە لە سەر دۆسیەی ئێعدامی بە کۆمەڵی بەند کراوانی سیاسی لە ئێران و بە تایبەتی لە کوردستان بکەن.

٢- داوا لە سازمانی نەتەوە یەکگرتوەکان دەکەین لە هەمبەر ئەو تاوان و ڕەشەکوژیانە کەلەم ئاکسیۆنەدا هەرکام لە لایەنەکانی:

کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
پارتی دێموکراتی ڕۆژاوای کوردستان
پارتی شپێلەی ڕۆژاوای کوردستان
پارتی ئازادی کوردستان پاک، پەیامەکانیان خوێندەوە.

شایانی باسە پەیامی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەزمانی ئینگلیسی و کوردی خوێندرایەوە.

ئاکسیۆنەکە کاتژمێر ١١ی نیوەڕۆ دەستی پێکرد و کاتژمێر ١ی نیوەڕۆ بە دانان و وتنەوەی سروودی شۆڕشگێری کۆتایی پێهات.

٢٢ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٣ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe

## خۆنیشاندن بۆ دژایەتی تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێران




ڕۆژی چوارشەممە، ڕێکەوتی ١٢ی سێپتەمبری ٢٠١٨، بەرانبەر بە ٢١ی خەرمانان، لەسەر داوای ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، خۆنیشاندانێک لەبەردەم وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆ پشتیوانی لە خەباتی رزگاریخوازانەی کوردستان بەڕێوە چوو کە تێیدا وێڕای بێزاری دەربڕین لە مووشەکباران کردنی بنکەکانی حیزبی دێموکرات لە شاری کۆیە، کە تێیدا ١٧ تێکۆشەری دێموکڕات و لە نێویان دا ئەندامانی ڕێبەری شەهید بوون و پتر لە ٤٠ کەسیش برینداربوو. هاوکات خۆنیشاندەران لە داردانی سێ بەندکراوی بێتاوانی کورد کە ڕۆژی ١٧ی خەرمانان لە لایەن رێژیمی پەت و سێدارەوە لە دار دران، مەحکووم کرد.

خۆنیشاندەران، بە وتنەوەی دروشم و بەرزکردنەوەی ئاڵای کوردستان و وێنەی شەهیدانی مووشەکبارانی بنکەکانی دێموکرات لەکۆیەو گیراوە سیاسی و پێشمەرگە ئێعدام کراوەکانی ١٧ی خەرمانان، تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ئێرانیان مەحکووم کردو هاوکات رێزیان لە یادو بیرەوەری شەهیدان بە گشتیی و نوێترین شەهیدانی کوردو کوردستان گرت و پەیمانیان نوێ کردەوە کە تاکوو وەدیهاتنی ئامانجی ئەو شەهیدانە، درێژەدەری رێگاو رێبازیان دەبن.

خۆنیشاندەران بە وتنەوەی دروشم بە زمانەکانی ئینگلیسی، فارسی و کوردی و هەروەها سرودی شۆرشگێری پشتیوانی خۆیان بۆ خەباتی پێشمەرگە دووپات کردەوەو تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامیان مەحکووم کرد.

خۆنیشاندەران، داوای هاوکاری ئەمریکان بۆ گۆڕینی رژێم لە ئێران کردو پێیان وابوو تاکوو کۆماری ئیسلامی هەبێ ئاشتی و

سەقامگیری لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست نایەتە دی.

لە درێژەی ئەو بەرنامەدا، کامران باڵنور بە نوێنەرایەتی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی کوردستانی ئێران، بڕیارنامەی خۆنیشاندەرانی خوێندەوە کە تێیدا داوا لە ئەمریکا کرابوو لە هەمبەر دەستێوەردانەکانی ئێران لە کاروباری نێوچەکە کاردانەوەی جیددتری هەبێ. دواتر ئەو بڕیارنامەیە رادەستی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کرا.

لە بڕگەیەکی دیکەی بەرنامەکەدا، رەحیم رەشیدی لەسەر مانگرتنی سەراسەری خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستان قسەی کردو وێرای سپاس و پێزانینی خۆنیشاندەران بۆ ئەوان، وتی کە پەیام و داوای خەڵکی کوردستان یەکریزی و یەکگرتوویی پتری حیزبە سیاسییەکان وو کاری هاوبەشی ئەوانەچووێنکەدوژمن بە یەک چاو هەمووان دەبینێ.

شیاوی باسە کە، وێرای نوێنەرانی حیزبە سیاسییەکانی چوارپارچەی کوردستان، کۆمەڵێک لە ئازادیخوازانی نەتەوەکانی ئێران و چالاکانی مافی مرۆڤ و راگەیەنەرە کوردی و بیانییەکان ئامادەی خۆنیشاندانەکە بوون.

شیاوی باسە کە بڕیارە ناوەندی هاوکاری رۆژی یەکشەممەش کۆڕیادی شەهیدانی هەشتی سپتەمبەر بەڕێوەببات و لەسەر لە قاودانی تیرۆریزمی ئێران بەردەوام بێ.

**٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ی هەتاوی = ١٢ی سێپتامبری ٢٠١٨ی زایینی**

## ڕاگەیەندراوی ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی یەک ساڵەی دامەزرانیەوە

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties.
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

**خەڵکی خەباتگێڕ و وەزاڵەهاتووی کوردستان!**
**هێز و لایەنە سیاسیەکانی کوردستانی و ئێرانی!**

ماوەی چل ساڵە کۆماری ئیسلامیی ئێران شەڕێکی بێپسانەوەی لە هەموو بوارەکاندا (سیاسی، نیزامی، ئەمنییەتی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگی) بەسەر گەلی کورد لە کوردستانی ئێراندا سەپاندووە. ڕێژیم بۆ سەرکەوتنی خۆی لەو شەڕەدا و سەرکوتی گەلی کورد لە هەموو کەرەستە و ئامرازێکی توندوتیژ کەڵکی وەرگرتووە و لە ڕێگای دامودەزگاکانی داپلۆسێنەری هەوڵی داوە هەموو کەلێن و کەلەبەرەکانی ژیانی خەڵکی کوردستان بخاتە ژێر چاوەدێریی خۆی، بەڵام لە ماوەی ئەو چل ساڵەدا خەڵکی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا شەڕەکە نابەرامبەر بووە، کەچی بە هەموو توانای خۆیەوە بەربەرەکانیی ئەو ڕێژیمەی کردووە و لەسەر خەبات و مافخوازیی خۆی سوور بووە. لەو بەربەرەکانییە لەگەڵ دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا حیزبە سیاسییەکانی کوردستانی ئێران لە ڕێگای هێزی پێشمەرگە و تەشکیلاتی نێوخۆی وڵات و هەروەها بە پشتیوانی و ئەرکوەخۆگریی خەڵکی نیشتمانپەرەور و چالاکانی سیاسیی کورد لە کوردستانی ئێران بە گژ سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامیدا چوونەوە و لەو ڕێگەیەدا بە هەزاران پێشمەرگە و ئەندامی حیزبەکان و خەڵکی سڤیل و مەدەنیی کوردستان شەهید بوون و خوێنیان بەناحەق ڕژاوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو بەربەرەکانی و قوربانیدانە هەموو کات هەست بە بۆشایی ئەوە کراوە کە جووڵانەوەی گەلی کورد



سەرچاوە
Serchawe

لە کوردستانی ئێران لە دیفاع و بەربەرەکانی بە دژی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی یەکدەست و یەک بەرنامە نییە و ئەوە خاڵێکی لاوازی جووڵانەوەی بەرحەقی گەلی کوردە. لەگەڵ ئەوەدا لە ساڵانی رابردوودا هەوڵی ئەوە دراوە لە رێگای کۆبوونەوەی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دەوری پلاتفۆرمێک کە نوێنەرایەتیی زۆربەی خەڵکی کوردستان بکا، بەرەیەک یا هاوپەیمانیییەک پێکبێ و ئەو بۆشایییە لە خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی پڕ بکاتەوە، بەڵام بە هۆکاری جۆراوجۆر نەتوانراوە ئەو هاوپەیمانیییە پێکبێ. دیارە حیزبەکانی مەیدانی خەباتی کوردستانی ئێران هەر کام بۆ خۆیان لەو ئامانجە کە پێکهێنانی هاوپەیمانیییەکی کارا بێ غافڵ نەبوون و کاریان بۆ کردووە، هەتا ئەوەی کە لە ڕۆژی ١٩ی بەفرانبار ساڵی ١٣٩٦ هەتاوی (٩ی ژانویەی ٢٠١٨ ی زایینی) دوای چەند کۆبوونەوەی دوو قۆڵی و چەند قۆڵی بڕیاری پێکهێنانی ناوەندێک بە مەبەستی ڕێکخستنی هاوکاریی نێوان حیزبەکان درا ولە ڕۆژی ٣٠ی بەفرانباری ساڵی ١٣٩٦ی هەتاوی ئەو ناوەندە بوونی خۆی ڕاگەیاند و بەڕەسمی دەستی بە کارەکانی کرد.

ئێستا ساڵێک بەسەر پێکهێنانی ئەو ناوەندە ڕادەبرێ و لە ماوەی ئەو یەک ساڵەدا ناوەند هەوڵی داوە پردی پێوەندیی نێوان حیزبەکانی کوردستانی ئێران بێ و کاروتێکۆشانی شوێندانەری لەسەر چوونە پێشێی خەباتی حەقخوازانەی کوردستانی ئێران هەبێ.

**دەکرێ لە چەند لاوە گرینگیی ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هەڵبسەنگێنین:**

**یەکەم**: ئەو ناوەندە لە هەلومەرجێکدا پێکهات کە تەشکیلاتی ئاشکرا و ڕێبەریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە هۆی وەزعی سیاسیی ناوچەکە ماویەکی زەمەنیی زۆرە هەتا ڕادەیەکی بەرچاو مەیدانی خەباتیان لێ تەنگەبەر بۆتەوە و ڕۆژ بە ڕۆژیش بە هۆی سیاسەتی پاوانخوازیی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا ئەو بەرتەسکبوونەوە هەستی پێدەکرێ و لەولاشەوە ڕەنگە لە بەر گەلێک هۆکار هیچ کام لە حیزبەکان بە تەنیا نەیانتوانیبێ بە گژ سیاست و پلان و پیلانەکانی کۆماری ئیسلامیدا بچنەوە.

**دووهەم**: پێویستیی وەها ناوەندێک لە هەلومەرجێکدا بوو کە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتی دژە خەڵکی لە نێوخۆی ئێران و سیاسەتی دوژمنکارانەی دەرحەق بە وڵاتانی دراوسێی لە ڕێی هەناردەکردنی شۆرشی ئیسلامی و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆی ئەو وڵاتانە بووەتە مۆتەکەیەک بەسەر شانی گەلانی ئێران و نەزمی جیهانی. لە نێوخۆی ئێراندا نارەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لەم دوو ساڵەدا زیاتر پەرەی سەندووە بە چەشنێک کە لەو نارەزایەتییانەدا دروشمەکانی خەڵکی وەزاڵە هاتووی ئێران خەتە سوورەکانی نیزامی کۆماری ئیسلامیی بەزاندووە و "مەرگ بۆ ڕێبەر" و "ڕووخێ کۆماری ئیسلامی" لە هەموو خۆپێشاندانەکاندا دەبیسترێ. دوای ساڵێک تێپەربوون لەو خۆپێشاندان و



سەرچاوە
Serchawe

نارەزایەتییانەی گەلانی ئێران دەبینین باردۆخەکە لە زیانی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و لە بەرژەوەندیی گەلانی ئێران دایە و رۆژ بە رۆژ چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی ئێران وەک، کرێکاران، خوێندکاران، ژنان، مامۆستایان، و خەڵکی ئاسایی بۆ وەدەستهێنانی مافەکانیان دێنە سەر شەقام و بە دروشمدان دژ بە دەسەڵات نارەزایەتیی خۆیان دەردەبرن.

جیا لە نارەزایەتیی گەلانی ئێران خودی رژێمیش لە نێوخۆیدا تووشی قەیران بووە و لە یەک ساڵی رابردوودا باڵەکانی نێو رێژێم زیاتر لە هەموو کاتێک رووبەرووی یەک بوونەتەوە و کار وکردەوە قێزەونەکانیان کە لەماوەی چل ساڵی رابردوودا لەگەڵ گەلانی ئێران و سامانی ئەو وڵاتە کردوویانە لە یەکتری لەقاو دەدەن. سەرباری ئەو وەزعە نالەبارەی نێوخۆی ئێران، سیاسەتی پەرەپێدانی دەسەڵاتداری و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی وڵاتانی ناوچەکە و سووربوون لەسەر دەستراگەیشتن بە چەکی کۆمەڵکوژ و پابەند نەبوون بە پەیماننامە و رێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ، ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی خستووەتە تەنگژەیەکی گەورە کە رەنگە ئەمجارەیان وا بە ئاسانی نەتوانێ لێی دەرباز ببێ. لەوەها هەلومەرجێکدا بۆ بە ئاکامگەیاندنی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستان پێویستی بە یەکیەتی و هاوپەیمانییەکی کوردستانی زیاتر لە رابردوو خۆ دەنوێنێ.

لە سەر ئەو ئەساسە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا توانیویەتی گەلێک کۆسپ لەسەر رێگای خۆی لابداو بەپەسندکردنی پێرەوی نیوخۆو هێلە گشتیەکان و هەڵوێستگرتن لە بەرامبەر ئەو رووداوانەی لەئێران بە گشتی و کوردستانی ئێران بە تایبەتی روو دەدەن - بۆ نموونە، وەک بانگەوازی یارمەتیدانی خەڵکی بۆمەلەرزەلێدراوی ناوچەی کرماشان، نارەزایەتیدەربرین لەسەر ئیعدامە سیاسییەکان، کوشتنی کۆڵبەران و کردەوە تیرۆریستیەکانی کۆماری ئیسلامی و... - خۆی وەک کارەکتەرێکی گۆرەپانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی لە کوردستانی ئێران نیشان بدا و ببێتە جیگای ئومێدی دڵسۆزانی یەکیەتی و یەکگرتوویی حیزبەکانی کوردستانی ئێران.

لووتکەی ئەم خەمخۆری و بە دەنگەوەهاتنەی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانی ئەمساڵ تەنیا دوای سێ رۆژ لە مووشکبارانی بنکەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هاوکات ئیعدامی شەش چالاکی سیاسی لە زیندانەکانی رەجایی شاری تاران، میاندواو و شنۆ بە روونی بۆ دۆست و دوژمن دەرکەوت کە دوای چل ساڵ سیاسەتی سەرکوتی بەردەوامی خەڵکی کوردستان لە لایەن دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی و هەوڵی دابراندنی خەڵک و حیزبەکان، خەڵک بە مانگرتنێکی سەراسەری خاوەنداریەتییان لە حیزب و رۆڵەکانی خۆیان کرد و نیشانیان دا ئەگەر لە نێو حیزبەکانی گۆرەپانی خەباتدا یەکگرتوویی هەبێ، خەڵک یار و پشتیوانی ئەو حیزبانە دەبن.

لە ساڵرۆژی دامەزرانی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران خوازیارین کە حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ئێران

کە بەرنامە و پرۆگرامی خۆیان لە چوارچێوەی هێڵە گشتییەکانی ئەو ناوەندەدا دەبینن بۆ بەهێزکردنی ناوەند و بەرەو پێکهێنانی بەرەیەکی بەهێز و بەتوانا پەیوست بە ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ببن. لە هەمان کاتدا ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان دەستی هاوکاری بۆ هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییانەی ئۆپۆزیسیونی کۆماری ئیسلامی درێژ دەکا کە بە کردەوە باوەڕیان بە دێموکراسی و فرەنەتەوەیی ئێران هەیە و دان بە مافی نەتەوەکان لە داهاتووی ئێران و سیستمی بەڕێوەبردنی وڵات لە ئێرانی داهاتوودا دەنێن.

**ئێمە هیواخوازین بە هاوکاریی هەموو لایەک هەوڵ بدەین کە سیستمێکی کۆماری، دێموکرات و فیدراڵ ببێتە جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی و هەموو گەلانی ئێران لە ژێر ستەم و چەوسانەوەی ئەو ڕێژیمە ڕزگارییان بێ.**

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

١٩ی بەفرانباری ١٣٩٧ی هەتاوی = ٩ی ژانویەی ٢٠١٩ی زایینی

---






سمیناری ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی لە هەرێمی کوردستان
شوێن: بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان
ڕۆژ: دووشەممە 30ی ئاپریلی 2018







سەرچاوە
Serchawe



ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
Cooperation Center of Iranian Kurdistan's Political Parties
مرکز همکاری احزاب کردستان ایران

کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: ڕەحمان نەقشی

بەفرانباری ٢٧١٨ی کوردی = جانێوێری ٢٠١٩ی زایینی



سەرچاوە
Serchawe